حكومەتی هەرێمی كوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانكۆی سەلاحەددین/ هەولێر

# زمان و یاسا كۆمەڵایەتییەكان

( لێكۆڵینەوەیەكی زمانەوانیی كۆمەڵایەتییە )

پێشكەشی ئەنجومەنی كۆلێژی زمان – بەشی كوردی زانكۆی سەلاحەددین كراوە، وەكو بەشێك لە پێداویستیەكانی بەدەست هێنانی پلەی ماستەر لە زمانی كوردیدا

لە لایەن
**بەهار زایر محمد**
(بەكالۆریوس لە زمانی كوردی كۆلێژی ئادابی زانكۆی سەلاحەددین)
(2002-2001)

سەرپەرشت
د.عەبدولواحید موشیر دزەیی

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

ئازاری 2009ز رەبیعی ئەوەلی 1430ھ نەورۆزی
2709ك

ئەم نامەیە بە چاودێری من لە زانکۆی سەلاحەددین /هەولێر ئامادە کراوە و بەشێکە لە پێداویستیەکانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردی دا.

ناو : د.عبد الواحد مشیر دزەیی
ڕێکـــــــــەوت: / /
2009

بە پێی ئەو پێشنیازە ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

ناو : د. ابراهیم عزیز ابراهیم
سەرۆکی بەشی زمانی کوردی
ڕێکەوت: / / 2009

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

ئێمە ئەندامانی لێژنەی تاوتوێ کردن و هەڵسەنگاندن ئەم نامەیەمان خوێندەوە و لەگەڵ قوتابییەکە دا کفتوگۆمان لەسەرکرد دەربارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی تری و بڕیارمان دا کە شایانی ئەوەیە بە پلەی (          ) بڕوانامەی ماستەری لە زمانی کوردی پێ بدرێ.

ناو: پ. د. محمد معروف فتاح
سەرۆکی لێژنە
ڕیکەوت: / / 2009

ناو: پ.ی.د. محمد فاروق عمر
ئەندام
ڕیکەوت: / / 2009

ناو: پ.ی د. قیس کاکل توفیق
ئەندام
ڕێکەوت: / / 2009

ناو: د. عبد الواحد مشیر دزەیی
ئەندام و سەرپەرشت
ڕێکەوت: / / 2009

لە لایەن ئەنجومەنی کۆلێژی زمانەوە پەسند کرا.

ناو: پ.ی.د. نەوزاد حسن خۆشناو
ڕاگری کۆلێژ
مێژوو: / / 2009

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

# ناوەرۆک

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی | 1 |
| **بەشی یەکەم : زمان و کۆمەڵگا** | |
| زمانەوانی کۆمەڵایەتی | 5 |
| زمان وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی | 6 |
| کاریگەری کۆمەڵگا لەسەر زمان | 9 |
| وەرگرتنی ڕەوشتی کۆمەڵایەتی | 12 |
| **بەشی دووەم: زمان و بیرکردنەوەی کۆمەڵگا** | |
| زمان و بیر | 16 |
| کاریگەری زمان لەسەر بیر | 19 |
| کاریگەری بیر لە سەر زمان | 20 |
| بیرکردنەوەی کۆمەڵگا | 22 |
| بیرکردنەوەی کۆمەڵگای کوردی. | 24 |
| 1- بەرامبەر کات | 27 |
| 2- بەرامبەر ئافرەت | 28 |
| 3- بەرامبەر بە کار | 30 |
| 4- بەر امبەر ئایین | 30 |
| 5- بەرامبەر نەتەوە | 31 |
| 6- بەرامبەرخزمایەتی | 31 |
| 7- بەرامبەرئاشتی | 31 |
| جۆرەکانی بیرکردنەوە | 32 |
| 1-بیرکردنەوەی ئەفسانەیی | 32 |
| 2-بیرکردنەوەی ئایینی | 34 |
| 3-بیرکردنەوەی فەلسەفی | 36 |
| 4-بیرکردنەوەی زانستی | 38 |
| **بەشی سێیەم : یاسا زمان و کۆمەڵایەتییەکان** | |
| زمان و یاسا | 46 |
| یاسا دەنگیەکان | 48 |



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

| | |
|---|---|
| 55 | **یاسا مۆرفۆلۆژییەکان** |
| 57 | **یاسا سینتاکسیەکان** |
| 60 | **یاسا سیمانتیکییەکان** |
| 65 | **یاسا پڕاگماتیکیەکان** |
| 69 | **یاسا کۆمەلآیەتیەکان** |
| 72 | 1- **یاسای ڕێزگرتن** |
| 74 | 2- **یاسای ڕەچاوکردنی بیروباوەڕی ئایینی** |
| 74 | 3- **یاسای ڕەچاو کردنی بۆنەی کۆمەلآیەتی** |
| 74 | 4- **یاسای ڕەچاوکردنی تەمەن** |
| 75 | 5- **یاسای ڕەچاو کردنی ڕەگەز** |
| 75 | 6- **یاسای ڕەچاوکردنی توێژی کۆمەلآیەتی** |
| 75 | 7- **یاسای ڕەچاوکردنی تابووەکان** |
| 75 | 8- **یاسای ڕەچاوکردنی دەوروبەری قسەکردن و کاتی واتایی** |
| 75 | 9- **یاسای ڕەچاو کردنی مەرجی کردە قسەییەکان** |
| 76 | **جێبەجێ کردن و جێبەجێ نەکردنی یاساکان.** |
| 76 | **یەکەم : جێبەجێ کردنی یاساکان** |
| 77 | **دووەم : جێبەجی نەکردنی یاساکان** |
| 77 | 1- **ئەو کەسانەی کە کوردن و بەزمانی کوردی دەدوێن وئاسایین** |
| 77 | **ا-  یاسا کۆمەلآیەتیەکان جێبەجێ نەکات** |
| 78 | **ب- یاسا زمانیەکان جێبەجێ نەکات** |
| 79 | 2- **ئەو کەسانەی کە زمانی کوردی زمانی دووەمیانە** |
| 81 | 3- **ئەوکەسانەی نەخۆشی گووتن یان گرفتی دەرونیان هەیە** |
| 82 | **ا- ئەو کەسانەی کە نەخۆشی گوتنیان هەیە** |
| 82 | **ب- ئەوکەسانەی کە گرفتی دەروونییان هەیە** |
| 85 | **ئە نجامەکان** |
| 87 | **پاشکۆی گووتنەکان** |
| 92 | **سەرچاوەکان** |
| 101 | **ملخص البحث** |
| 103 | **چکیدە** |
| 104 | Abstract |


Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

## فەرهەنگی زاراوەکان

## ئینگلیزی -کوردی

| ئینگلیزی | کوردی |
|---|---|
| code | کۆد |
| communication | پەیوەندی کردن |
| concept | چەمك |
| context | سیاق -دەوروبەر |
| culture | کەلتوور |
| culture context | دەوروبەری کەلتووری |
| emotional context | سیاقی سۆزداری |
| inference | بەلگە هێنانەوە |
| linguistic behavior | ڕەوشتی زمانی |
| thought and language | زمان و بیر |
| lexical meaning | واتای فەرهەنگی |
| linguistic context | سیاقی زمانی |
| marked | نیشانەکراو |
| norms | پێوەر |
| patriarchy | باوك سالاری |
| philosophical thought | بیرکردنەوەی فەلسەفی |
| punishment | سزادان |
| rules of speaking | یاساکانی قسە کردن |
| rationalism | ئەقلانیەت |
| scientist Theory | بیرکردنەوەی زانستی |
| situation context | سیاقی دۆخ |
| semantic clash | پێکدادانی واتایی |
| semantic redundancy | هەلئاوسانی واتایی |
| socio linguistic | زمانەوانی کۆمەلایەتی |
| socio context | دەوروربەری کۆمەلایەتی |

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

| | |
|---|---|
| socio thought | بیر کرندنەوەی کۆمەلآیەتی |
| socialization | ڕەوشتی کۆمەلآیەتی |
| speaker | قسەکەر |
| submission | چونە ژێر ڕکێف( ملکەچ بوون ) |
| universals grammar | ڕێزمانی گشتی |
| unmarked | نیشانە نەکراو |

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

# پێشەکی

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

## 1- ناونیشانی باسەکە:

## (زمان و یاسا کۆمەڵایەتییەکان)ە

که هەوڵ دەدات کاریگەریەکانی کۆمەڵگا لەسەر زمان دیاری بکات ، باس لە کۆمەڵگا دەکات کە چۆن بە هەموو جۆرێك زمان دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە وبەشێوەیەك هەر لادانێك لە یاسا زمانی و کۆمەڵایەتیەکان لە کاتی قسەکردندا ڕوو بدات لە لایەن کۆمەڵگاوە ڕەت دەکرێتەوە.

## 2- سنووری باسەکە:

لێکۆڵینەوەکە لە سنوری زانستی زمانەوانی کۆمەڵایەتی ئەنجام دراوە لە کاریگەریەکانی کۆمەڵگا لە سەر زمان دەکۆڵێتەوە.سەرەتا تیشك خراوەتە سەر لایەنی تیۆری ئەم زانستە ، پاشان هەوڵدراوە چۆنیەتی بیر کردنەوەی کۆمەڵگا دیاری بکرێت بۆ ئەوەی لە ڕێگایەوە یاسا کۆمەڵایەتیەکان دیاری بکرێت پاشان بەسەر زمانی کوردیدا پیادە کراون.

## 3- کەرەستەی باسەکە:

لێکۆڵینەوەکە بە کەرەستەی زمانی کوردی(زاری ناوەڕاست) ە بۆ نموونەکان پشت بە پەندی پێشینان بەستراوە . هەروها لە هەندێ لە نموونەکانی جێبەجێ نەکردنی یاساکان سود لە قسەکردنی کەسێك کە بەزمانی دووەم قسە دەکات وەرگیراوە لە گەڵ چەند کەسێك کە گرفتی دەرونیان هەیە .

## 4- گرنگی باسەکە:

ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەیە خەریکە لە زمانی کوردیدا گرنگی پێ دەدرێت .بابەتەکە گرنگی خۆی هەیە لە بەر ئەوەی باس لە کاریگەری کۆمەڵگا دەکات لە سەر زمان توانیویەتی لە یەك کاتدا باس لە زمانی کوردی و کۆمەڵگای کوردیش بکات کەچۆن کاریگەری بەسەر زمانەکەیەوە هەیە. هەر لەو ڕێگایەشەوە بیر کردنەوەی کۆمەڵگای کوردیش باسکراوە کە بە بێ ئەمانە ناتوانرێت بە تەوای شارەزایی تەواومان دەربارەی هیچ زمانێك هەبێت، بۆیە ئەگەر کەسێك بیەوێت فێری زمانی کوردی بێت دەبێت شارەزای ئەم یاسایانەش بێت.



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

## 5- ڕێبازی باسەکە:

لەم نامەیە پەیڕەوی (پەسنیی شیکاری )گیراوەتە بەر. یاساکان لە ناو واقیعی کۆمەڵگاوە وەرگیراوە.

## 6- هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:

هۆکاری سەرەکی بۆ هەڵبژاردنی

ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ:

1- کەمی لێکۆڵینەوە لە سنوری زمانەوانی کۆمەلأیەتی دا.

2- هیچ سەرچاوەیەکی کوردی بە ڕاستەوخۆیی باسی یاسا کۆمەلأیەتیەکان ناکەن لە زماندا بە شێوەیەك کە باس لە پاداشت و سزاکانی کۆمەڵگا بکات بۆ قسەکەر لە کاتی جێبەجێکردن و جێبەجێنە کردنی یاساکاندا.

## 7- ناوەڕۆکی باسەکە :

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە پێشەکی و سێ بەش پێك هاتووە لە گەڵ ئەنجام و پاشکۆی گووتنەکان .

بەشی یەکەم باسی زمانەوانی کۆمەلأیەتی کراوە و زمان بە دیاردەیەکی کۆمەلأیەتی دادەنێت و کاریگەریەکانی کۆمەڵگا لە سەر زمان دیار دەکات و لە کۆتایی ئەم بەشەدا باس لە وەرگرتنی ڕەوشتی کۆمەلأیەتی دەکا کە چۆن تاك دەتوانێت لە ڕێیەوە ببێتە تاکێك لە کۆمەڵگاکەی.

لە بەشی دووەم دا باس لەپەیوەندی زمان بە بیرەوە کراوە کە چۆن هەردووکیان پەیوەندیان بە یەکەوە هەیەو بە بێ هەریەکیان پرۆسەی بیرکردنەوەو قسەکردن سەر کەوتوونابێت . هەروەها باس لە بیرکردنەوەی کۆمەلأیەتی کراوە کە چۆن بیرکردنەوەی تاك هەر لە کۆمەڵگاکەیەوە سەرچاوە دەگرێت، هەر لە وێدا باس لە بیرکردنەوەی کۆمەڵگای کوردی کراوە بۆ نموونەکان پشت بە پەندە کوردیەکان بەستراوە لە ڕێگایانەوە باسی بیرکردنەوەی کۆمەڵگای کوردی کراوە بەرامبەر هەندێ چەمك.هەروەها جۆرەکانیبیرکردنەوە دیاری کراوە( ئەفسانەیی- ئاینی- فەلسەفی-زانستی).



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

لە بەشی سێیەمدا باسی پەیوەندی زمان کراوە بە یاساوە پاشان یاسا(فۆنۆلۆژی- مۆرفۆلۆژی-سینتاکس- سیمانتیکی- پراگماتیکی) یەکان دەست نیشان کراوە لە پاشان باسی یاسا کۆمەڵایەتیەکان کراوە ، لە کۆتاییدا باسی جێبەجێ کردن و جێبەجێنەکردنی یاساکان کراوە کە چۆن لە کۆمەڵگادا تاک توشی پاداشت و سزا دەبێت.



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

# بەشی یەکەم:
# زمان و کۆمەڵگا

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

## زمانەوانی کۆمەڵایەتی:

زمانەوانی بە شێوەیەکی بە تین بە زانستە کۆمەڵایەتیەکانەوە بەستراوە . بەشێك لە لێکۆڵینەوەکانی زمانەوانی لە ڕێگای کۆمەڵناسیەوە ئەنجام دەدرێت و ئەم بەشەی زمانەوانی پێی دەوترێت(زمانەوانی کۆمەڵایەتی) کە هەوڵ دەدات پەیوەندی نێوان زمان و ژیانی کۆمەڵایەتی دیاری بکات و کاریگەریەکانی ئەو ژیانە کۆمەڵایەتیە لە سەر دیاردە زمانیەکان بخاتە ڕوو.

ئەم زانستە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا پەرەیسەند، کاتێك زمانەوانان سەرنجی ئەو توێژینەوانەیان دا کە قوتابخانەی کۆمەڵایەتی فەرەنسی خەریکی بوو کە ( دورکایم) دامەزرێنەریەتی و زۆر لە زمانەوانان لە فەرەنسا – ئەڵمانیا– ئینگلتەرا– سویسرا–دانیمارك – و گەلێك لە مامۆستایانی زانکۆ لە ئەوروپا وئەمریکاش چونە پاڵیان. ( د. حاتم صالح الضامن: 1989: 36).

لەم لایەنەوە زانایان هەوڵیانداوە بگەنە ئەو یاساو ڕێنماییانەی کە باس لە بەکارهێنانی کارەکی زمان دەکەن لە کۆمەڵگادا( هۆگرمحمود فرج: 2006: 14).

دیاردە کۆمەڵایەتیەکان کە کۆمەڵناسی(sociology) لێکۆڵینەوەی لە سەر دەکات چەندین سیفەتی هەیە لە وانە:(علی عبدالواحد الواف:1951 : 2)

1– بە چەند یاسایەك دەنوێنرێت کە تاکەکانی کۆمەڵگایەکی دیاری کراو بەشداری تێدا دەکەن و دەیکەنە بنچینەیەك بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی کۆمەڵایەتیان هەروەها پەیوەندیەکانیان پێکەوە گرێ دەدات .

2– دەسکردی تاکێك نییە، بەڵکو سروشتی کۆمەڵگایەك دروستی دەکات و خۆی دەخزێنێتە نێو ژیانی کۆمەڵگاکەوە .

3– دەرچوون لەو یاسایانە سزای بە دواوە دەبێت، جا سزاکە ماددی بێت یان کۆمەڵایەتی ، گوێی لێ ناگیرێت یان گاڵتەی پێ دەکرێت وبە گێل سەیردەکرێت......

ئەم سێ سیفەتە لە زمانیشدا بە دی دەکرێت:

زمان لە هەموو کۆمەڵگایەکدا سیستمێکی گشتییە تاکەکانی کۆمەڵگاکە لە بە کارهێنانیدا هاوبەشن، هەروەها دەستکردی تاکێك نییە بەڵکو سروشتی کۆمەڵگاکە



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

دروستی دەکات و لە ژیانی ئەو کۆمەڵگایەوە سەرچاوە دەگرێت ، هەروەها زمان یەکێکە لەو دیاردانەی هەموو تاکێك ناچارە بچێتەژێر رکێفی سیستمەکانیەوە هەر دەرچوونێکیش لێی لە لایەن کۆمەڵگاوە پێشی لێ دەگرێت و دەگەڕێندرێتەوە بۆ بارە ئاساییەکەی ، بۆ نموونە کاتێك کەسێك وشەیەك یان دەستە واژەیەك بە هەڵەیی دەربرێت یان لەو سیستم و یاسایانە دەرچێت کە زمانەکە چوار چێوەی بۆ داناوە توشی گاڵتە پێ کردن دەبێتەوە یان بە گێل و نەزان ناو دەبرێت.( علی عبد الواحد واڤ : 1951: ¾ )

## زمان وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی :

زمان هۆکارێکی گرنگی پەیوەندی کردنەو لە چوارچێوەی کۆمەڵگادا کاری پێ دەکرێت ، زۆر لەزانایان زمانیان وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی داناوەو لە وچوارچێوەیدا سەیری زمانیان کردووەو توێژینەوەیان لەسەرکردووە لەوانە :

***ئەرەستۆ*** (284– 322 پ.ز) پێیوابوو زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە و دەنگەکانی هێمای زاراوەیین و هیچ پەیوەندیەکی سروشتی و ڕاستەو خۆیان بە واتاکانەوە نییە.(نایف خرما: 1978: 96).

هەروەها ئەرەستۆ پێی وابوو مرۆڤ زیاتر لە هەنگ و هەر ئاژەڵێکی تری ماڵی، بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی شیاوە و لە بەر ئەوەی مرۆڤ هەست بە ئازار و خۆشیەکان دەکات هەربۆیە سروشت دەنگی پێ بەخشیوە تاکو ئەم هەستانە دەربڕێت. (د. زواوی بغورە: 2005: 17).

***ئیبن خەلدوون*** (808ھ) پێیوایە زمان هۆیەکە بۆ دەربڕین و مەلەکەیەکی مرۆییە و لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت وهەروەها پێیوایە مرۆڤ لە ژینگەکەیەوە فێری زمان دەبێت. (نادیة رمضان : 2004: 14) .

لە (مقدمە ) دا دەڵێت (( قسەکەر بە زمانی عەرەبی گوێی لەزمانی سەردەمەکەی دەبێت و چۆنیەتی دەربڕین و قسەکردن لەئەوانەوە فێر دەبێت. منداڵ بەکارهێنانی وشەکان و واتاکانیان لە ژینگەکەیەوە وەردەگرێت ، پاشان پێکهاتەکانیشی وەر دەگرێت و بە بەردەوامی بەکاری دەهێنێت تا دەبێتە توانا (مەلەکە) یەك لە لای و دەبێتە یەکێك لە وان)) ( عبدالرحمن بن خلدون : 2006: 277) .



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

***فێردینـاند دی سۆسـێر*** (1857–1913) بـه دامەزرێنـەری قوتابخانـەی کۆمەڵایـەتی لـه زمانـدا دادەنرێت. لـه ڕابردوو و ئێستاشدا کاریگەریـەکی زۆری بـه سـەر لێکۆڵینـەوە زمانیەکانـەوە هەیـە. سۆسێر پێیوایـە زمـان دیاردەیەکـە وەك هـەر دیاردەیەکی تری کۆمەڵایەتی وبگرە ڕێکخستنی کۆمەڵگای مرۆیی بە هۆی زمانـەوە دەکرێت ، هەروەها سۆسێر دەڵێت: زمان ئەرکێکی مرۆییە، مرۆڤ تـەنیا لـە سروشـدا لـە دایك نابێـت بـەڵکو لـە کۆمەڵگایەکدا لـە دایك دەبێـت و بـە پێـی کـەلتووری ئـەو کۆمەڵگایە ڕفتـار دەکات و ئەگـەر لـەو کۆمەڵگایـە دور خرێتـەوە دەتوانێـت بڕوات و بەسـەر دار دا هەڵگـژێت و خـواردن بـۆ خـۆی پەیـدا بکـات ، بـەڵام فێـری قسـەکردن نابێت چونکە کەس نییە فێری بکات لەبەر ئەوەی زمان چالاکیەکی مرۆییە تەنیا لە ژینگەی مرۆییدا گەشە دەکات. (محیی الدین عبد الرحمن وتوق: 1998 :36)

***مالینۆفسکی*** لـه سـاڵی (1920)دا تیـۆرێکی دانـا بـه نـاوی (تیـۆری ئـەنتۆلۆژی زمانەوانی ). بەگشتی ئەم تیۆرە باسی لێکۆڵینەوە لـە زمـان دەکـات لـە چوارچێوەی ژیانی کۆمەڵایەتی دا و پێناسەی زمان بەوە دەکات کە لە زنجیرەیەك چالاکی مرۆیی ڕێکخراو پێکهاتووە و ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە زمان تەنیا هۆیەك بێت بۆ دەربڕین و گەیانـدن، بـەڵکو بـە ڕای ئـەو زمـان هۆیەکـە بـۆ ڕێکخسـتنی هەڵسـوکەوتی مـرۆڤ و بەشێکە لە ڕەوشتی کۆمەڵایەتی و ئەوەبە پێویست دەزانێت لێکۆڵینەوە لە زمان بە لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکانەوە ببەسترێتەوە و زاراوەکان بە پێـی سیاقی کۆمەڵایەتی شی بکرێنەوە.( محمد حافض دیاب:؟: 14/13) .

گەڕانەوە و گرنگیدان بە لایەنی کۆمەڵایەتی لە زماندا بەشێکی زۆری بۆ کارەکانی مالینۆفسکی دەگەڕێتەوە کاتێك لێکۆڵینەوەی لە سەر هەندێ لە هۆزە سەرەتاییەکان کرد کە ناوی نان کۆمەڵگای (بەرایی) و جەختی لـە سـەر ئـەوە کـردەوە کـە ناشـێت لێکۆڵینەوە لە سەر ئەم خێڵانە بکرێت ئەگەر زمانی ئەم کۆمەڵانە نەزانرێت. (ابراهیم سامرائی: 1981: 144).

لـه سییەکانی سـەدەی بیستەمدا ***قوتابخانـەی مارکسـی*** سـەری هەڵـدا ، کـەپێیان وایە زمان دیاردەیەکی چینایەتی کۆمەڵایەتییە .(نیکۆلای مار) یەکێکە لە دیـارترین ڕابـەرانی ئـەم قوتابخانەیـە و زمـان بـە سـەرخانی کۆمەڵایـەتی دادەنێـت و پێیوایـە



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

ناکرێت باس لە گەشە کردنی زمان بکرێت دوور لە گەشەو گۆڕان لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئابووری چینەکانی کۆمەڵدا . دواتر ستالین پێچەوانەی (مار) بیردەکاتەوەو پێی وایە کە زمان بەرهەمی ماوەیەکی دیاری کراو نییە بەڵکو ڕێرەوی سەرجەم مێژووی مرۆڤایەتی یەو ژێرخانی چەندین سەدەی کۆمەڵەو دروست کراوی چینێکی دیاری کراو نییە ، بەڵکو هی هەموو کۆمەڵە بە هەموو چینەکانیەوە، بەرهەمی سەدان نەوەیەو پێویستیەکانی هەموو کۆمەڵ پڕدەکاتەوە نەك هی چینێکی دیاری کراو.(هێمن شمس : 2006: 21).

**جۆن فێرث** (1890–1960) فێرث لە ژێر کاریگەر مالینۆفسکی دا بوو. ڕاکانی لە سەر ژینگەی قسەکردن بونیاد نا، پاشان پەرەی بەم بیروبۆچوونانە دا تا وای لێهات وتی ژینگەی قسەکردن لە چەند پەیوەندیەکی نێوان تاکەکان پێکهاتووە کە ڕۆڵێکی لە کۆمەڵگادا هەیە ، فێرث سوورە لە سەر ئەوەی کە زمان بە شێکە لە کۆمەڵگا یان بە شێوەیەك لە شێوەکانی ژیانی مرۆڤایەتی دادەنێت نەك تەنیا چەند هێمایەکی لە خۆوە بن ، هەروەها لێکۆڵینەوە لە پێکهاتەکانی کۆمەڵگا بە کێشە کۆمەڵایەتیەکانەوە دەبەستێتەوە و بەڕای ئەو واتاکانی زمان لە ڕێگای بەکارهێنانەکانی لە کۆمەڵگادا دەردەکەوێت .(میشال زکریا: 1983: 282).

کەواتە لێرە دا دەردەکەوێت زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە ومرۆڤ لە ئەو ژینگەیەی کە لێی دەژێت وەری دەگرێت ودەچێتە ژێر ڕکێفی ئەو ژینگەیەشەوە ، بەنەمانی ئەو کۆمەڵگایەش ئەو لە ناو دەچێت ، چونکە ئەو ئامێری پەیوەندی کردنە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگادا و تەنانەت شوێنەواری زمان درێژ دەبێتەوە نێو هەموو دیاردە شارستانیەکانی تر ، چونکە ئەوەی دەوترێت و دەکرێت بۆ ئەوەیە کەسانی دی لێی تێبگەن و پەیوەندی لە نێوانیان دا دروست بێت.



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

## کاریگەری کۆمەڵگا لە سەر زمان:

هەموو زمانێك بونیادێکی تایبەتی هەیە، ئایا ئەم بونیادە بە کۆمەڵگای قسەپێکەرانی کاریگەرە ؟ بەلاّم ئایا جیاوازی زمان وشارستانیەتەکان نیشانەی دواکەوتویی وپێشکەوتویی زمانەکەن ؟ بونیادی کۆمەلاّیەتی لە پێشکەوتن دایە ئایا زمانیش لە گەڵ ئەم کاروانە دا دەڕوات؟ ئەی ئەم کاریگەریە لە زماندا ڕەنگ دەداتەوە؟ ئەی لایەنە کۆمەلاّیەتیەکان چۆن کار لە زمان دەکەن ؟ گۆڕانکاریەکان چی لەگەڵ خۆیان بۆ زمان دەهێنن ؟ ژیانی سیاسی و ئابووری و ئایینی.... چۆن کار لە زمان دەکات؟

گرنگیدان بە کۆمەڵ و پەیوەندی کۆمەلاّیەتی لە چوارچێوەی زماندا بە شتێکی زۆر ئاساییە لە بەر ئەوەی پەیوەندیەکی زۆر بە تین لە نێوان زمان و کۆمەڵدا هەیە وەك لەم خالآنەی خوارەوەدا بۆمان دەردەکەوێت:( محمد معروف فتاح: 1986: 114)

1- مرۆڤ بە هۆی زمانەوە دەتوانێت لە ناو کۆمەڵ دا بمێنێتەوە. زمان چالاکیەکی کۆمەلاّیەتییە زیاتر لەوەی هۆیەك بێت بۆ هەست دەربڕین و زانیاری گەیاندن ، لە زۆر باردا زمان تەنها بۆ گەیاندنی زانیاری و هەواڵگەیاندن نایەت بەڵکو بۆجێ خۆشکردن و خۆ بردنە پێش وخۆسەپاندن و شوێن گرتنە لە نێوڕیزەکانی خەڵکی دا. بەڵگەمان بۆ ئەمە دەیان فۆرمێلایە(وەك ((چاکی؟))((چۆنی؟)) ((ڕۆژباش؟)) کە لە ژیانی مرۆڤدا بە دەیان جار دووبارە دەبێتەوە بۆ ڕازی کردنی خەڵك.

2- زمان هەویەی کۆمەلاّیەتی قسەکەردیاری دەکات هەر بەهۆی زمانەوە دەتوانین بڕیار بدەین ، قسەکەر خەڵکی کوێیە، لەچ بارێکی دەروونی دا دەژی؟ ، هەستی بەرامبەر بابەتی قسەکەر و گوێگر و دەوروبەری چییە، سەربە چ چینێکە و ڕادەی خوێندەواری چەندە.

3- زمان مرۆڤ و دەورو بەری بە یەکتر دەگەیەنێت و لە هەمان کاتیشدا ڕەنگ دانەوەیەکی ئەوبارە کۆمەلاّیەتی یە کە قسەکەرانی تێدا دەژین.

(ئەنتوان مییە) پێی وایە پێویستە لەگەڵ دیاری کردنی بونیادی هەر کۆمەڵگایەك بونیادە زمانیەکەشی دیاری بکرێت هەروەها بە پێویستی دەزانێت ئەوە دیاری



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

**کرێت کەچۆن گۆڕان لە بونیادە کۆمەڵایەتیەکان دەبێتە هۆی گۆڕان لە بونیادی زماندا**.(محمود سعران: 1963: 62).

**زمانەوانی نوێ، جیاوازی لە نێوان زمانی سەرەتایی و زمانی پێشکەوتوو دا ناکات بەڕای ئەو هەموویان ڕەنگدانەوەی واقیعی کۆمەڵایەتی و شارستانیەتی ئەو کۆمەڵگایەن و بۆ نموونە زۆری زاراوە زانستیەکان لە زمانە ئەوروپیەکاندا ڕەنگ دانەوەی شارستانیەتی زانستی یە لە زمانە ئەوروپیەکاندا بۆ دەربڕینی شارستانیەتەکەیان ، هەرچی نەبوونی ئەم زاراوانەیە لە زمانەکانی دی واتای دوا کەوتویی ئەو زمانانە نادات و وا لە قسەپێکەرانی ناکات بە دواکەوتوو و سەرەتایی سەیر کرێن ، زمان تەنیا ئاوێنەی واقیعە و ڕەنگە لای ئەو میلەتانە چەندان وشە هەبن کە لە لای زمانە ئەوروپیەکان دەست نەکەون ئەم وشەو زاراوانە تەنیا دەرخەری لایەنی کۆمەڵایەتی و مرۆیی ئەم کۆمەڵگایانەن و لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان دەست ناکەون**. (مصطفى لطفي :؟:35 ).

**شارستانیەت و نۆرم و بیر و باوەڕ و لایەنە عەقڵیەکان و پلەی رۆشنبیری و چۆنیەتی ڕوانینی خەڵك بۆ ژیان ولایەنە کۆمەڵایەتییە گشتییەکان و ...هتد کاریگەری لە سەر زمان دادەنێن**. (علی عبدالواحد الواق : 1951 : 9) .

**هەموو ئەمانە لە شێوەکانی دەربڕیندا دەردەکەون و شێوەیەکی تایبەتی پێدەبەخشن، ڕەنگە ئەمە لە نێو یەك میللەتدا دەرکەوێت بێ ئەوەی خۆمان بە دەرچوون و گەڕان ماندووبکەین، بۆ نموونە دەبینین کۆچەرەکانی وڵاتێکی دیاری کراو بیرکردنەوەی زمانی و کەلتووری خۆیان هەیە کە ڕەوشتە زمانیەکەیان دیاری دەکات و هەندێك نیشانە لە زمانەکەیان هەیە کە وەك کۆمەڵگایەکی بچووك جیای دەکاتەوە لە کۆمەڵگایەکی تر کە گوندنشینە و کەلتوور و نۆرم و سیمای تایبەتی خۆیان هەیە**.(ابراهيم السامرائی: 1971: 31).

**کە دەڵێین کاریگەری باسی کاریگەریەکی ڕاستەوخۆ دەکەین، چونکە هەموو گۆڕان کاری و دیاردە زمانیەکان لە ژێر کاریگەری ژیانی کۆمەڵگا دان . بۆ نموونە کۆمەڵگایەکی دیاری کراو بە ویستی خۆی هەندێ وشەو زاراوەی نوێ دەخاتە نێو زمانەکەیەوە بە پێی ئەو بارودۆخەی کە تێیدایە ، هەرچەندە مرۆڤ داهێنانی زیاتر**



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

بكات پێویستی زیاتری به وشەو زاراوەی نویٚ دەبێت، ڕەنگه هزری مرۆڤ نەتوانێت ئەو وشانه داهێنێت یان له وشه کۆنەکانەوه دایڕێژێت ، ئەو کاته ناچار دەبێت له زمانێکی ترەوه وەری گرێت .

بەم پێیه بێت وشه به دەوروبەرەکەیەوه بەستراوەتەوه ئەگەر زمان نەیتوانی دەربڕی دەوروبەرەکەی بێت له ناو دەچێت ، هەروەها ڕەنگه کۆمەڵگا دەست بەرداری چەندان وشەو دەربڕین بێت چونکه شۆڕشه کۆمەڵایەتیەکان و به تایبەتی فیکریەکان وا دەکات دیدی مرۆڤ بۆ شتەکان بگۆڕێت و ئەو چەمکانەی که ڕۆژێك بڕوای پیٚ بووه بیان گۆڕێت.(هادى النهر : 1988 : 116).

بۆ دیاری کردنی ئامانج وڕەهەندەکانی کاریگەری لایەنی کۆمەڵایەتی هەندیٚ له زمانەوانان پێیان وایه مرۆڤ که له کۆمەڵگادا بژیت پێویستی به ڕۆڵی جیا جیا هەیه هەروەها پێویستی به هەڵوێستی جۆراو جۆر هەیه . بۆ نموونه (فێرث) پێی وایەئەو شێوازەی که باوك له گەڵ مندالەکەی به کاری دەهێنێت جیاوازه لەو شێوازەی هەر ئەو باوکه لەگەڵ ئەو کەسانەی که کاریان لەتەکدا دەکات به کاریان دەهێنێت ، بەم شێوەیه فێرث پێیوایه کاری لێکۆڵینەوەی زمانی گەڕانه به دوای هەڵوێستەکانی ژیانی مرۆڤ بۆ زانینی جیاوازی شێواز به پێی ئەو هەڵوێستانه . هەروەها فێرث له مەش دورتر دەڕوات و زمان به شێوەیەکی زۆر بەتین به کۆمەڵگاوه دەبەستێتەوه ، کاتێك قسەکردنی کەسێك له گەڵ کەسێکی تردا به هەڵوێسته کۆمەڵایەتیه جۆڕاو جۆرەکانەوه دەبەستێت به پێی ئەو شێوازەی که دەیگرێته بەر و ئەو وشانەی که هەڵی دەبژێرێت .(مصطفى لطفي: ؟: 47).

ئاشکرایه ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و خزمایەتی بنچینەی پەیوەندییه کۆمەڵایەتی مرۆیی یەکانه ، ئەم دەزگا کۆمەڵایەتیه به بیٚ زمان بەڕێوه ناچێت، هەرتاکێکی خزمیش به پێی سیستمێکی خزمایەتی به یەکەوه دەبەسترێتەوه و به هۆی زاراوەی تایبەتی خۆیەوه نیشانەی بۆ دەکرێت جا به پێی ئەم زاراوه خزمایەتیانه وسیستمی ڕەوشتی پێیانەوه که به هۆی زمانەوه دەگوازرێتەوه نزیك بوونەوەی کۆمەڵایەتی و پێکەوه بونیان شتێکی مەحاڵ دەبێت .(روى –سى– هجمان : 178). هەر ئەم وشەو زاراوانه به پێی سیستمی کۆمەڵایەتی دابەش دەکرێت، بۆ



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

نموونە ئەو کۆمەڵگایانەی بە یەك چاو سەیری خزمی دایك و باوك دەکەن بۆ خاڵ و مام یەك وشەیان داناوە هەروەك لە زمانی ئینگلیزیدا(uncle) هەروەها کوڕی خاڵ و کوڕی مامیش هەر یەك وشەی بۆ دادەنێن(cousin)، بە هەمان شێوەش کچی خاڵ و کچی مام (cousinly)،هەرچی لەو کۆمەڵگیانەی کە جیاوازی دەخەنە نێو ئەم خزمانەوە وشەکانیان بە پێی خزمی دایك و باوك داڕشتوەە (مام، خاڵ، ئامۆزا ، خاڵۆزا....) .(علی عبدالواحد الواق:1951: 12).

زمان کاریگەری جیاوازی چینەکانی پێوە دەردەکوێت ماریۆ پای دەڵێت((دیارە زمان بەپێی چینی قسە پێکەرانی دەگۆڕێت.)) ( حاتم صالح ضامن: 1989: 38) لەبەرئەوەی جیاوازی چینەکان لە جیاوازی کۆمەڵایەتی و ئابوری و کەلتوور و.....هتد دروست دەبێت کە ئەمانەش هەمووکار لە زمان دەکەن و وا دەکەن شێوازی چینێك لەچینێکی ترجیاواز بێت فندرس دەڵێت ((سەر بزێوەکان (اشقیاء) زمانێکی بازاڕی تایبەت بە خۆیان هەیە دەڵێت تا کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە ڕێکخراوێك لە لای ئێمە هەبوو هی سەر بزێوەکان بوو ئەوان زمانێکی تایبەتیان هەبوو هەر کەسێکیش ئەندام بووایە لەو ڕێکخراوە بۆی نەبوو زمانێکی تر بەکاربێنێت)). (هەمان سەرچاوە: 38).

هەموو کۆمەڵگایەك هەمیشە هەندێك زاراوەو وشەی تایبەت بە ناشیاو دادەنێت، ئەم وشەو زاراوانە پێیان دەوترێت (تابوو) جا زۆرجار وشەو زاراوەی تر لە جێگای دادەنێن یان هەندێك وشەی تر لە پاڵ وشە ناشیاوەکە دەوترێت.(محمود سعران: 1963 :129) . ئەمانەش هەموویان دەچنە ناو یاسا کۆمەڵایەتیەکانەوە لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ یەکێکی تر گۆڕانی بەسەر دادێت و پێویستیشە ئەو تاکەی لە ئەو کۆمەڵگایەدا دەژیت پا بەند بێت پێیەوە .

زانایان پێیانوایە نەشیاو بوونی ئەم زاراوانە خراپی زۆری هەیە چونکە کاتێك کۆمەڵگا هەندێ وشە دوور دەخاتەوە کە زۆر ئاسایین وەك (کۆ ئەندامی زاوزێ یان میز کردن...) هێندە دووری دەخاتەوە تا وای لێدەکات بە شێوەیەکی خراپ لە کۆمەڵگادا سەیر کرێن لە گەڵ ئەوەی ئەوانە چەند وشەیەکی ئاسایین و لە چەند دەنگێکی بێ گوناە پێك هاتوون (نایف خرما: 1978: 245).



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

## وەرگرتنی ڕەوشتی کۆمەڵایەتی :

دەتوانین پێناسەی وەرگرتنی ڕەوشتی کۆمەڵایەتی بەم شێوەی خوارەوە بکەین (( کردەیەکی دەروونی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی بەردەوامە لە لەدایك بوونەوە تاکو مردن ، لە سەر کارلێك کردنی کۆمەڵایەتی بەندە ، مەبەستی ڕاهێنانی تاکە لەسەر وەرگرتنی توانای خۆ گونجاندنی دەروونی و کۆمەڵایەتی لەگەڵ تاکەکانی کۆمەلگاکەیدا لە ڕێگای وەرگرتنی ئەو پێوەرە کۆمەڵایەتیانەی کە لە کۆمەڵگاکەیدا هەیە)).(احمد عبدالطيف وحيد : 2001: 173).

کەواتە کردەی وەرگرتنی ڕەوشتی کۆمەڵایەتی ئەوەیە کە تاك فێرکرێت چۆن ببێت بە ئەندامێك لە خێزان و کۆمەڵگاکەی و نەتەوەکەی ، ئەم کردەیە هەر لە لەدایك بوونی تاکەوە دەست پێدەکات و لە گەڵ تەمەن و زەمەنیدا گەشە دەکات ، تاکو ئەو کاتەی تاك هەڵس و کەوتی وەك تاکەکانی تری کۆمەڵگاکەی دلێدێت بە واتایەکی تر کردەیەکە بونەوەرێکی بایەلۆژی(منداڵ) لە لەدایك بوونیەوە دەکاتە بوونـــەوەرێکی کۆمەڵایـــەتی و وای لێـــدەکات منداڵەکـــە ڕەوشـــتەکانی وەك و ڕەوشتەکانی تری خێزانەکەی پاشان کۆمەڵگاکەی لێبکات .

ئەم کارلێك کردنە لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر دەگۆڕێت ، بەم پێیەش کارلێك کردنەکە شێوەی جیا جیا دەگرێتە خۆی بەپێی شێوە جیاجیاکانی تێگەیشتنی کۆمەڵگاکان ، چونکە ڕەوشتی مرۆیی بە چەمکەکانی مرۆڤەکان و کۆمەڵگاوەبەندە، ڕەنگە ئەو شتەی لە کۆمەڵگایەك شیاو بێت لە کۆمەڵگایەکی تر ناشیاو بێت هەروەها ڕەنگە لە هەمان کۆمەڵگادا لە کاتێکی دیاری کراودا شتێك شیاو بێت لە کاتێکی تردا ناشیاو بێت.

لەمەوە دەردەکەوێت کارلێك کردن یەکێکە لە سیفەتە بنەڕەتیەکانی کۆمەڵگا لە بەرئەوەی مرۆڤ پێکەوە کۆدەبنەوە هەر بۆیە دەبێت لەم کۆبوونەوەیە کارلێك کردن ڕوودات و پەیوەندی دروست بێت لە ئەنجامی ئەم کارلێك کردنەوە. (ابراهيم الخطيب، نبيل عبد الهادي: 2001: 70).

گواستنەوەی کەلتوور لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر لە ڕێگای زمانەوە دەبێت، واتا زمان ئامرازی ئامادەکردنی نەوەی نوێیە بۆ وەرگرتنی ڕەوشتی کۆمەڵایەتی و



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

منداڵ دەکاتە بوونەوەرێکی کامڵ و ئامادەکراو بۆ چوونە ناو کۆمەڵگا . ڕوون وئاشکرایە کە هەموو لایەنەکانی کەلتوور لە ڕێگای زمانەوە دەگوازرێنەوە زۆرجاریش وتراوە کە پێشکەوتنی توانستی زمان لای مرۆڤ بۆتە هۆی پەرەسەندنی مرۆڤ و وای کردووە مرۆڤ لە ڕووی بایەلۆژیەوە پێش بکەوێت و ئەمەش وای کردووە عەقڵی مرۆڤیش پێش بکەوێت .(د.هدسن :1987: 172).

لە لایەکی تریشەوە ئەگەر ئێمە بمانەوێت بچینە ناو ناخی نەتەوەیەکەوە زمان کلیلێکە بۆ کردنەوەی دەرگاکانی کەلتوور و بیرکردنەوە و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانیان ،چونکە مرۆڤەکان بە هۆی زمانەوە پەیوەندی بە جیهانەوە دەکەن و کار و ئامانجەکانی بونیاد دەنێت لێرەوە مرۆڤ بە شێوەی جیاجیا ڕاستیەکان دەبینن بە هەمان شێوەش بە شێوەی جیاجیا بە هۆی زمانەوە دەری دەبڕن .(جمعه سید یوسف : 1990: 32).

بۆنمونە لە هۆزی (فونجا) لە ئەفریقا پرسیار کردن نیشانەی هێز و خۆ بەزلزانی یە، بۆیە قوتابی بۆی نییە پرسیار لە مامۆستا بکات، ئەمە وا دەکات قوتابیەکان بێ پرسیار کردن وانەکانیان بخوێنن.(د.هدسن: 1987 : 174).

جا ئەگەر چالاکی زمانی گرنگترین هۆکاری بەیەك بەستنەوەمان بێت ئەوا پێشکەوتنی زمانی لای منداڵ لە سێ ساڵی سەرەتای تەمەنیدا گرنگیەکی زۆری هەیە بۆ وەرگرتنی ئەندامێتی لە و کۆمەڵگایەی کەتێیدا دەژێت ، شێوازە ڕەوشتی یان کۆمەڵایەتیەکانی خۆی بە هۆی زمانەوە دەردەبڕدرێت وخۆی دەنوێنێت لە ڕێگای قسەکردن و گوێگرتن لە دەورو بە رەکەی دەرك بە شتەکان دەکات.



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

# بەشی دووەم:
# زمان و بیرکردنەوەی کۆمەڵگا

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

## زمان و بیر:

پەیوەندی زمان بە بیرەوە پرسیاری زۆر دروست کردوە و زۆر لە زانا و توێژەرانی بە خۆیەوە خەریك کردووە لێکۆڵینەوەیان لەسەر کردووە. بۆ نموونە پرسیار دەکرێت ئایا ئێمە پێویستمان بە زمان هەیە بۆ ئەوەی بیر بکەینەوە ؟ ئایا توانستی زمانی و بیر بە شێوەی جیا جیا پێ دەگەن ، یان پێکەوە بەستراون ؟ کامیان پشت بە کامیان دەبەستێت ؟ ئەی پەیوەندیان بە یەکەوە چۆنە ؟ ئایا دەکرێت بە بێ بیرکردنەوە زمانمان هەبێت ؟ئەی کامیان کاریگەری بە سەر ئەوی تریانەوە هەیە؟

زمان لە چوارچێوەی ژینگە زمانیەکەدا بیرۆکەکان دەردەخات و ئەرکی خۆی لە کۆمەڵگایەکی دیاری کراو بە جێ دەهێنێت ، هەر میللەتێکیش زمانی خۆی هەیە کە شتەکانی خۆی پێ دەردەبڕێت ، ئەڵمانیەك بە ئەڵمانی قسە دەکات و لەگەڵ کۆمەڵگاکەی خۆی دا خۆی دەگونجێنێت کوردێکیش بە کوردی قسە دەکات بۆ ئەوەی لەگەڵ ژینگەو تاکەکانی کۆمەڵگاکەی خۆی بگونجێنێت ، بەم شێوەیە زمان لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت شێوەی بیرکردنەوەش لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ یەکێکی دی دەگۆڕێت .

سەرەتا پەیوەندی زمان بە بیرەوە چەند ڕایەکی دروست کردووە لەوانە:

هەندێك پێیانوایە کە (ڕەوشت گەراکان) دەگرێتەوە زمان و بیر یەك شتن و هیچ جیاوازیەك لە نێوانیاندا نییە.کورتەکەشی ئەوەیە کە بوونی بیرێکی سەربەخۆی پشت بەستوو بەخۆی جیا لە زمان ڕەت دەکەنەوە .

بەواتا بیرکردنەوە زمانێکی شاراوەیە کە مرۆڤ لەگەڵ خۆیدا قسەی پێدەکات و زمانێکی شاراوەی بێ دەنگە منداڵیش لەگەڵ لە دایك بوونیدا تەنیا توانستە زمانیە فەسلەجیکان وەردەگرێت کە ئەویش ئەگەر بە دەنگ دەری بڕێت ئەوا دەبێتە قسەکردن وئەگەریش لە ناوەو بێت و قسەکردن بێت بۆ خۆی ئەوا دەبێتە بیرکردنەوە.(نوری جعفر: 1979: 124). بەڕای واتسۆن دامەزرێنەری قوتابخانەی



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

**ڕەوشتی کۆن، بیرکردنەوە زمانە ، بیرکردنەوە لە وشەکانی ناو زەین پێك هاتووە**.(جمعە سید یوسف1990 :144).

**هەندێکی تر پێیانوایە زمان و بیر دوو شتی جیان و بوونی هەر چەشنە پەیوەندیەك لە نێوانیان ڕەت دەکەنەوە، لە ڕووی سروشت زمان تەنیا هۆکاری دەربڕینی بیرە و پەیوەندیشیان دەشوبهێنن بە پەیوەندی شلە بەو دەفرەی کە تیایدایە یان وەك ئەو پەیوەندیەی کە لە نێوان جەستەو جل و بەرگ دایە . ئەمەش واتای جیا کردنەوەی دەنگەکان و واتاکان دەدات هەروەك چۆن کیماگەرێك لە تاقیگەکەیدا ئاو شی دەکاتەوە بۆ ئۆکسجین و هایدرۆجین ئاشکرایە کە ئاو لە هەموو ڕووێکەوە لە ئوکسجین و هایدرۆجین جیایە لە بەر ئەوەی ئاو شلەیەو ئەوانیش گازن، بە هەمان شێوە ئەو دەنگانەو ئەو مانایانەی کە هەڵیان دەگرن هیچ پەیوەندیەك لە نێوانیان نییە**.(نوری جعفر:1979: 122).

**دیکارت زۆر لەمەش دوور تر دەڕوات و زمان بە مرۆڤەوە تایبەت مەند دەکات و پێیوایە زمان تەنیا هۆکارێکە بۆ دەربڕینی بیر . بیر لای دیکارت سروشتێکی جیای هەیەو دیکارت پێی وایە بیر جەوهەرێکی ڕووحی هەیەو پشتی بە خۆی بەستووە ،هەروەها لۆژیکێکی تایبەتی هەیە لە گەشەکردن و پەرەسەندندایە ، زمانیش تەنیا هۆیەکە بۆ دەربڕینی ئەم بیرە بیریش هەرکاتێك چوە بەرگی دەربڕینەوە لە ناو دەچێت و نامێنێت. بیرکردنەوە شێوەکانی مەعریفە وەرگیراوەکان دیاری دەکات(کە زمانیش یەکێکە لە وان) ئەمەش لە ڕێگای توانستی بیر کردنەوە دەبێت نەك لەڕێگای شتە دەرەکیەکان**.(نعوم چومسکی: 1985: 68)

**بیاجیە بۆچونێکی جیا لە ڕەوشتگەراکان پێشکەش دەکات قوتابخانەکەی بیاجیە پێیوایە تاکو مەعریفە بە تەواوی پێنەگات زمان دروست نابێت ، هەروەك لای زمانی منداڵ ئەمە دەردەکەوێت، بیرکردنەوەی منداڵ بە هۆی کارلێك کردنی لەگەڵ کەسەکان و شتەکان و ژینگەکەیەوە دروست دەبێت ، زمانیش بەگوێرەی خۆهەڵقورتانی لەگەڵ ئەم شکڵانە پێدەگات ، بەڵام لە ڕێگای پێ گەیشتنە مەعریفیەکەوە دروست نابێت**.( جمعە سید یوسف:1990: 146)



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

ئەگەر سەیری هەردوو بۆچونەکە بکەین دەبینین ، پێڕەوانی بۆ چوونی یەکەم پەیوەندی نێوان زمان و بیر ناهێڵن وهەروەها ئەگەر بە پێی بۆچوونی ئەمان بێت و بیر زمانێکی شاراوە بێت ئەوا هیچ پەیوەندیەکی بە زمانەوە نامێنێت. وە نەبێت ئەوانەی بۆچوونی دووەم چارەسەرێکی گونجاویان دۆزیبێتەوە، چونکە بە جیاکردنەوەی زمان لە بیر وشە لە واتا جیا دەکەنەوە بەمەش وشە ناخرێتە جیهانی قسەکردنەوەو گرنگی خۆی لە دەست دەدات.

بۆچوونی سێیەم چارەسەرێکی ناوەندی بۆ پەیوەندیەکە دە دۆزێتەوە پێیوایە زمان و بیر پەیوەندیەکی بەتین لە نێوانیان هەیە بەوپێیەی زمان دیوی دەرەوەی بیرە و لە ڕێگای ئەوەوە بیر پێشکەش دەکرێت .

بە ڕای سۆسێر بیر کلۆیەکی جێگیرە و نەشکڵی هەیە و نەوێنە بە واتا زمان شکڵ و وێنەکەیەتی و بە هۆیەوە بیر خۆی دەنوێنێت (عزمی اسلام: 1985: 18). زمانیش مەرجێکی ئەنتۆلۆژی (بوونناسانەی) بیرە بیریش خودی خۆی لە ڕێگای زمانەوە دەرك پێدەکات و بە پێی یاساکانی ئەوەوە ڕێك دەخرێت .بەم شێوەیە کاتێك زمان بیر دا دەپۆشێت بەیەکەوە دەبەسترێن و ئەستەمە لێك جیاکرێنەوە ، فۆرم و واتا دووڕوی دراوێکن.( جمعه سید یوسف: 1990: 147)

ئەوەی بە بیری مرۆڤدا دێت بە زۆر شێوە دەر دەبڕدرێت وەك ( وێنە کردن بە ڕەنگ، پارچەیەك مۆسیقا)، بەڵام زمان بڵاوترین شێوەی دەربڕینی بیرە بگرە ئەو لە هەموویان وردترو کامڵترو ڕاستەو خۆترە.(هەمان سەرچاوە:18)

دەبێت ئەوە لە بیر نەکەین یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی بیرکردنەوە کرۆکی بیرکردنەوەیە چونکە بیرکردنەوە دەبێت بە پێی چەند سیستمێکی سیمبۆلی کاربکات ،ئەگەر ئەو سیمبۆلانە هاوکێشەی بیرکاری یان هاوکێشەی کیمیایی یان زمانێك بێت لە زمانەکانی جیهان.(موفق حمدانی: 1981: 199).

هەروهاکاریگەری زمان و بیر لە سەر یەکتری مشت و مڕی زۆری ناوەتەوە ئەوانیش دەکرێن بە سێ بەشەوە ،هەیانە دەڵێت زمان کار لە بیر دەکات و هەیانە دەڵێت بیر کار لە زمان دەکات و هەشیانە دەڵێن هەریەکیان کار لە وەی تریان دەکات.



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

## یەکەم :زمان کاریگەری لەسەر بیر هەیە :

هەندێك لە توێژەران پێیانوایە زمان بەرهەمی شارستانیەتی میللەتانە ، هەر ئەویش هۆکاری گواستنەوەی شارستانیەتە بۆنەوەکانی داهاتوو جیاوازی شارستانیەتەکانیش بۆ جیاوازی زمانەکان دەگەڕێتەوە .(موفق الحمدانی:1981: 194).

تریلنبیرگ پێیوایە کە وتەزاکانی(مقولات) ئەرەستۆ ڕۆڵێکی گرنگ لە سیستەمە فەلسەفیەکەی دەگێڕن ، ناکرێت جیا لە تایبەتمەندیەکانی زمانی گریکی خوێندنەوەی بۆ بکرێت،هەروەها (موثنر) پێیوایە لۆژیکی ئەرەستۆ لە سەر زمانی دایکی دامەزراوە ئەگەر بە چینی یان داکۆتی قسەی بکردایە ناچار دەبوو سیستمی لۆژیکەکەی جیا لەوەی کە هەیە بونیاد بنێت (ئوتو کلینبیرغ: ؟ : 73).

ئەگەر سەیری جەوهەری بیرکردنەوەکەی (ورف) بکەین ئەوە دەردەخات کە زمان وادەکات کۆمەڵگا هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەی بەو شێوەیە بێت کە هەیە و کۆمەڵگا تەنیا لە ڕێگای زمانەوە جیهان دەبینێت ، هەر زمانە یارمەتی بیرکردنەوەو گەشە کردنی کۆمەڵگا دەدات .ئەم بۆچوونەش دوو هەڵوێست لە خۆ دەگرێت :

1- دانپیانان بە ڕێژەیی زمانی، واتا قسەکەرانی زمانە جیاجیاکان بۆچوونی جیاوازیشیان بۆ جیهان هەیە .

2- حەتمیەتی زمانی ، کە کۆتوپەیوەند بۆ بیرکردنەوە دادەنێت.(هەمان سەرچاوە: 152).

(ورف )یەکێك بوو لەو کەسانەی کە بە بواری کەلتوور و بیرەوە خەریك بوو ، شارەزاییەکی تەواوی لە سەر زمانی هیندیەکانی ئەمریکا هەبوو ، چەقی بیرۆکەکەشی لە پەیوەندی نێوان زمان و بیر و کەلتوور پێکهاتبوو بە پشت بەستن بە تیۆرەکەی توێژینەوەکانی ئەنجام دەدا، ئەو بەڵگانەش کەپشتی پێ دەبەست بۆ جەخت کردنەوە بوو لە سەر تیۆرەکەی، بۆ نموونە دەیوت لە زمانە جیا جیاکاندا ناوی جیاجیا لە ڕەنگ دەنرێت بۆ نموونە ئەوەی لە کەلتووری عەرەبیدا بژیت ئەگەر پێی بڵێیت ڕەنگەکانی پەلکە زێرینە چەندن دەڵێ شەشەن ( سور-پرتەقاڵی-زەرد-سەوز-شین-ئەرخەوانی) ئەمەش بۆ ئەو ڕاستە هەرچی ئەوەی بە روسی قسە



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

بکات ئەگەر لێی بپرسیت ئەوا شینەکە دەکات بە دوو بەشەوە( شینی کاڵ- شینی تۆخ). هەروەها کاتەکانی کاریش لە نێو زمانەکاندا جیاوازن. بۆ نموونە لە هەندێ زمان سێ کات هەیە (ڕابردوو-ئێستا-داهاتوو) بەم شێوەیە زمانە جیاوازەکان جیهاندابەش دەکەن ، بگرە چەمکە گشتیەکانی وەکو کات و شوێنیش بۆچوونی جیاوازیان وەرگرتووە .(جمعە سید یوسف :1990: 152).

## دووەم : بیر کاریگەری بەسەر زمانەوە هەیە

پێڕەوانی ئەم قوتابخانەیە پێیانوایە کە نەتەوە جیا جیاکان مێژووی جیاوازیان هەیە و لە ناوچەی جیاوازیشدا دەژین ، لەگەڵ ئاژەڵ و ڕوەك و شتی جیاواز مامەڵە دەکەن ، ئەمە وا دەکات جیاوازیەکی یەك جار زۆر لە بارو دۆخ و ژیانیان هەبێت. بەم شێوەیە شارەزایی نەتەوەکان وەك یەك نین، لێرەشەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە سیستمێکی جیهانی یەکگرتوو بۆ چەمکەکان نییە.(موفق الحمدانی:1981 :199).

دونلاب دەڵێت (( کاتێ بونیادی زمانی نەتەوەیەك دەخوێنینەوە دەتوانین شێوەی بیرکردنەوەشیان بزانین و کاتێکیش چەمکەکانیان دەخوێنینەوە، دەتوانین ئەو شتانە دیاری بکەین کە پێی جیا دەکرێتەوە زمان لە بیرکردنەوەی کۆمەڵگاوە هەڵ دەقوڵێت ، جیاوازی نێوان زاراوەکانی زمانە جیاوازەکان نیشانەی جیاوازی کەلتوورەکانە . بۆ نموونە لە هەندێك زمان جیاوازی دەکرێت لە نێوان کوشتنی بە ئەنقەست و کوشتنی بە هەڵە کە چی کۆمەڵێك لە فەرەنسا هەن گرنگ لە لایان کوشتنە بە هەڵە بێت یان بە ئەنقەست)).(حاتم صالح ضامن: 1989 : 143)

لە زمانی عەرەبیدا بیست ناو بۆ حوشتر هەیە هەروەها نزیکەی شەش هەزار ناو هەیە کە پەیوەندی ڕاستەو خۆ و ناڕاستەو خۆیان بە حوشترەوە هەیە.لە لای ئەکسیمۆ بۆ بەفر چەندان وشە هەیە بۆ نموونە بۆ (بەفر بارین یان ئەو بەفرەی کە لە سەر زەوی کەوتووە یان بۆ دانە گەورەکانی بەفر یان ئەو شەختەی کە لە ئاوی شیرین دروست دەبێت یان ئەو شەختەی کە لە ئاوی سوێر دروست دەبێت) هەریەکە وشەی جیاوازیان بۆ داناون هەروەها لە لای (چۆکچسەکان) کە لە سیبیریان چەندان وشەیان بۆ کەمتیار هەیە. .( ئوتو کلینبیرغ:؟: 73).زۆر جاریش



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

وتراوە کاتێك هەندێ وشە لە فەرهەنگی زمانێکی دیاری کراودا نییە واتا ی ئەوە دەدات کە قسە پێکەرانی ئەو زمانە بیر لەو وشانە ناکەنەوە. .( ئوتو کلینبیرغ:؟: 74).

بیر، دیاردەکانی دەورو بەرو ژینگە لە سەر وێنەی زەینی و هەڵسوکەوتی فیکری کە هەموو شێوەکانی مەعریفە لە خۆ دەگرێت دەردەبڕدرێت ، بەم شێوەیە بیر بە ژینگەو سروشت و کۆمەڵگاوە بە توندی بەستراوە، واتا دیاردە ژینگەییەکان و یاساکانی لە سەر لاپەڕەکانی مێشك کۆپی دەکات وا لە مرۆۋ دەکات تیێ بگات و بە سەری دا زاڵ بێت ، هەرچی زمانە لەبنەڕەتدا بە بەرجەستە کردنی بیر و ئەرکی گواستنەوەی بیر و ئاڵوگۆڕکردنی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگای لە سەرە، بۆیە بە شێوەیەکی ناڕاستەو خۆ لە ڕێگای بیرەوە بە ژینگەوە بەستراوە ، کەواتە زمان جەستە وەبەر بیر دەهێنێت و ئاڵوگۆڕی پێ دەکات و بە بێ ئەمیش ئەم کارە ناکرێت بیریش لە لەشوێنی خۆیەوە زمان ڕێکدەخات .واتای وشەکان بە پەیوەندی نێوان بیر ونیشانەکان دەردەبڕدرێت ، کەواتە واتا دیاردەیەکی فیکری و زمانیە لە یەك کاتدا.

ئەو دەنگانەی واتایان نەبێت ناچنە قاڵبی قسەکردنەوە ، بە هەمان شێوە واتادیاردەیەکی زمانی دەربڕاوە کە وێنەیەکی زەینییە لە سەر شێوەی دەنگ دەردەبڕدرێت، هەرچەندە واتا کردەیەکی فیکری یە بەلاّم بەبێ ئەم دەنگە دەربڕاوانە ناچێتە سنوری زمانەوە.(نوری جعفر: 1979: 128).

ئەگەر چاو لەهەندێ شت بپۆشین دەتوانین بڵێین کە بیر لە پێشەوەی زمان دروست دەبێت چونکە ئێمە دەزانین کە منداڵی بچووك هەندێك حاڵەتی هەستیان هەیە بەسە بۆ ئەوەی دەرك بە ئارەزووەکانیان بکەن پێش ئەوەی زمانیان هەبێت ، بەلاّم لە کردە زەینیە ئاڵۆزەکاندا زمان لە پێش بیرکردنەوە دێت ، چونکەتەنیا بوونەوەری خاوەن زمان دەتوانێت بیر و بۆچوونی زەینی پێك بهێنێت . ئەی مرۆۋ چۆن زمان وەر دەگرێت درێژەی ئەم کردەیە هێشتا ڕوون نەبۆتەوە

هێڵە گشتیەکان ئەوە دەر دەخەن کە منداڵ سەرەتا حاڵەتە مەبەست گەرا سەرەتاییەکانی دەزانێت لە وانە لاسایی کردنەوەی دەنگی گەورەکان ، پاشان دایکی دەناسێت لە دوای ئەوە توانایەکی زمانی زیاتری لا دروست دەبێت بەم



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

شێوەیە زمان دەخاتە پاڵ بیر و بیریشی دەخاتەپاڵ زمانەکەی تا وای لێدێت منداڵ توانستی زمانی لە لا دروست دەبێت و توانستە فیکری و زمانیەکەشی شان بە شانی یەکتری گەشە دەکەن.(زواوی بغورە: 2005: 220).

ئەمەش بۆچوونی سێیەمە کە چارەسەرێکی ناوەندی بۆ ئەم کاریگەریە دۆزیوەتەوە.

## بیرکردنەوەی کۆمەڵگا :

بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتی گرنگی بەو یەکە کۆمەڵایەتیانە دەدات کە کۆمەڵە کەسێك لە سەری رێك کەوتوون ، بە گوێرەی ئامانج و پەیوەندیەکانیان بووە بەچەند سیستمێکی کۆمەڵایەتی و شکڵی چەند یاساو قاڵبێکی فیکری و ڕەوشتی وەرگرتووە کە کۆمەڵە کەسێك کردوویانە بە دەستوورو حوکمی پەیوەندیەکانیان دەکات .

بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتی پەیوەندی نێوان تاکەکان و ئەو ژینگەی کە تیایدا دەژین رێك دەخات و هەروەها بیرکردنەوە پەیوەندیەکی بە تینی بە ژیانی مرۆڤەوە هەیە ، ئەگەر ئەو کاریگەری لە سەر ڕەوشت و پەیوەندیەکانی مرۆڤ نەبێت بوونی بێمانا دەبێت و بیرکردنەوە چ سوودێکی دەبێت ئەگەر دوور لە ژینگەی کۆمەڵایەتی بێت و کاریگەری لە سەر کۆمەڵگاو کۆمەڵگا کاریگەری لە سەر ئەو نەبێت.(نبیل عبدالحمید:2005 :5) بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتی ئەو بیرکردنەوە گشتیانەن کە سروشتێکی زاڵیان بەسەر شێوازی بیرکردنەوەی کۆمەڵگاوە هەیە هەروەها زیاتر جەخت لە سەر ئەو بیرکردنەوە کۆمەڵایەتیانە دەکاتەوە کە کۆمەڵگایەك یان کۆمەڵە کەسێك باوەڕیان پێی هەیە.

ئەگەر بیرکردنەوە زمان رێك خات و واتا و دەنگەکانی پێك ببەستێت و زمانیش جەستە وەبەر بیرکردنەوەدا بێنێت و وای لێبکات تاکەکانی کۆمەڵگا بە هۆیەوە بتوانن لە نێو خۆیاندا مامەڵەی پێبکەن ، ئەی دەبێت پەیوەندی نێوان بیرکردنەوەو کۆمەڵگا چۆن بێت؟ هەر لە سەرەتادا وتمان مرۆڤ بوونەوەرێکی خاوەن زمانە و بیرکەرەوەیە و لە کۆمەڵگایەکی دیاری کراویشدا دەژیت ، مرۆڤ هەر کە ژیانی دەست پێکردووە بیری لە شتەکان و کەسەکانی دەورو بەری خۆی کردۆتەوە ، ئەوەشی بە وانەوەی گرێ دەدات پەیوەندی کۆمەڵایەتیە .



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

زیادەڕۆیی نییە گەر بڵێین سەرەتاکانی بیرکردنەوەی مرۆڤ بیرکردنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بووە و یەکەم چالاکیشی کۆمەڵایەتی بووە هەروەها یەکەم گوزارشتی گەیاندنیشی هەر کۆمەڵایەتی بووە.گومانی تێدا نییە کە بیرکردنەوە بزوێنەری هێزە داهێنەرەکانە لە هەموو کۆمەڵە مرۆییەکاندا ئامێری کۆنترۆل کردنی هەموو کیانە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتیەکانە کەواتە چەندە بیرکردنەوە ئازاد و پێشکەوتووتر بێت ئەوەندە کۆمەڵ ئازاد و پێشکەوتووتر دەبێت .(سلیم برکات :1988: 7).

(مانهایم )پێیوایە هەموو نەمەتەکانی مەعریفەو بیر بە بونیادی کۆمەڵایەتی و ئەو قۆناغە مێژووییەی کە کۆمەڵگا پێیدا تێپەڕ دەبێت بەستراوەتەوە.(احسان محمد حسن:1991: 360).

هەر لەم ڕووەوە پێیوایە کە بیرکردنەوەی کۆمەڵگا لە ژینگە کۆمەڵایەتیەکەیەوە سەرچاوە دەگرێت لەوماوە زەمەنیەی کەتیایدا دەژین ڕەگ دا دەکوتێت ، لە ڕاستیدا بیرکردنەوە بە هەموو شەقڵە فراوان و تەسکەکانیەوە تەنیا پشت بە گۆڕانە مێژویی و ئەو یاسایانەی کە حوکمیان دەکات نابستێت بەڵکو بە هەموو شێوەیەك بە کۆمەڵگا و ئەو ژینگەی کە تیایدایە گەشە دەکات بەستراوەتەوە.(هەمان سەرچاوە: 369).

(دۆرکایم) پێیوایە بیرکردنەوە دەست کردی تاك نییە ، بەڵکو ئەو لەو کۆمەڵگایەی کە تیایدا دەژێت دەستی دەکەوێت ناتوانرێت بوترێت کە بیرکردنەوە لە زاتی کەسێك دا لە دایك دەبێت ، بەڵکو ئەو بیرکردنەوەیە لە لای هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا بەستراوەتەوە بەو پلەیە لە پێشکەوتن کە کۆمەڵگا پێی گەیشتووە.(زیدان عبد الباقی: 1981: 360). دۆرکایم ئەوە دەردەخات کە بیرکردنەوە کۆمەڵایەتیەو بۆیە ئێمە ئەبێت جەخت لەسەر بیر و سیمبۆلەکانی بکەینەوە بەو شێوەی کە لە ڕاستیە کۆمەڵایەتیەکاندا بەرجەستە دەبێت .(چارلس ماچ :1990: 18) هەموو ئەمانەش هەلومەرجی تایبەتی خۆیان هەیە و لە لایەن ڕفتارە زمانیەکانەوە دەردەخرێن و ڕەنگدانەوەی تایبەتی خۆیان دەبێت ، بیرکردنەوەی کۆمەڵیش لەبەر جەستە کردنی زمانەکەیدا شتێکی حاشا هەڵنەگرە.( هۆگر محمود فەرەج :2000 :140).



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

## بیرکردنەوەی کۆمەڵگای کوردی:

بۆ ئەوەی شارەزاییمان دەربارەی بیرکردنەوەی کۆمەڵگایەك هەبێت پێویستە هەموو ئەو شتانە بزانین کە ئاڕاستەو بیرکردنەوەی کۆمەڵگاکە دیاری دەکەن ، جیاوازی بیرکردنەوەی کۆمەڵگاکان بۆجیاوازی بونیادە کۆمەڵایەتیەکان دەگەرێتەوە، بونیادی کۆمەڵایەتیش لە سەر بنچینەی ژینگەو باری ئابووری وئاین و پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکان و ....... هتد دا دەمەزرێت لێرەدا بە کورتی ئاماژە بە کۆمەڵگای کوردی دەکەین وهەندێ لەو بنەمایانە دیاری دەکەین :

بە بڕوای زۆر لە زاناییان ، ژینگە کاریگەری لە سەر بیر کردنەوەی کۆمەڵایەتی هەیە، لەوانە(دۆرکایم) ناوی (مۆرفۆلۆژیای کۆمەڵایەتی ) لێ ناوە و پێیوایە ژینگەو دەورو بەری مرۆڤ کە (ئاو و کەش و هەواو ماددەکانی چواردەور)ی مرۆڤ دەگرێتەوە ، بە شێوەیەکی ئاشکرا کار لە بیرکردنەوەی مرۆڤ دەکات.(احسان محمد حسن : 1991: 242).

ئەگەر سەیری ژینگەی کوردستان بکەین ئەوا بە گشتی بە ناوچەیەکی شاخاوی دادەنرێت ، جگە لە بوونی چەندان ڕووبار و چۆم و گرد و ....هتد تیایدا و زستانێکی ساردی باراناوی و لەگەڵ بوونی بەفر لە چیاکان و هاوینێکی نیمچە گەرم . ئەمەش وایکردووەکشتوکاڵ و ئاژەڵداری بە پلەی یەکەم ئابووری کوردستان پێك بهێنێت هەروەك د. عبد الحمن قاسملو دەڵێت((وەرزێری لقی سەرەکی ئابووری نەتەوایەتی کوردستانەو ئاژەڵداریش گرنگ ترین لایەنی بەرهەم هێنانی وەرزێریە).(عبد الرحمن قاسملو:2007 :102).هەرچەندە ئەم دوو کەرتەش بە تەواوی ڕووی لە لاوازی کردووە لە کوردستان ئێستا بەتایبەتی هەرێمی کوردستان گرنگی بە بازرگانی دەدات.

(دۆرکایم) پێیوایە نابێت بیروباوەڕ لە سیستمی کۆمەڵایەتی جیا بکرێتەوەو هەروەها پێیوایە ئاین مەنزوومەیەکە لە بیرو ڕاکان کە بە هۆیەوە نوێنەرایەتی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایە دەکات کە تیایدا دەژین و ئینتمایان بۆی هەیە.(احسان محمد الحسن:1991: 22).



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

ئەگەر سەیری بایەتی بیروباوەڕ بکەین لە کۆمەڵگای کوردیدا ، نابێت لە دوو هێڵی سەرەکی دەرچین ئەویش ئەوەیە کە زۆرینەی نەتەوەی کورد موسڵمانن و ئەوەی تریشی لەو سروت و نەریتانەوە دێت کە لە ڕاستیدا بەشێکە لە ئاینی کۆنی کوردی کە زەردەشتی یە بە پلەی یەکەم مەسیحیشە بە پلەی دووەم کە ئەمانە سروتی(طقوس) ئاینی بوونە بە نەریت چوونەتە ناو فۆلکلۆری نەتەوەییەوە .(بدرخان سندی: 2002: 226).ئەمە جگە لە هەندێك ئاینی تری وەك یەزیدی ئەهلی حەق . کەسایەتی ئاینی لە نێو کورد دا پێگەی تایبەتی هەیە ، سەرۆکەکانی مەزهەبی سوننی بە شێخ ناو دەبرێن تاکو ئێستا لە زۆر مەڵبەندی کوردستان نفوزێکی زۆریان هەیە. (عبدالرحمن قاسملو: 2005: 28).

پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کوردی عێراق پێکهاتووە لە دوو بەش خەڵکی ، (شار) و (دێ) ئەوەی هەردوو لایان بە یەکەو گرێدەدات گەڕاندنەوەیانە بۆ (عەشیرەت) ، لە بەر ئەوەی عەشیرەتی کوردی بە یەکەیەکی کۆمەڵایەتی ، سیاسی، بنەڕەتی دادەنرێت و کۆمەڵگای کوردی پێك دەهێنێت .( بەختیار ابراهیم فتاح: 2007: 35). خێزان یەکەی سەرەکی کۆمەڵگای کوردیدا.کۆمەڵگای کوردی وەك هەر کۆمەڵگایەکی تری رۆژهەڵاتی دیاردەی دەرەبەگایەتی تێدا باوە (ویلیلم ئینگتۆن) لەم بارەوە دەڵێت (( سیستمی کۆمەڵایەتی کوردی لە سەر بنچینەی عەشیرەتگەرایی و دەرەبەگایەتی و وەفا ئاینیەکان دامەزراوە)).(هەمان سەرچاوە : 36).

خێزانی کوردیش بە شێوەیەکی گشتی لە باوك و دایك و منداڵەکان پێکهاتووە کەبە بنچینەی رێکخستنی کۆمەڵایەتی دادەنرێن .(هاشم طه عقراوي: 1971 : 110). خێزانی کوردی بە پێی سروشتی سیستمە کۆمەڵایەتیەکەی دەچێتە ژێر رکێفی سیستمی باوکسالاری (باتریارکی ) یەوە کە کوڕ لە ئافرەتەکان بە بەرزتر دادەنرێت (بەختیار ابراهیم فتاح : 2007: 37). کەواتە کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی باوکسالاریە پیاو دەسەڵاتی گشتی لە دەستە.

بۆ دیاری کردنی بیرکردنەوەی کۆمەڵگای کوردی بەرهەمێکی ئەوەندەمان لە بەر دەست دانییە کە بتوانرێت بیرکردنەوەی کۆمەڵگای کوردی پێ دیاری کەین ، بەڵام دەتوانرێت پەندی کوردی بکرێتە پێرەو لە ڕاقەکردن و خوێندنەوەیدا



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

**بیرکردنەوەیکۆمەڵگای پێ دەست نیشان بکرێت ئەم بیرکردنەوەیەش هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤایەتی دیاری کردووە و هەر پەندەش هەڵ قولاوی سەردەم و قۆناغێکی مێژووییە کە تیایدا ڕەچاوی هەلومەرجی کۆمەلایەتی ، ئابووری، دەروونی، ....هتد) کراوە .**

**ئەریستۆڤای ژنە نووسەری سۆڤیەتی ئەڵێت (ژیری و هۆشیاریەکی گەورە لە پەندی پێشینان و قسەی نەستەقدا دەردەکەوێت ، لە وێدا لە وێنەی مێژوو ، ڕەوشت و عادەتی گەلی کورد ڕوون و دیارە لە مەدا پەیوەندی کورد لەگەڵ منداڵدا ، بەتایبەتی لەگەڵ کوڕی خۆیدا لەگەڵ خێزانی خۆیدا لەگەڵ کچی خۆیدا بە باشی دەر دەکەوێت.**(عزالدین مصطفی رسول :1970:90).**پەندی پێشینان ئەزموون و تاقیکردنەوەیەکی درێژخایەن تەنانەت هەندێك بە فەلسەفەی نەتەوەی ناو دەبەن ، بەسەرهات و دنیا دیدەیی خەڵکە ،کەرەستەیەکی بە پێزە بۆ لێکۆڵینەوەی زمانەوانی و زاراوەسازی.**(همداد حسین: 2004: 52).

**پەندی پێشینان ئەزموون و تاقی کردنەوەیەکی درێژخایەنە ، کاردانەوەی کۆمەڵگایە بە رامبەر دیاردە سروشتی و کۆمەلایەتیەکان ، هەر نەتەوەیەك پەندی تایبەت بە خۆی هەیە کە بیر کردنەوەکانی تێدا ڕەنگ دەداتەوە.لەوانەیە بێژەرەکە ئافرەتێك بێت لە ماڵ یان جوتیارێك بێت یان کرێکارێك یان هەر کەسێك بێت لە رێگا دوای ئەوە لە ناو خەڵکدا بلاو بۆتەوەو ، بۆیە دەدرێتە پاڵ گەل و زۆربەی لێکۆڵەوەان لە سەر ئەوەن کە واپەند دەربڕینی کەسایەتی کۆمەڵە زیاتر لە کەسایەتی تاك .**

**کەواتە دەتوانین پەندی پێشینان بکەین بە یەك لە سەرچاوەکان بۆ خوێندنەوەی بیرکردنەوەی کۆمەڵگای کوردی ، بێگومانکە دەڵێین بیرکردنەوە ئەوا هەموو چەمکەکانی ناو بیری مرۆڤ دەگرێتەوە ، بەلام ئێمە بۆ نموونە بیرکردنەوەی کۆمەڵگای کوردی بەرامبەر چەند چەمکێك وەردەگرین .**



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

## 1-بەرامبەرکات:

چەمکەکانی کات لە نێوان کۆمەڵگاکاندا ئاوێنەی جیاوازییە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکانە ڕوانینی کۆمەڵگا بۆ چەمکەکانی کات بە پێی پێویستیەکانی کۆمەڵگایە.

(سۆرکن و مێرتن) پییانوایە کە کات بە دیاردەکۆمەڵایەتیەکانی تر دەچێت و دەکرێت بە هۆی چۆنیەتی خزمەتکردنی بۆ کاری تێکڕای کۆمەڵگا ڕاڤە بکرێت . هەر ئەوان پێیانوایە کە کات ئەرکی ڕێك خەری هەیە لە نێوان ئەو چالاکیە جۆراو جۆرانەی کە لە کۆمەڵگا دا ڕوو دەدەن چونکە هەر کۆمەڵێك کاتی خۆی بە جۆرێك دادەنێت کە لەگەڵ ڕفتاریدا ڕێك بکەوێت .(دیڤد کلۆفێر ، سیلاخ سترۆبێرگ:؟: 12/11).

(ئیفانز بریگارد) لە توێژینەوە گرنگەکەیدا لە بارەی ئەنترۆپۆلۆژیای خێڵی (نیۆر)دا دەڵێت بۆ پێوانی کات دوو ڕێگە هەیەیەکێك لە ڕێگەکانی پێوانەی کات (کاتی ئیکۆلۆژی) یا ژینگەییە ، ئەم کاتەش لە ئەنجامی پەیوەندی خەڵکی ئەو خێڵە بە ژینگەی سروشتی خۆیانەوە دەر دەکەوێت و خولی وەرزەکانی وەکو زستان و هاوین دەگرێتەوە ، بۆ نموونە مەبەست لە کات ئەوەیە کەی دەکرێت ڕاوەماسی بکرێت یان کەی دەتوانرێت تەویلە بۆئاژەڵەکان بنیاد بنرێت ، یان کەی ئاژەڵەکان دەدۆشرێن کەواتە کات چەق گیری هەندێك چالاکی وەك شوان کارەیی و دۆشینی ئاژەڵە لەلای ئەوان.

کەواتە لە بارەی کاتەوە ڕاو بۆچوونی خەڵك لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت و کات بە گوێرەی (نیرۆنەکان) بەوردی ڕێك خستنی کۆمەڵایەتی و نموونەکانی کارەوە پەیوەستە.(هەمان سەرچاوە : 11/10).

هەروەك پێشتر باری ئابووری کۆمەڵگای کوردیمان دیاری کرد کە بە گشتی کۆمەڵگایەکی کشتو کاڵی و ئاژەڵدارییە ، دەبینین دیدیان بۆ چەمکەکانی کات هەر لەم ڕوانگەیەوەیە ئەوەتا هەر لە مانگە کوردیەکاندا بە ڕوونی دەر دەکەوێت :

بانەمەڕ

جۆزەردان

پووشپەڕ



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

خەرمانان

رەزبەر

خەزەڵوەر

یان هەروەك لەم پەندەدا ئاماژەی بۆ كراوە:

**كەنگر و ماست لە وەعدی خۆ.**

لێرەدا دەردەكەوێت كە كەنگر و ماست دەكرێتە نموونە بۆ كار كردن لە وەختی

**پێرو ئاوا بوو نیسك ساوا بوو.**

واتا ئەگەر كۆمەڵە ئەستێرەكانی (پێرو) ئاوا بوون پێش نوێژی شێوان ئەوا دانەوێڵەی نیسك چاندنی ساوا دەبێت و دوا دەكەوێت.

**هەتا نەپشكوێ زیو هەنار ، نایە بەهار .**

واتا ئەگەر داری زیو هەنار پشكوتن ئەوجا بەهار بەچاكی دێ چونكە ئەو دوو دارە درەنگ دەپشكوێن و گەلاّ دەردەكەن.

**ئەگەر هات قاڕەی كاری داندۆك دەبێتەژەهری ماری.**

واتا ئەگەر كاری تازە پەیدا بوو ئەوا بەهارەو داندۆك خۆش نا مێنێت

**وەختی شیلان سۆرێ خەنی لە بزن زۆری**

واتا لەو كاتەدا بەهار كامڵ دەبێت و شیر و ماستی بزن خەست دەبێت ڕۆنی باشی دەكەوێتێ.

## 2-بەرامبەر ئافرەت :

گومانی تێدا نییە كە پێگەی ئافرەت لە هەر كۆمەڵگایەك ئاوێنەی ڕاستەقینەی ئەو كۆمەڵگایەیە و ئاڕاستەی ئەو كۆمەڵگایە و شێوەی بیركردنەوەو ئاستی شارستانیەتی دیاری دەكات .لە سەرەتا دا كورتەی بیركردنەوەی كوردمان بۆ ئافرەت باس كرد. دەركەوت كە بە پلەیەكی نزمتر لە پیاو دێت .بەلاّم ئەگەر سەیری لایەنی پۆزەتیفی بارو دۆخی ئافرەتی كورد بكەین بە تایبەتی ئافرەتی لادێ دەبینین بە هۆی كار كردنیەوە توانیویەتی كراوە تر بێت و ئەمەش وای كردووە بتوانێت قسە بكات و بتوانێت ببێتە شوێنی متمانەو ڕێز لێنان ( بدرخان سندی 2005: 118).



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

***شێرکە لە بێشە دەرپەڕێت چ نێر بێت چ مێ.***

واتا لە ڕووی هاوبەشی کردنی کارەوە وەك یەکن ، نەك تەنیا هەر ئەوە بەڵکو هەردووکیشیان بە (شێر) شوبهێنراون کە نیشانەی ئازایەتییە.

***ژنێك بێنە ژنانە پێستە بکات بە هەمانە.***

ئەگەر ژنێك ئیشکەر بێت ئەوا ڕێزی زیاتر دەبێت.

***کوڕخاس لە ژن خاس دەبێت.***

بوون بە دایکی کوڕ بەرزترین پلەیە کە ئافرەت پێی بگات و لە هەموو پێگەکانی ڕێزی زیاترە.

***ئەوەی نەکات بەقسەی دایە چاکی بۆ نایە.***

بەڵام ئەگەر لە لایەنی نێگەتیڤیەوە سەیری بکەین ، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت بە درێژایی مێژوو قووربانی چەمکی عەشیرەتگەرایی بووە ، بەو پێیەی ئەمە خۆی شێوەی سەرەتایی سیستمی کۆمەڵایەتییە کە لە سەر بەهێز و بێ هێز دامەزراوە و بنچینەکەشی بۆ مرۆڤی سەرەتایی دەگەڕێتەوە. (بختیار ابراهیم فتاح: 2007: 40)

هەروەها دەبینین لە زمانی کوردیدا بە (انسان ) دەوترێت (مرۆڤ) لە بەرامبەریشدا مرۆڤ واتا (پیاو) کەواتە بۆ ئەوەی مرۆڤ بیت ، دەبێت پیاو بیت. ئەمە لە زمانی ئینگلیزیشدا هەیە کاتێك مرۆڤ لە بەرامبەر وشەی ( human ) دێت ، واتا ئەگەر وشە سەرەکیەکە (man) لە وشەکە لادەین ئەوا وشەکە بێ مانا دەبێت. ( عبد الله الغزامی :1997: 22)

جگە لەمانە لە هەموو کەلتوورەکانی جیهاندا دەبینین ئافرەت بووە بەبابەت، نەك خودی خۆی قسە بکات . دەبینین لە حیکایەت و پەند و ئیدیۆمەکان خۆی قسە ناکات بەڵکو زیاتر قسەی لە سەر دەکەن.(هەمان سەرچاوە: 8)

لەم پەندانە لایەنە نێگەتیڤیەکە بە ڕوونی دەردەکەوێت:

***ئەوەی لە کیژی خۆی نەدات لە چۆکی خۆی دەدات .***

***ئەو کەسەی باوەڕبە بە ژن و زستان بکات ماڵی خۆی کاول دەکات.***

***پیاو کەڵەبابە لەسەر ژنێ حیسابە.***

***دارێك لەسەر سەگ سەدیش لەسەر ژن.***



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

***خەم بۆ پیاوانە خۆشی بۆ ژنانە.***

***گۆتە گۆتی ژنان کوشتنی مێردان.***

## 3- بەرامبەر بە کار:

کورد بە بەرزیەوە تەماشای پیاوی زەحمەت کێشیان کردووە و دڵنیاییان نیشان داوە کە دواڕۆژ ژیان هەر بۆ ئەوە، بۆیە وتوویانە (***سەری بێرزق لە ژێر خاك دایە***).

(عزەدین مصطفی رسول: 1970:96).

دیسان دەبینین کار کردن لە وەختی خۆیدا گرنگیەکی تایبەتی هەیە لە لای کوردان:

***ئیشی بە وەختی پاشای سەر تەختی.***

***تەنوور تا گەرمە نان دەبرژێنێت.***

گرنگ جوڵەو کار کردنە نەك دانیشتن و تەمبەڵی:

***کردە پەشیمان بە نەك نەکردە پەشیمان***

***شوان هەتادانیشێت مێگەلەکەی دوور تر دەکەوێتەوە***

هەروەها تەحەموول کردنی کار وماندوو بوون پێیەوە دیسان یەکێکە لە سیماکان :

***کەس لە پڕێك نابیت بە کوڕێك.***

## 4-بەرامبەر ئایین:

ئەگەر ئەفسانە زۆر بیروباوەڕی تێدابێت کە بەتەواوی لە ئایینی کۆنی پێش ئیسلامەوە وەرگیرا بێت ، ئەوا پەندی پێشینان بە تەواوی شەقڵی دەوری مووسڵمان بوونی پێوە دیارە . کورد ئەڵێت ئەوکەسەی گیان ئەدات گیانیش ئەستێنێت.

(عزەدین مصطفی رسول: 1970: 90)

یان

***بانگی محەمەد بە ئاشکرا خۆشە.***

***دین دینی محەمەد نان نانی گەرم.***



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

***دەستێك شەرع ببڕێت خوێنی نییە.***

## ***5- بەرامبەر نەتەوە:***

هەموو نەتەوەیەك لە ڕێگای پەندەكانیەوە دەیەوێ گوزارشت لە شوناس خۆی بكات. كورد لە پەندی پێشینانندا گەلێك وتەی نیشتمانپەروەری و گەل پەروەری نەخشە كێشاوە ( ***ڕێوی گەر لە كونی خۆی هەڵگەڕێتەوە گەڕ ئەبێت).*** (عزالدین مصطفی رسول :1970: 99).

***شام شیرینە مەفتەن شەكرە.***

***تابەد نەبینیت بەد خانە بە یاد ناكەیت.***

***بەرد لە جێی خۆی سەنگینە.***

هەندێك جار دەگاتە پلەی دەمارگیری :

***نە شیری حوشتر نە دیداری عەرەب.***

***بە عارەب مەڵێ مەرحەبا هەندێك دەخوا و هەندێكیش دەنێت لە بن عەبا.***

## ***6- بەرامبەر خزمایەتی:***

لە كۆمەڵگای كوردی دا خزمایەتی وپەیوەندی خوێن لە نێو خێزانەكان دا زۆر بەتینە. هەمیشە لە كۆمەڵگای عەشایەری دا پێویستیت بە خزم و كەس هەیە بۆ بە هێز بوونی پێگە: ***برا لە پشت برا بێت مەگەر قەزا لە لای خودا بێت.***

***بووكی خاری كەوتە پەنا دیواری – بووكی مامی توولەی نەمامان.***

سەرەڕای ئەو پەیوەندییە بەتینەی خزمایەتیی، دەبینین لە ناو خزمەكانیش دا پلەی جیاواز هەیە.دیارە خزمی باوك لەپێشتر دادەنرێت.

***خوێن نابێت بەئاو.***

لێرە دا دەردەكەوێت كە خزم لە بێگانە لە پێشترە .

## ***7- بەرامبەر ئاشتی:***

***شەڕلە نیوەی بگەڕێتەوە قازانجە.***



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

لێـره دا دەردەكـەوێت كـورد میللەتێكـە حـەز بـە ئاشـتی دەكـات و هەمیشـە ویستوویەتی كێشەكان لەم ڕێگایەوە چارەسەر بكات.

***شەڕ دوو ماڵ وێران دەكات.***

كەواتە ئەگەر كەسێك بیەوێت هێڵە گشتیەكانی بیر كردنەوەی كۆمەڵگای كوردی بزانێت دەتوانێت لە ڕێگای ئەم پەندانەوە دیاریان بكات ، چونكە پەندەكان بەشێكی زۆری دیاردەكۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریەكانی كۆمەڵگای كوردیان پێوە دیارە .

## جۆرەكانی بیركردنەوە

مرۆڤ هەر لە سەرەتای دروست بوونیەوە هەوڵی داوە پەیوەندی بە ژینگەكەی دەوروبەریەوە بكات ، لە ڕێگای سەرنجدانی لە سروشت و دەرخستنی نهێنیەكان و ئەو هێزانەی كە دیاردەكان بەرێوە دەبات . بۆ ئەم هەولاْنەشی چەند جۆرێكی بیركردنەوەی بە كار هێناوە كە لەگەڵ ئاستی ئاگایی خۆیدا گونجاوە .لە ڕێگای ئەمەشەوە وردە ورده ڕای دەربارەی خودی خۆی و سروشت و گەردوونی بە گشتی دروست كردووە . ئەم ڕاو بۆچوونانەش هەیانە پشت بە ئەفسانە دەبەستێت هەشیانە پشت بە ئایین و هەیانە پشت بە فەلسەفە و هەشە پشت بە زانست دەبەستێت بە پێی ئەمە دەتوانرێت بگوترێت جۆرەكانی بیركردنەوە دەكرێت بەم چوار بەشەوە:

1- ***بیركردنەوەی ئەفسانەیی***

2- ***بیركردنەوەی ئایینی***

3- ***بیركردنەوەی فەلسەفی***

4- ***بیركردنەوەی زانستی*** ( د.نبیل عبد الحمید :2003: 9).

### *1- بیركردنەوەی ئەفسانەیی :*

بێگومان یەكێك لە شێوازەكانی بیركردنەوەی بەرایی مرۆڤ سەبارەت بە خۆی و دەورو بەری بیركردنەوەی ئەفسانەییە كە ڕەگێكی قووڵی لە ناخی مرۆڤدا هەیە زۆر



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

جار بیرکردنەوەی خورافی لە گەڵ بیرکردنەوەی ئەفسانەیی تێکەڵکراوە و بۆنموونە لە زۆر سەرچاوەدا بە هەردووکیان دەوترێت ( ئەفسانە) ، چونکە ئەم وشەیە هەندێ واتای لە گەڵ خۆیدا هەڵگرتووە کە لەگەڵ وشەی(خورافە) دا یەکدەگرێتەوە وەك باوەڕهێنان بە شتی ناعەقڵانی خۆ دزینەوە لە ڕاستیەکان هەرچۆنێك بێت ئەم دوو وشەیە جیاوازیان هەیە، بەڵام لە هەندێ سەرچاوە دا بۆ هەردووکیان هەر وشەی ئەفسانە بەکار دێت.بە ڕای (ئەندرۆ لانج و سیر لورنس جوم) ئەفسانە لە بنچینەدا ڕامانە لە سیستمی گەردوون و بوونی مرۆڤ ، هەر لەم بارەیەوە ئەندرۆلانج دەڵێت بنچینەی جیهان و توخمی مرۆیی کیشەیەك بووە مرۆڤی کۆنی پێوە خەریك بووە ئەم کێشەیە کێشەی مرۆڤی سەرەتایش بووە، چونکە مرۆڤ لە هەموو شوێنێکدا لە ناکاودا وەستاوەو پرسیاری کردووە : من کێم ؟ لە کوێوە هاتوومە ؟ ئەم گەردوونە چۆن دروست بووە؟ ئەم شتانە بۆ وان؟(مجید حمید عارف:1990:119).

جا ئەو کاتەی مرۆڤ خۆی لە جیهانێکی پڕ لەو بوونەوەر و دیاردەی سروشتی بینیوەتەوە ، بۆ ئەوەی بمێنێتەوە هەوڵی داوە پەیوەندی بە سروشتەوە بکا ، لە ڕێگای تاقی کردنەوەو هەڵەوەبێت یان لە ڕێگای لاسایی کردنەوەی ئاژەڵەکانی ترەوە بێت و بۆ ڕاهاتن لەگەڵ دیاردەکانی دەوروبەری و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو نهێنیانەش کە هەستی پێ دەکردن و خۆ دوور خستنەوە لەو شتانەی کە ژیانی دەخاتە مەترسیەوە ئەو کاتەی کە مرۆڤ نەیدەتوانی دیاردە گەورەکانی وەك باران و لافاو و بومەلەرزەو مەرگ و ....هتد شی بکاتەوە هەوڵی داوە شیکردنەوەی خەیاڵیان بۆ بدۆزێتەوە کەلەگەڵ توانا عەقڵیەکانی دا بگونجێت. (د. نبیل عبد الحمید: 2003 :10) هەریەك لە (داڤید کراتچی و ریچارد کراچفیلد) پێیانوایە کە بیرکردنەوەی ئەفسانەیی ئەو بیرکردنەوانەن کە سەلماندویانە لەگەڵ ڕاستیە بابەتیەکاندا ناگونجێن کە ڕەنگە ژمارەیەکی زۆری تاکەکانی کۆمەڵگاش ئەم جۆرە بیرکرنەوەیان هەبێت کە زۆربەی دیاردەکان بۆ هۆکانی میتا سروشتی دەگەڕێننەوە وەك (قەزاو قەدەرو ناوچەوان و شەیتان و جن و ...هتد). (عبدالرحمن عیسوی : 1982-1983: 11).



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

(جيمس دريفر) پێیوایە کە بیرکردنەوەی ئەفسانەیی لەسەر بنچینەی پەیوەندی خەیاڵی لە نێوان ڕووداوەکان دامەزراوە ناشێت بکرێت بە بەهانەی بنچینەی عەقڵی .(هەمان سەرچاوە: 11).

بیرکرنەوەی ئەفسانەیی لەگەڵ بەرفراوان بوونی پاناتیی ژیانی بەکۆمەڵی مرۆڤ و دروست بوونی دامەزراوە سەرەتاییە کۆمەڵایەتیەکان و لە هەمووی گرنگتر هەست و سۆزی مرۆیی لە نێوان خودی مرۆڤەکان و لە ئەنجامی مامەڵەی کۆمەڵایەتی هاتۆتە ئاراوە و لە لایەکی ترەوە بەتوانا بوونی هێزی خەیاڵ وێنەسازی مرۆڤ و غەریزە و سروشت و لە ئاکامدا نیشتەجێبوونی خواوەندەکان لە سنووری خەیاڵ و وێنەسازی مرۆڤدا سەری هەڵداوە .(گئورگی بلخانوف :1982: 222).

## 2- بیرکردنەوەی ئایینی :

ڕەنگە بەشێکی گرنگی بیرکردنەوەی ئاییانی بۆ ئەو بۆشاییە ڕووحیانە بگەڕێتەوە کە مرۆڤ هەستیان پێ دەکات و هەر بۆیە بەردەوام بە درێژایی مێژوو مرۆڤ لە گەڵ خۆیدا هەڵی دەگرێت و وەك یەکێك لە فاکتەرە گرنگەکانی خۆی سەیری دەکات. (باریتۆ) پێیوایە لەگەڵ ئەوەی زانست و تەکنەلۆژیا لە پێشکەوتنی بەردەوام دایە بەلأم ئەو ئاڕاستە بازنەییەی کە کۆمەڵگا بە خۆیەوە دەیبینێت هەمیشە پێشی دەگرێت لە گەیشتنیان بە لوتکە چونکە هەمیشە ئیمان شان بە شانی لۆژیك و عەقڵ دێت .( احسان محمد حسن : 1990: 166)هەروەها (دۆرکایم) پێیوایە ئەرکی سەرەکی ئایین بەیەکەوە بەستنی کۆمەڵگایە هەرئەویش ئەرکی پاراستنی کۆمەڵگای لە ئەستۆ دایە ، لە لایەکی تریشەوە ژیانی کۆمەڵایەتی پارێزگاری لەو ئایینە دەکات و بەرەو پێشی دەبات. کەواتە بوونی ئایین پەیوەستە بە بوونی کۆمەڵگاوە.(زیدان عبد الباقی: 1981: 383).

هەر ئەویش پێیوایە کە (فەلسەفە و زانست) لە بیرکردنەوەی ئایینیەوە سەرچاوە دەگرن ، چونکە زۆر لە بیرکردنەوەکانی مرۆڤ لە مومارەسە ئایینیەکانەوە دروست بوونە، ئەو پێیوایە لە پاش بیرکردنەوەی ئایینی بیرکردنەوەی فەلسەفی دروست بووە بە دوای ئەویشدا بیرکردنەوەی زانستی .( نبيل عبدالحميد: 2005: 210).



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتیەوە ئایین لە چەند سروت(طقوس) و بیرو باوەڕێك پێکهاتووە و (گولدن ویزر) دەیکات بە سێ بەشەوە.( محمد عبد المنعم نور : 1970:100)

### 1- پێکهاتەی ڕووحی :

ئەو بەشەی کە سەرچاوەی پێکاتنی ئایینە ، چونکە مرۆڤ خۆی مەیلی ئەوەی هەیە کە پشت بە هێزێکی گەورە ببەستێت، بە لای مرۆڤە وە ئەو هێزە توانایەکی بێ سنووری هەیە و هەموو سود و زیانێکی لە لایە و مرۆڤیش هیچ یەکێ لە مانەی لە بەر دەست دا نییە.

### 2- پێکهاتەی پەرستن :

لە ئەنجامدا ئەم تاکانە کاردانەوەیان بۆ ئەم هێزە دەبێت ئەم کاردانەوانەش لە سەر شکڵی پەرستن دەردەکەوێت.و مرۆڤ وەك قەرز و سوپاسێك قوربانی پێشکەش دەکات بۆ ئەوەی لە چاو دێری بێ بەش نەبێت.

### 3-پێکهاتەی شیکردنەوە:

ئەمەش ئەو دەقە ئایینیانە دەگرێتەوە کە واتاکان لێك دەداتەوەو نۆرمە ئایینیەکانیش شی دەکاتەوە . بە پێی بیروڕای (تایلەر) هەر لە بەرەبەیانی شارستانیەتەوە بۆیە مرۆڤ زیاتر پشتی بە بیرکردنەوەی ئایینی بەستووە، چونکە ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە مرۆڤ ئامادە دەکات بۆ قبولڵ کردنی شتەکان بێ ئەوەی پێویستی بە داواکردنی بەڵگەو سەلماندن هەبێت.(قیس نوری: 1981: 143) بۆیە زۆر جار دەبینین زۆر لە کێشە لێڵەکانی وەك مەرگ بە پێی ئایین شی دەکاتەوە.(محمد عبد المنعم نور: 1970: 101)

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەش دەبینین ئەم بیرکردنەوەیە لە لای مرۆڤ وردە وردە لە ڕێرەوی خۆی لای داوەو بە دوای سۆز و ئارەزووەکانی خۆی کەوتووەو بۆتە هۆی دروست بوونی ئەفسانەو باوەڕهێنان بە شتی پڕوپوچ هەروەك لە مێژوودا بۆمان دەردەکەوێت کە هەر ماوەیك پێغەمبەرێك هاتووە بۆ ڕاست کردنەوەی ڕێرەوی ئەم خەڵکە.( نبيل عبد الحميد:2003: 10)



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

## 3- بیركردنەوەی فەلسەفی:

یەكێك لە تۆكمەترین شێوازەكانی بیر كردنەوەی مرۆڤ ، بیركردنەوەی فەلسەفیە كە لە ڕێگای ورد بوونەوە لە بەڵگەو دیاردەكان ،هەوڵی سەلماندنی داوە و زۆربەی بیركردنەوە فەلسەفیەكان وەك سیستمێكی تەواو داڕێژراوە و ویستوویەتی وەڵامێكی گشتگیر بخاتە ڕوو.

سەرەتا فەلسەفە جۆرێكە لە چالاكی ڕێگایەكە بۆ بیركردنەوە دەربارەی چەند جۆرێكی دیاری كراو لە پرسیار دیاری ترین تایبەتمەندی فەلسەفە بەكارهێنانی بەڵگەخوازی(استدلال) ی لۆژیكیە .( نایجل وار برتون: 1996: 11).شێوازی بیركردنەوەی فەلسەفی لە گەلێك حاڵەتی جۆاو جۆردا بە سوودە، چونكە كاتێك شیكردنەوەی بەڵگە خوازی بەكار دەهێنین ئەوا ئەگەر دژ یان لە پێناوی هەر بابەتێكدا بێت ، فێری هەندێ شارەزاییدەبین كە دەشێت بۆ سەرجەم پانتاییەكانی تری ژیان بگوازرێتەوە .( هەمان سەرچاوە: 15)

ئەم جۆرە بیركردنەوەیە لە كاتی بەكارهێانی دا ئەو هۆكار و ئامانجانە دەردەخات كە لە پشت شتەكانەوەن ، هەروەها لە كاتی بەكارهێنانیدا هەوڵ دەدرێت ئەنجامی كارەكان دەرخرێت ، ئەو تەنیا هۆ و ئەنجام دەرناخات بەڵكو مەبەستی بەدەست هێنانی بەڵگەیە بۆ پشت ڕاست كردنەوەی بیرو بۆ چونەكان.(ولیام شانر :1961: 17)

تایبەتمەندییەكانی بیركردنەوەی فەلسەفی بریتین لە :

1- *عەقڵانیەت:*

بیركردنەوەی فەلسەفی لە خودی عەقڵەوە دەردەچێت و هەوڵ دەدات وەڵامی پرسیارەكان بە عەقڵ و لۆژیك بداتەوە .(نبیل عبدالحمید : 2003 : 14) یۆنانیەكان بەهای عەقڵیان دەرخست كە خۆی لە وێنەیەكی نوێ وڕاستەقینەتر لە سروشتدا دەبینیەوە و جیاوازیەكی زۆری هەبووە لەگەڵ ئەو ناسینەی كە ئەفسانە دەربارەی سروشت پێشكەشی كردبوو ئەم وێنەیە كاری كردە سەر ژیانی تاك و كۆمەڵی مرۆڤایەتی.



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

گەورەترین بەرهەڵستکاری ئەفسانەش ئەفلاتوون بوو کە هەوڵی دا بە لۆژیك و دیالیکتیکی خۆی پاشە کشە بە هێزی ئەفسانە بکات ، ئەفلاتوون دەڵێت (( لەم جیهانە ئەفسانە لە هەموو شتێك ناهەوسەنگ ترە ،چونکە هیچ جۆرە سنوور و دابەش بوون و رێنماییکردن و ئەخلاقێك قبوولْ ناکات .)) (ئێرنست کاسیرر: 101: 1983)

لە کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست وبەتایبەتی سەردەمی ڕینسانس و رۆشنگەری گرنگی دان بە عەقلانیەت پەرەی سەند. فەیلەسوفەکان بە تەواوی پشتیان بە عەقلْ بەست و پێیانوابووە کە سەرچاوەی سەرەکی زانست کە لە هەندێك پرسی گشتگیری و عەقلانیەوە دەردەهێنرێت لە رێگای چەند کردەیەکی لۆژیکیەوە دەبێت ، بیْ ئەوەی پێویست کات بۆ واقیع و ئەزموون بگەرێینەوە بە مەبەستی تێبینی کردن و تاقیکردنەوە .

بەم پێیە بێت لەگەلْ ئەوەی فەلسەفە عەقلانییە تێڕامانیشە ، چالاکیەکانی لە سنووری عەقلْ دایەو بواری چالاکیەکانیشی جیهانی هەست پێکراوی ماددیدا بەرجەستە دەبێت .(د. نبیل عبد الحمید : 2003 :14)

### – *رەخنەگرتن و شیکردنەوە:*

بیرکردنەوەی فەلسەفی بیرکردنەوەیەکی رەخنەیی شیکاریە بە شێوەیەك فەیلەسوف هەمیشە لەحەقیقەتەکان بە گومانە هەر لە لیکۆڵینەوەدایە بۆ گەیشتن بە بیروڕایەك کە دەستی گومان لێوەی دور بێت. کەواتە بیرکردنەوەی فەلسەفی تەنیا بیر و فرمانەکان شی ناکاتەوە ئەگەر چی ئەم بیرو ڕایانە( نەتەوەیی – ئایینی– یان تیۆری فەلسەفی )بن بەڵکو ئەمە تیْ دەپەرێنێت و ئامرازەکانی مەعریفەش شی دەکاتەوەو رەخنەشیان لێدەگرێت.(هەمان سەرچاوە: 15)

### 3– *گشتگیری وهەمە لایەنی:*

بیرکردنەوەی فەلسەفی بە هەمەلایەنی و گشتگیری جیا دەکرێتەوە ، بە شێوەیەك یەکێك لە مەرجە سەرەکیەکانی هەموو بیرکردنەوەیەکی فەلسەفی



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

ئەوەیە کە بواری چالاکیەکانی فراوان و بێ سنوور و بواری لێکۆڵینەوەشی گشتگیر و بێ کۆت وپێوەند بێت . .(د. نبیل عبد الحمید : 2003 :15)

### 4-تێڕامان و ئاوێتە کردن :

لە بیرکردنەوەی فەلسەفیدا تێڕامان و ئاوێتەکردن هەیە بە شێوەیەك فەیلەسوف لە ڕێگای ئەو لێکۆڵینەوانەی کە دەیکات هەوڵ دەدات بونیادێکی تێڕامانی ئاوێتەکراوی بەیەکبەستراوی لەگەڵ یەك گونجاوی هەبێت ، ئەمە هەوڵی فەیلەسوفە بۆ ئەو چارەسەرانەی کە دەیکات جا چ ئەو چارەسەرانە گەڕان بێت بە دوای خودا دا یان بنچینەی گەردوون و نەفس سروشتی و چارەنووسی بێت یان گەڕان بەدوای کێشەی جێگیر بوون وەستان بێت یان تاکایەتی و فرەییی بێت و چەندان پرسی تر.( هەمان سەرچاوە: 15).

## 4- بیرکردنەوەی زانستی :

بەشێوەیەکی گشتی بیرکردنەوەی زانستی بریتییە لەجۆرێك لە بیرکردنەوە کە بە هۆی تاقیکردنەوە ڕاستی شتەکان سەلماندبێت و لەگەڵ شوێن و کاتیشدا بگونجێت.

مەبەست لەم جۆرە بیرکردنەوە ئەوەیە کە ئەو کەسەی ئەم جۆرە بیرکردنەوەی لابێت کەسی ئاسایی بێت نەك زانا ، ئەوەی ئێمە باسی دەکەین جۆرێکە لە بیرکردنەوەیەکی ڕێکخراو کە لە ژیانی ڕۆژانەدا بەکار دێت .

پێویستە ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە ڕێکخراو بێت ، لە سەر بنچینەی وا بونیاد بنرێت کە بێ ئەوەی هەستی پێ بکەین لە هەر کاتێکدا ویستمان پیادەی بکەین . بۆ نموونە نابێت جەخت لە سەر شتێك بکەینەوە لە هەمان کاتدا ڕەتی کەینەوە هەروەها دەبێت ،پێمانوابێت هەموو ڕووداوێك هۆکارێکی لە پشتەوەیە.(فؤاد زکریا : 1978 :59 ) بەلآم ئەوەی ئەم بیرکردنەوەی لە بیرکردنەوەی فەلسەفی جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە بیرکردنەوەی زانستی بە پەرەسەندنی ئامرازەکانی مەنتقی بیرکاری (ماتماتیك) لە بابەتی فەلسەفە جیادەکرێتەوە ، بابەت و کەرەستە و تێزەکانی ماتماتیك و زانستیە ئەزموونیەکان پێوەری تایبەتیان (تاقیکردنەوە،



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

سەرنجدان، شیکردنەوە،.....هتد) بۆ داهێنراوە و بەهۆیەوە دەکرێت کۆنترۆڵ بکرێن ، ڕاستی و ناڕاستیان پشت ڕاست و ساغ بکرێتەوە . ناکۆکی و ناتەبایی نێوانیان بەیەك لا دا بخرێن ، لە گەڵ ئەمەشدا بابەتەکانی فەلسەفە بەگشتی ئەمەیان لەگەڵدا ناکرێت.( حمید عزیز: 2005 :7)

ئەگەرچی زۆرینەی خەڵك بونیاد و درێژەی دروست بوونی زانست نازانن ، بەڵام ئەمە واتای ئەوە نادات کە زانست کاریگەری لە سەر عەقڵی ئەمان بە جێ نەهێشتووە و تەنیا زاناکانی گرتۆتەوە ، زانست کاریگەری وای بە جێهێشتووە ناکرێت لابرێت ، بە واتا چەند شێوازێکی دیاری کراوی بیرکردنەوە دروست بووە کە پێش هاتنی سەدەی زانست نەبووە، بەڵکو چەند بیرکردنەوەیەکی ڕاڕایی و تێکەڵاوبوونە لە نەزانی و خوڕافە ، کەچی زانست هاتووە ئەم شێوازی بیرکردنەوەیەی لەکۆمەڵگادا گۆڕیوە و لەو دواکەوتووییە ڕزگارکردووە و بووە بە مۆرکێکی بەرزی بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتی.(فؤاد زکریا : 1978: 7)

لە کۆمەڵگای کوردی دا وەك هەر کۆمەڵگایەکی دی بە رێژەی جیا جۆرەکانی بیرکردنەوەی هەیە ، واتا هەموو جۆرەکانی بیرکردنەوە (ئەفسانەیی –ئایینی– فەلسەفی – زانستی) لە کۆمەڵگای کوردیدا هەریەکەیان بە ڕێژەیەك هەیە ، بەڵام بیرکردنەوەی ئایینی و ئەفسانەیی تێدا زاڵە بەتایبەتی بیرکردنەوەی ئایینی وەنەبێت دوو جۆرەکەی تری بیرکردنەوە نەبێت (فەلسەفی و زانستی) بەڵام ئەمانە زیاتر لە نێو چینی خوێندەواردا بەڕێژەیەك بەدی دەکرێت . لەگەڵ ئەوەی بیرکردنەوەی ئایینی بە شێوەیەکی زەق بەسەر ئەم چینەدا زاڵە، چونکە کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی داخراو و تێکچڕژاوە هەروەکو پێشتریش باسمان کرد مانەوەی ئایین پەیوەستە بە ژیانی کۆمەڵایەتیەوە و ئایین پێویستیەکی کۆمەڵایەتیە، هەرچەندیش کۆمەڵگاکە داخراوتر بێت ئەوەندە بیروباوەڕی ئایینیش تیایدا بە هێزتر دەبێت .

هەروەك ریچ لە گەشتەکەیدا باسی کاریگەری کەسایەتیە کاریزمیە ئایینیەکان دەکات بەسەر کۆمەڵگای کوردیەوە بە درێژایی مێژوو، هەروەها باسی ئەوە دەکات کە زۆربەی کەسایەتیە سیاسیەکانیش کەسایەتی ئایینی بوونە . بوونی



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

ئەم جۆرە کەسایەتیەی دەسەڵاتدارانەش  کاری کردۆتە سەر ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە کوردستاندا کاتێك کەسایەتی کاریزمی خاوەنی نەزعەیەکی ئایینی بێت ئەوا کۆمەڵگا بە هەموو شێوەیەك باوەڕی پێدەکەن چونکە وا هەست دەکرێت نێردراوی خودایە جا ئەگەر ئاستی خوێندەواریان لەو کەسانە نزمتر بێت ئەوا ئەم جۆر کەسایەتیانە زیاتر گەشە دەکەن و پێدەگەن.(بدرخان سندی:2002: 228)

لێردا دەتوانین بڵێین ئایین ڕۆڵی کۆمەڵایەتی وسیاسی لە کۆمەڵگای کوردی دا گێڕاوە، بیروباوەڕی ئایینی کاریگەریەکی زۆری بەسەر باری دەروونی کورد کردوە لەهەمان کاتیشدا دەبینین ڕەوشتی کوردیش کاری لە رووحە ئایینیەکەیان کردووە. (هاشم طه عقراوی:1971: 151)

بێگومان ئەگەر کۆمەڵگایەك بەم شێوەیە پەیوەست بێت بەو جۆرە بیرکردنەوەیە ئەوا لە نێو یاسا کۆمەڵایەتیەکانەوە دەچنە ناو دەقە یاساییەکانەوە ، بۆ نموونە لە هەموارکردنی (یاسای باری کەسێتی) سەبارەت بە فرەژنی لە پەرلەمانی هەرێمی  کوردستان ، دوو بەرە دروست ببوو کە یەکێکیان لایەنگری فرەژنی و ئەویتریان دژی بوو، بەڵام دواجار لایەنی یەکەم سەرکەوتنی بەدەست هێنا وئەمەش قوڵبوونەوەی بیرکردنەوەی ئایینی لە کۆمەڵگای کوردی دا دەردەخات .

لە بیرکردنەوەی ئەفسانەیی دا دەتوانین بڵێین کوردیش وەك هەر نەتەوەیەکی تر کاتێك لە سروشت ڕاماوەو ورد بۆتەوە پرسیاری ئەوەی کردووە من کێم ؟ و لە کوێوە هاتوومەو بۆ کوێ دەچم ؟ ئەم شتانەی دەورو بەرم چین و چۆن ڕوو دەدەن؟

هەروەك شوکر مستەفا دەڵێت ((کوردیش کە تازە پێرۆکە بووە بیری لە دەورروو بەری خۆی کردۆتەوە و .....سەری سورماوە هەنێ جار بەوەندە مێشکەی کە هێشتا وەکو ئەوەی ئێستا نەبووە و کەم ئەزموون بووە ، بە خەیاڵ و وەهم هۆکارو سەرو کارێکی بۆ ئەم جۆرە دیاردانە بە بیردا هاتووە و بە هەڵەو بێ هیچ بەڵگەیەکی واقیعیانە قەناعەتی بە خۆی هێناوە ...... مانگ و رۆژ گیراوە پێی وا بووە دێوەزمەیەك گرتوویەتی و کردوویە بە هەنگامەو هەراو هۆریا و تەنەکە لێدان گرم وهۆڕ ، تاکو دێوەزمەی پێ بترسێنێت ، باران بڕان بوو بێت ، بەزمە کۆسە



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

وەوی و بوکە بە بارانەو کێچیە گیرانی بۆ گێڕاوە ، و دوعاو نوێژی تایبەتی بۆ کردووە)).(شوکر مستەفا: 2006: 13)

ئەگەر بەوردی سەیری گۆڕان و پێشکەوتنی ئایین بکەین دەبینین ئەوا لەگەڵ ئەم پێشکەوتنە ئەفسانەش ئامادەیی هەیە چونکە ئەو هۆیانەی ئایینیان دروست کرد هەر ئەوهۆیانەش بە بە زۆری ئەفسانەیان دروست کرد بۆیە لە زۆر قۆناغدا سەیر دەکەین ئایین و ئەفسانە لێك ناکرێنەوە.( مەولود ابراهیم حسن :2007: 290)

ئەمەش ڕێگای ئەوەمان بۆ خۆش دەکات بە دڵنیاییەوە بڵێین ئێستا ئێمە ئەفسانەی کوردی ئیسلامیمان هەیە ، ئەم ئەفسانە کوردی ئیسلامیە ، پڕە لە ڕەنگ و بۆنی مەزهەبە ئیسلامیەکان...... لەگەڵ ئەو هەموو کاریگەریە ئیسلامیەش بۆ سەر ئەفسانەی کوردی ، ئێستاش ڕەنگی ئایین و ئایینزاکانی پێش ئیسلام تام وبۆنی خۆی لە دەستنەداوەو ریشەو ڕەگەزە کۆنیەکەی خۆی پاراستووە، ئەمەش تایبەتمەندیەکی گرنگی ئەفسانەیەو هۆیەکی گرنگیشە بۆ بەردەوامی مانەوەی ئەفسانە لەگەڵ هەموو گۆڕانە گەورەو گرنگەکانی ژیان بۆیە دەبینین لەگەڵ پەیدا بوونی هەر ئایینێك ئەو ئایینە ئەفسانەش لەگەڵ دا خۆی دەهێنێت.(هەمان سەرچاوە:293)

کورد بیرکردنەوە ئەفسانەییەکەی تێکەڵ بە ئایینی ئیسلام کردووە لە بەر ئەوەی تائێستا بۆ باران نەبارین نوێژە بارانە دەکات و زۆربەی ڕووداوەکان بۆ قەزاو قەدەر دەگێڕێتەوە نووسینەکانی ناو نوشتەکان بە ئایەت پڕدەکرێتەوە کە زۆربەی خەڵك بڕوای پێیەتی. کە باسی بیرکردنەوەی فەلسەفی دەکەین لە کۆمەڵگای کوردیدا هەمیشە کزی و لاوازی لەم جۆرە بیرکردنەوەیە لە کۆمەڵگای کوردیدا بە دی دەکەین.

ئەوەی تا ئێستا لێکۆڵەرو شارەزایان باسیان کردبێت و بە فەلسەفەیان زانیبێت، ئەوا زەردەشتە کە زۆرجار جگە لەوەی وەك پێغەمبەر ناوی دەبەن وەك فەیلەسووفێکیش ناوی هاتووە و باسی فەلسەفەکەی کراوە ...... جیا لەوەی کە ئێمە بەدوای کەسێکی فەیلەسووف دا بگەڕێین لە مێژووی کورد داو بە تەمای فەلسەفەیەکی دیاری کراو بین، ئەوا لە نێو کەلتووری کوردیدا بە گشتی



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

سەرەداوی فەلسەفەی جیا جیا دەست دەکەوێت ....... ئەگەر تەنیا پەند و گۆتەی کوردی بە سەر بکەینەوە ئەوا لە نێو ئەو پەند و گۆتانەدا رەگەز و دەماری چەندین فەلسەفە دەدۆزینەوە کە ئەگەر فەلسەفەش بە تەوای دەست نەکەوێت ئەوا هێڵ ودەمارێکی باریك هەر هەیە ، بە داخەوە ئەم لایەنەش وەك زۆر لایەنی تر پشت گوێ خراوە.(مولود ابراهيم حسن :2007 :295)

ڕەنگە بە هۆی گەشە نەکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی وسیاسی وئابووری سڵی لە فەلسە فە کردبێت ، وەك شتێکی دژ بە ئایین سەیری کردووە ،کە دەڵێن فەلسەفە مەبەستمان ئەو بیرکردنەوە عەقلآنیە یە کە پێشتر تایبەتمەندیەکامان باس کرد کە گشت گیر وهەمە لایەنەو پڕە لە رەخنەو شیکردنەوە و ئاوێتەکردن و تێکەڵکردن.
ڕەنگە ئەم کزیە زۆر جار بۆ جۆری فەلسەفەکانیش بگەرێتەوە ئێمە ئەگەر لە سەدەی بیستەمدا شارەزاییمان لە بارەی فەلسەفەوە پەیدا کردبێت ، ئەوا ئەو کاتە فەلسەفەی باو فەلسەفەی ماتریالیستی(ماددی) بوو کە فەلسەفەیەکیش بووە بە هەموو شێوەیەك لایەنی ڕووحی لە مرۆڤدا بە لاوە ناوەومرۆڤی بە هەموو شێوەیەك بۆ ئاستی ماددە نزم کردۆتەوە بێگومان ئەمەش بە هەموو شێوەیەك لەگەڵ ئاستی بیرکردنەوەی نەتەوەیەك ناگونجێت کە بە درێژایی مێژوو ژێر دەست بووە و ئاستی بیرکردنەوەی نزم بووە و هەمیشە بۆ نەهامەتیەکانی پشتی بە هێزی لە خۆ گەورەتر و هێزە ڕووحیەکان بەستووە . ئەوەتا مەسعود محەمەد دەڵێت ((دیاریشە گەورەترین سەرو بن کردن لەم مەیدانەدا کڕنۆ بردنە بەمرۆڤی زیندووی هەستیاری خاوەن ئیرادە بۆ بەر ماددەی رەق و تەق، من لەم باسەمدا سەیرم بەوە دێت کە دەبینم ئەو خاوەن بیروڕایانەی کە مرۆڤ بۆ ماددە نزم دەکەنەوە بە خۆیان دەڵێن مرۆڤ دۆست ))( مسعود محمد: 1999 : 6)
کەچی شوکر مستەفا دەڵێت : (( دەبێت تۆ لە ناو جەرگەی ژیانی رۆژانەدا هەڵی سەنگێنی و بزانیت تا چ ئەندازەیەك وەڵامدەرەوەی پرسیارەکانی مرۆڤە ؟ فەلسەفە بەوە دەبێت بە فەلسەفە کە تۆ بزانیت لە پڕاکتیك و ژیانی رۆژانەدا بە چ مانایەك دێت؟ و شوێنی وی بە تەواوەتی دەست نیشان کەیت و قایم و بن چەسپی کەی لە تەواوەتی وڵاتانی ئیسلامدا ئەم پینەو پەڕۆ و چاو بەستانەی کە



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

هـیچ کـارێکی لـە ئابووری نـەکردووە و هەمیشـە بـە بیـانووی بڤـەو نـازانم چـییە مەلەرزە و چیە مەترسە بووە بە هۆی ڕۆژ ئاوا بوونی فەلسەفە پاش ئەوەی کە ئایدۆلۆژی ئایینی هەر لە کۆنەوە ڕەگەز نامەی لێ سەندۆتەوە و شار بە دەری کردووە)) .(شوکر مستەفا :2003 :332)

بە کورتی دەتوانین بڵێین کە جۆری بیرکردنەوە کاریگەریەکی بە هێزی هەیە لە دروسـت کردنـی گـۆڕانی کـەلتووری و فیکـری لـە کۆمـەڵگادا ، هـەر جـۆرێکی بیرکردنەوە کەلتووری تایبەت بە خۆی هەیە کە لە جۆرەکەی تری جیا دەکاتـەوە ، جـا هـەر ئاڵۆزیـەك لـە بیرکردنـەوەدا هـەبێت پێویسـتە لـە ڕێگـای بیرکردنـەوەی فەلسەفیەوە چارە سەر کرێت چونکە بە درێژایی مێژوو هەر فەیلەسووفەکان بوونە توانیویانە کاریگەری گەورە بکەنە سەر جۆری بیرکردنەوەو گۆڕانی لە کۆمەڵگادا ، لە بەر ئەوەی ئەو جۆرە بیر کردنەوانەی کە دژی عـەقڵ و زانسـتە تـەنیا لـە ڕێگـای بۆچوونە عەقڵیەکانـەوە چارەسـەر دەکرێـت کـە فەلسـەفەو فەیلـە سـووفەکان ڕۆڵـی گەورەیان لە دروست بوونی دا گێڕاوە.

هەرچی بیرکردنەوەی زانستییە ، ئەوا لۆژیکی ژیان سەلماندوویەتی کە زانستی کـوردی وەك زانسـتی هـەر نەتوەیـەك دەبێـت لەگـەڵ یەکـەم کـارو چـاو کرانـەوەی مرۆڤی کورد سەری هەڵدابێت بە شێوە سادەو ساکاریەکەی .(مولود ابراهیم : 2005 :375 ئێمـە لـە باسـی بیرکردنـەوەی زانسـتی دا ئـەوەمان ڕوون کـردەوە کـە بیرکردنەوەیـەکی تۆکمـەو بەڵگـەدار و تاقیکاریـە و ڕەنگـە دوورتـرین جـۆری بیرکردنەوە بێت کە کۆمەڵگا دەستی پێ بگات ، چونکە هێندە بەڵگەو سـەلماندنی دەوێـت لـە مۆرکـە مرۆڤایەتیەکـە دا دەشـۆرێت کـە ئەمـەش بـە شـێوەیەکی گشـتی لەگەڵ بیرکردنەوەی کۆمەڵگادا ناگونجێت ، جا ڕەنگە ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە لە کۆمـەڵگای کوردیدا تایبـەت بێـت بـە خـاوەن پسـپۆری و ئـەوان بتـوانن لـە ڕێگـای خۆیانە بڵاوی بکەنەوە کە پێویستە کۆمەڵگا پێی بگات .

چۆنیەتی بیرکردنەوە پەیوەندیەکی تۆکمەی بە ژینگەی تاك و ژیانی ماددی و رووحـی تاکـەوە هەیـە، ئەمـەش وا دەکـات کـە هەمیشـە تێگەیشـتن و لێکدانـەوەی واتای ڕستە و دەستەواژەکان لەگـەڵ گـۆڕانی کۆمـەڵگا دا گـۆڕانی بەسـەر دا بێـت.



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

**کەواتە دەتوانین لە ڕووی گۆڕان و گەشەی کۆمەڵگاوە گۆڕانیش لەزماندا هەست پێبکەین .**



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

# بەشی سێیەم:
# یاسا زمانی و کۆمەڵایەتیەکان

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

## زمان و یاسا

لە عورف زانستی دا  وشەی یاسا بەو بنچینە گشتیانە دەوترێت کە پەیوەندی نێوان هۆ و ئەنجامەکان دەست نیشان دەکات ، هۆکاری  پێشەکی و ئەنجامەکان دەردەخات، بە واتایەکی تر ئەو شتەیە کە پێشبینی ڕوودانی چەند ئەنجامێکی دیاری کراو دەکات ئەگەر چەند هۆیەکی تایبەتی هەبێت . ( علی عبد الواحد واف :1972 :15) هەروەها ئەنجامی ڕوداوەکان بۆ هۆکارەکانیان دەگێڕێتەوە ، بەم شێوەیە ئەو شتانەی کە زاناکانی بیرکاری و سروشتی و ئابووری و ئەوانی تر بە یاسای دا دەنێن ، پەیوەندیەکی هۆ و هۆکاری لە نێوان دوو شت یان زیاتر دیاری دەکات ، وەك یاسای لێکدان– کێشکردن– ئەرخەمیدس.... (هەمان سەرچاوە:15)

لە سەر ئەم بنچینەیە زانستی زمان و زانستەکانی تریش دامەزراون ، توێژەران هەوڵیان داو ئەو یاسایانە بدۆزنەوە کە دیاردە زمانیەکان لە ژێر ڕکێفیان دان بە هەموو جۆر و بەشەکانیانەوە .

بە درێژایی هەوڵ و لێکۆڵینەوەکانیاندا  دەستیان بە زۆر لەو یاسایانە گەیشتووە ، هەیانە تایبەتن بە زمان، هەیانە تایبەتن بە واتاکانی زمان هەیانە تایبەتن بە ژیانی زمان، هەیانە تایبەتن بە ئەرکەکانی زمان ، هەیانە تایبەتن بە زمانێك، یاساش هەیە هەموو زمانێك دەگرێتەوە. لێرەدا دەردەکەوێت کە دیاردە زمانیەکان لە ژێر دەستی کەسێك و کۆمەڵە کەسێکیشدا نییە، هەروەها بە پێی حەز و ڕێکەوتیش نییە ، بەڵکو بە پێی چەند یاسایەکی چەسپاو و جێگیری وا بەڕێوەدەچێت  کە هیچی لە یاساکانی فەلەك و سروشت کەمتر نییە . بۆ نموونە هەندێ جار کۆمەڵە کەسێك زاراوەیەك دادەهێنن ، بەڵام هەر لەگەڵ  هاتنی ئەم زاراوەیە بۆ ناو کۆمەڵگا ئەوا لە دەست داهێنەرەکەی دێتە دەرێ و دەچێتەوە ژێر ڕکێفی ئەو یاسایانەی کە کەسێك و کۆمەڵە کەسێك ناتوانن ڕێیان پێبگرن.(هەمان سەرچاوە: 18)

ڕەنگە یاساکانی زمان وەکو یاساکانی زانستە سروشتیەکان تاقیگەیی نەبن ، لەگەڵ ئەوەی لە خوێندنی دەنگەکانی زماندا پێویستیمان بە ئامێری تایبەتی دەبێت بەڵام ئەو حەتمیەت و جەبریەتەی کە لە یاساکانی زانستە سروشتیەکان هەیە ڕەنگە لە یاساکانی زماندا نەبێت.کەچی چەندان یاسامان هەیە کە لە زماندا بە جێگیر و



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

گشتگیر جیا دەکرێتەوە وەك ئەوەی (زمان تەنیا لە کۆمەڵگادا دروست دەبێت) ( زمان تەنیا لە کۆمەڵگادا بەکاردێت ) ( قسەکردن بەگوێرەی ئاستی کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵگایەکدا و لە هەمان سەردەمدا دەگۆڕێت) ( هەموو زمانێك سیستمی دەنگی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکسی خۆی هەیە) و( چارەنووسی هەموو زمانێك بەش بەش بونیەتی بۆ زارەکانی). (محمود سعران: 1962 : 13)

کاتێك ڕیزپەڕ لە یاساکانی زمان دەبینرێت ئەمە واتای ئەوە نییە کە یاسایەك نییە ئەمانە بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە ، بەڵکو یاسایەکی تر شوێنی ئەو یاسایە دەگرێتەوە. بەهەمان شێوەش لە یاسای کێشکردنیشدا ڕیزپەڕ هەیە کاتێك دەڵێت(هەموو تەنێك بە شێوەیەکی شاقوڵی بەرەو چەقی زەوی دەکەوێتە خوارەوە) ئەمە بە سەر پارچە قاغەزێك دا پیادە ناکرێت کاتێك بەم لاو بەولا دا دەکەوێتە خوارەوە یان (باڵۆن) دەبینین چۆن بەرەو ئاسمان بەرز دەبێتەوە. کەواتە یاساکانی زمانیش وەکو یاسا سروشیەکان ڕووبەڕووی یاسای تر دەبنەوە ، ئەو ڕیزپەڕانەش کە لە یاساکانی زمان دەبینرێت تا ئەو کاتە ڕیزپەڕن کە یاسایەکی تر شوێنیان دەگرێتەوە.(محمد انطاكي: 1969 : 25)

یاساکانی زمان وەك هەر یاسایەکی تر لە چەند یەکەیەکی بەیەکەوە بەستراو پێکهاتووە، بەو شێوەیەی کە سروشتی یاساکەی پێویستیەتی بۆ ئەوەی کارەکەی بە ڕێکی بکات . بوونی ریزە دەنگێکی درکاوی بە دوای یەك دا هاتوو بۆ ئەوەی هەمان واتا بدات ، بەڵگەیەکی ئاشکرای بوونی سستەمە لە زماندا .ئەگەر زمان سیستم و یاسای نەبوایە ئەوا نەی دەتوانی ئەرکی گەیاندن بەجێ بهێت ، چونکە ئەو کاتە هەموو ئەو شتانەی کە پەیوەندیان بە زمانەوە هەبوایە دەخرایە خانەی ڕێکەوتەوەو هەریەك لە قسەکەر و گوێگر دەبوایە پەنا بۆ خەملاندنی قسەکان ببەن ئەو کاتەش لە یەکگەیشتن ئەستەم دەبوو .بەڵام واقیعی زمانی شتێکی جیا لەمەیە و زمان لە پێکهاتن و بەکار هێناندا ڕەمەکی نییە و یەکە و پێکهاتەکانی لە ژێر باڵی چەند کۆتێکی دیاری کراو دایە و سیمبۆلەکان و شیکردنەوەیان بە پێی چەند سیستمێکی دیاری کراو هەربۆیە دەبێت پێویستە هەر یەك لە قسەکەر و گوێگر



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

هەمان سیستم بەکار بێنن ئەگەر بیانەوێ بە شێوەیەکی چالاك لەگەڵ یەکتریدا پەیوەندی بکەن.( روی–سی–هجمان:1989 : 16)

ئێمە دەزانین دەنگەکان بە شێوەی جیاجیا ڕێك دەخرێن بۆ ئەوەی هەر بەشێکی ڕێکخراو ببێت بە (وشە) ، ئەم وشانەش واتادار نابن ئەگەر لەسەر شێوەی زنجیرەی بەیەکەوە بەستراو بەیەکەوە نەبەسترێن کە(ڕستە)یە .بۆ ئەوەی ئەرکی داواکراو بەجێ بهێنن بۆ دەربڕینی واتاکان . بەلاٌم چۆن ڕێك دەخرێن ؟ چۆن ئەم پەیوەندیانەی نێوان وشەکان لە ڕستە جیاوازەکان دەزانین ؟ بەڵکو چۆن جیاوازی لە نێوان ڕستەکاندا دەکەین ؟ دەبێت چەند یاسایەك هەبێت ڕێکخستنی ئەم وشانەی لەبەر دەست دابێت و پەیوەندی نێوانیشیان ڕێکخات ئەم یاسایانەش یاسا زمانیەکانن.(نایف خرما: 1987 : 255)

ئەم یاسایانە لە سادەترین زمانیشدا بەدی دەکرێت کە بە هیچ شێوەیەك شارستانیەت پێیان نەگەیشتووە . ئەو کەسانەی کە بەشێکی زۆری ژیانی خۆیانیان بۆ لێکۆڵینەوەی زمانە ئەفریقیەکان تەرخان کردووە و هەوڵیان داوە یاسای قسەکانی ئەو خەڵکە دیاری کەن سەریان سوڕماوە بەو وردەکاریە سەیرەی کە لە یاساکانی زمانەکەیان دا هەبووە و بەو لێکچوونەی کە لە دەنگ و پێکهاتەی زاراوەکانی تاکەکان بەرچاو کەوتووە ، لەگەڵ ئەوەی ئەو کەسانە تایبەت مەندی زمانەکەیان نەزانیوە بەڵکو بە بێ هیچ مەبەستێك بە شێوەیەکی داینەمیکی درکاندوویانە وبێ ئەوەی هیچ شێوەیەکی تۆمارکردن و نووسین لە زمانەکەیەندا هەبێت.(ابراهیم انیس: 1970: 11)

## یاسا دەنگیەکان:

زانینی زمانێکی دیاری کراو واتای ئەوەیە کە بەکارهێنەرەکانی بە بێ ئەوەی هەست بکەن یاسا دەنگیەکانی دەزانن ، دەزانن چ دەنگێك لە سەرەتای وشە دێت کامیان لە ناوەڕاست و کامیان لە کۆتاییدا دێت (روی–سی–هجمان:1989 :18 )

(ڤان ویك) لە ساڵی 1936 چەند پێناسەیەکی بۆ فۆنیم کرد، یەکێك لەوانە ئەوەبوو ( فۆنیمەکانی زمانێکی دیاری کراو چەند پێکهاتەیەکی زمانین کە یاساکانی لەزەینی هەموو ئەوکەسانەی کە قسەی پێدەکەن هەن ).(عبد الصبور شاهین: 1980:



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

129) ، (ماريۆ پای) جیاکردنەوەی دەنگەکان بۆ نەستی (لاشعور) قسە پێکەرانی دەگەڕێنێتەوە ، چونکە کاتێك دەنگێك کەم بێت یان لە شوێنی خۆی دا نەبێت ئەوا هەست دەکەن واتای وشەکە تێکچووە . کەواتە فۆنیم تەنیا لە سەر بنچینەی ئەندامی و دركاندن دروست نابێت ، بەڵکو نەریتی کۆمەڵ و هەستی قسەپێکەرانیش بەشداری دروست بوونی دەکەن.(هەمان سەرچاوە:131)

قسەپێکەران دەبێت ئەو قاڵبە دەنگیانە هەڵبژێرن کە لە کۆمەڵگاکەیاندا ناسراوە بۆ ئەوەی واتاکانی پێدەربڕن بەپێی ئەو یاسایانەی کە لە زمانەکەیاندا دیاری کراوە.(نایف خرما: 1978 :83)

ئەندامەکانی دركاندن لە ڕووی پێکهاتن و پەرەسەندنەوە بەپێی نەتەوەکان و جیاوازی سروشتیان دەگۆڕێت ، ئەم شێوانەش لە ڕێگای بۆ ماوەییەوە لە باوانەوە بۆ وەچە دەگوازرێتەوە ، ئەندامەکانی دركاندن سەرەتا لە لای منداڵ نەرمە ئامادەیی وەرگرتنی هەر زمانێکی هەیە هەرچەندە ئەو زمانە لە زمانی دایك و باوکی دور بێت ، بەلاّم لەگەڵ گەورە بوونی ئەم نەرمی یە لە دەست دەدات و توانا دەنگیەکانی تایبەت بە نەتەوەکەی لە لا دەر دەکەوێت و نەریتە قسەییەکانی لا پێدەگات لە پەرەسەندنیشدا ئەو ڕێگایە دەگرێتە بەر کە لە ڕێبازی زمانەکەیدا هەیە و لە پەرەسەندنی ئەندامەکانی دركاندنی نەتەوەکانی تر جیاوازە.(علی عبدالواحد وافی: 1972: 268)

یاسا فۆنۆلۆژیەکان بە لای کەمی سێ جۆر یاسا ئەنوێنن (وریا عمر امین : 2004 : 159):

1- بە هۆیەوە فۆنیمەکانی زمان دەست نیشان ئەکرێن.

2- ئەوانەن لە ناو قالبی فۆنەتیکدا فۆنیمەکان لە یەك ئەدەن بۆ دروست کردنی بڕگەی فۆنۆلۆژی ، ئەویش دوو جۆرە :

أ- بڕگەی فۆنەتیکی : گشتییە هەموو زمانەکانی جیهان تیایدا بەشدارن پەیوەندی بە فیسیۆلۆژیەتی هەناسە وەرگرتن و چۆنیەتی دركاندنی ئەندامانی ئاخاوتنەوە هەیە .



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

ب–بڕگەی فۆنۆلۆژی: لە هەموو زمانێکدا ناوکی بڕگە ڤاوڵێکە لەگەڵ ئەم ڤاوڵە چەند کۆنسونانتێك دەردەکەوێت ، ژمارەی ئەو کۆنسونانتانە جۆری ریز بوون و دەرکەوتنیان بەیەکەوە لە زمانەکاندا جیاوازە، بۆ نموونە لە بڕگەی زمانی کوردیدا لە یەك تا چوار کۆنسونانت ئەشێ لەگەڵ ڤاوڵدا لە بڕگەدا دەرکەوێت ، هەرگیز لە دوو کۆنسونانت زیاتر ناکەوێتە لایەکی ڤاوڵەکەوە.

فۆنۆتاکتیکی زمانی کوردی ئەم جۆرە بڕگانە دیاری دەکات :

| | | |
|---|---|---|
| 1- | Cv | bo |
| 2- | Ccv | xwa |
| 3- | Cvc | kew |
| 4- | Cvcc | dast |
| 5- | Ccvc | xwar |
| 6- | Ccvcc | xward |

کەواتە دەتوانین بڵێین:

1- فۆنیمی یەکەم کۆنسونانتە.

2- پێش (v) پتر لە دوو(c) نایەت.

3- بڕگە بە بێ(v) دروست نابێت.

4- ڤاوڵ لە سەرەتای بڕگە نایەت.(عبد السلام نجم الدین: 2007 : 75)

جۆری سێیەمی یاسا فۆنۆلۆژیەکان ئەوانەن کە لە ئەنجامی لێکدانی فۆنیمەکان هەندێك دەنگ هەیە دەتوێتەوە هەندێك پەیدا دەبێت و هەندێك دەگۆڕێت ، هەندێکیش جێگۆڕکێ دەکەن.(وریا عمر امین: 2004: 115)

قسەکەری هەر زمانێك لە کاتی قسەکردندا وشەو ڕستەکانی خۆی بە ڕەوتێکی ئاسۆیی ڕێك لە زارەوە دەرناهێنێت ، بەڵکو بەردەوام لە بەرزی و نزمی دادەبن جۆر و ڕادەو پلەی خێرایی توندی و وەستانی ئەم هەڵسو کەوتانە بەپێی مەبەست و یاساکانی زمانەکە سەرهەڵدەدات .

سێ جۆر ڕەوت لە زماندا دەست نیشان کراوە :

1- هێز stress

2- ئاواز intonation



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

3-تۆن tone( وریا عمر امین:2005: 204)

1-هێز: ئەو کەرەستە ناکەرتیەیە ئەرکی فۆنیم دەبینێت بریتیە ( لە ئەو رەوت و درێژکردنەوەیە کە دەکەوێتە سەر بڕگەو ئەو بڕگەیە لە بڕگەکانی دەوروبەری زەقتر و دیارتر دەکات .(عبد السلام نجم الدین : 2007: 58)

لە زمانی کوردیدا بە شێوەیەکی گشتی هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر دوا بڕگەی وشەوە جگە لە هەندێك ناوێزەی وەك ( بەڵام، چونکە، ......) (وریا عمرئەمین :2005: 258)

بەم شێوەی لە زمانی کوردیدا هەر وشەیەك خاوەنی هێزی سەرەکی خۆیەتی ، ئەگەر شوێنی ئەم هێزە بگۆڕێت ئەوا دەبێتە هۆی ناپەسەند بوونی درکاندنی وشە یاخود گۆڕینی واتای وشە ، کاتێك هێز بە گۆڕینی شوێنی واتابگۆڕێت ئەوا ئەرکی فۆنیم دەبینێت.

مردن **mird'in** بەواتای (ئەوان مردن)

**mi'rdin** (چاوگ)

جگە لە هێزی وشە ڕستەش هێزی هەیە بەڵام ئەو دەکەوێتە سەر وشەیەك لە ڕستەکەدا.(عبد السلام نجم الدین: 2007 :58)

2-ئاواز: گۆڕینی لەرینەوەی ژێکان دەبنە هۆی گۆڕانی ئاوازی ڕستە ، هەر ئاوازەش واتایەکی جیا بە ڕستەکە دەبەخشێت بۆنموونە: (ئەو بە خێڕایی ڕۆیشت) دەیان مانای جیا دەبەخشێت بەپێی ئاوازەکەی ئەگەر خێڕایی لەرینەوەی ژێکان لەسەرتاپای ئەم ڕستەیە هەمان شت بێت ڕستەکە مانای (خەبەری) دەدات ، ئەگەریش خێرایی لەرینەوەی ژێکان لەسەر هەریەك لە وشانە زیاد کرێت ئەوا دەبێتە وەڵامی پرسیارکردن لە ئەو وشەیە .(وریا عمر ئەمین: 2004: 289)

پێشتر ئەوەمان دەرخست کە زمان بە شارستانیەتی نەتەوەو سیستم و داب و نەریت و بیروباوەڕو ڕۆشنبیری و دیدی بۆ ژیان کاریگەرە هەروەها بە ژینگەی جوگرافی و باری کۆمەڵایەتی و ....هتد کاریگەرە .



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

زمانی خەڵك گیانی خەلكەو گیانی خەڵکیش زمانی خەڵکە ، هەر زمانێك بەرهەمی ڕابردوویەتی ، بیریش پابەندی ڕادەی شارستانیەتە ، کەواتە هەرسێکیان پابەندی یەکترن و بە تێپەڕبوونی کات گۆڕانیان بەسەر دادێت و هاوشان بەرەو پێش دەچن و پەرەدەستێنن ،ئاستی هەر زمانێك و ڕادەی پەرەسەندنی پەیوەندیەکی پتەویان لەگەڵ ئاستی ڕۆشنبیری و پەرەسەندنی هەیە. (عەبدوڵا حسین رسول: 2002 :3/2)

هەرچەندیش شارستانیەتی نەتەوە فراوانتر بێت ئەوەندەش پێویستی ژیانی زیاتر دەبێت و بیرکردنەوەش پێشکەوتووتر دەبێت و زمانیش دەگۆڕێت و هونەرەکانی قسەکردنیش تیایدا زیاتر دەبێت و دەگەڕێتەوە بۆ زاراوە کۆنەکانی و زاراوەی تریش دێتە ناوی لە ڕێگای داڕشتن و وەرگرتن و داتاشینەوە بۆ ئەوەی بتوانێت دەربڕی ئەو بیرە نوێیانە بێت .(علی عبد الواحد وافی: 1951: 257)

ئەم پەرەسەندن و گۆڕانە جەبرییە ،چونکە لە ڕێرەوەکەیدا دەچێتە ژێر رکێفی چەند یاسایەکی توندەوە مرۆڤ ناتوانێت ڕێی پێ بگرێت ( هەمان سەرچاوە : 286)(شلایشەر) دەڵێت (( ئەم بونەوەرە زیندووە لە گەشەیەکی بەردەوام دایە لە ژیانیدا. )) (هادی نهر: 1988: 114)دەشێ بکرێتە پێوەرێکی وردی پێشکەوتنی نەتەوە و داڕوخانیشی لە مەیدانی ڕۆشنبیری و زانست و شارستانیەتدا هەروەها ئەو بارە کۆمەڵایەتیانەی کە قسە پێکەران لە سەری دەڕۆن وەك (بیروباوەڕ – داب و نەریت– داد– وێنەکێشان– موزیك– هەموو هونەرەکان و چالاکیە مرۆییەکانی تر هەموو لایەنەکنی زمان ڕەنگ دەکەن جا چ دەنگ یان وشە یان واتا یا ڕێزمان و شێواز ..... بێت) بە شێوەیەك هەر گەشەیەك لە ولایەنانە ڕوبدات لەزمانیشدا ڕەنگ دەداتەوە (هەمان سەرچاوە: 114)گۆڕانیش بەپێی یاساو دەستور ڕوودەدات و لە خۆوە بێ ڕێو شوێن نابێت. (محمد معروف فتاح:1987: 91)

ئەندامەکانی قسەکردن لە گۆڕانێکی بەردەوام دان لەڕووی پێکهاتەو ڕێبازی بەجێهێنانی ئەرکەکانی یەوە، قوڕگ و دەنگ و زمان و هەموو ئەندامەکانی قسەکردنمان لە هی باپیرە گەورەکانمان جیاوازە ئەگەر لەڕوی پێکهاتەشەوە نەبێت ئەوا لەڕوی ئامادەییەوە(استعداد)ەوە ، بگرە لەگەڵ هی باوانە نزیکەکانیشمان جیاوازە بەلأم ئەم گۆڕانە بە شێوەیەکی ئاشکرا دەرناکەوێت تاکو کاتێکی زۆری



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

بەسەردا تێ نەپەڕێت، شایانی باسە کە هەر گۆڕانێك لە ئەندامەکانی قسەکردندا ڕوو بدات یان لە دەنگەکانی وشەکاندا بێت ، ئەوکاتە دەنگە کۆنەکان لە شێوە کۆنەکەی خۆیان لادەدەن و بەشێوەیەك دەر دەکەون کە لەگەڵ ئەندامەکانی گوتندا گونجاو تر بن.( علی عبد الواحد واڤ:1972 :297)

کاتێك دەنگەکان لە شێوە کۆنەکەی خۆیان لا دەدەن بە لە پێناو سوك کردنی ئەو ئەرکەیە کە لەسەر ئەندامانی ئاخاوتن هەیە لەم ئاستەدا گۆڕان زیاتر بەرچاو دەکەوێت لە چاو ئاستەکانی تر ڕوون و ئاشکراترە شاراوە نین، چونکە لایەنی دەنگ زۆر بەکار دەهێنرێت (عبدالله عزیز محمد: 1990 :19)

1- گۆڕانی دەنگ :

پێش+ ڕەو -------------- پێشڕەو / پێژڕەو/

هەشت+دە ---------------- هەشتدە /هەژدە/

2- تێچونی دەنگ:

لە+ئەم+بەر ------------- لەم بەر

لە+ئەم+ە --------------- لەمە

لە+ئەو+ە ----------------- لەوە

3-جێگۆڕکێی دەنگ:

ڕفین فڕین

4-جیابونەوەی دەنگ:

پاش +شێو --------پار شێو

هەندێك جار دەنگی پێشەوەی وشەکە لە ناو دەچێت وەك(ئەشەل-شەل)هەندێك جار دەنگی ناوەڕاست وەك ( کوژاندنەوە- تواندنەوە) (کوژانەوە- توانەوە......)جاری واش هەیە دەنگی پێشەوەو دواوە لە هەمان کاتدا وەك(محمد- حەمە) بەلاّم لە کوردیدا لە ناو چوونی دەنگی دواو دیاردەیەکی بلاّوە بەتایبەتی ئەمە لە زاری سلێمانیدا دەردەکەوێت( کاك-کا، دەست-دەس، شێخ-شێ) .(محمد معروف فتاح: 19887 :93)



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

**هۆكـاریكی تـر كەشـان بەشـانی زمانـەكان دێـت ، هۆكـاری ململانـێ و لێكخشـانی زمانەكانە. چۆن كۆمەڵگاكان كارلێك دەكەن و جەنگ دەكەن لە پێناوی سـەركەوتن و بە دەسەلاٚت بوون بە هەمان شێوەش زمانەكان كار لەیەك دەكـەن و لـە ململانێدان ، چۆنیش بونـەوەرە زینـدووەكان لێك نزیك دەبنـەوە بەهـەمان شـێوەش زمانـەكان لێك دەخشێن .**

**لـەم ململانێیانـەش هەنـدێ جـار زمـان سـەركەوتوو دەبێـت و هەنـدێجاریش تێـك دەشـكێت و پاشـان لـە نـاو دەچـێت و نامێنێـت.**(هـادی نهـر: 1988: 127) **هۆكـاری ململانێـی زمانـەكان داگیركردنـی نەتەوەیەكـە لـە لایـەن نەتەوەیـەكی تـرەوە ، یـان هاوسێیەتی زمانە ، هەروەها بوونی شـەڕێكی درێـژ لـەنێوان دوونەتـەوەی جیـاوازدا ، بـوونی بازرگـانی لـە نێـوان نەتـەوەكان داو بـوونی پەیوەندیـەكی كـەلتووری ، ئەمانـە كاریگەریـەكی زۆر لەسـەر زمانـەكان بـەجێ دەهـێڵن كـە هەندێك جـار سـنووری وشـەو زاراوە تێ دەپەڕێنێت و بەرەو ڕێزمان و شێوازیش دەڕوات.**(علی عبد الواحد واف: 1972 :249) **، هەڵبەتە كام زمان پتر كەرەستە ببەخشێت ئەوا بەزمانی(زاڵ) دادەنرێت و كام زمانیش پتر وشەو كەرەستە وەربگرێت ئەوا بەزمانی (بەزیو) دادەنرێت** (عبدالله حسین رسـول: 2002 :3) **ئـەم ململانـێ و لێكخشـاندنە كـار لـە دەنگـەكانی زمـان دەكـات و ماسولكەكانی دەم و قورگ و ژێ دەنگیەكان لەسەر دەربڕینی دەنگە نوێكان ڕادێن و فێری گۆكردنیـان دەبن ، تـاوای لێدێت وەكو زمانـە زاڵەكـە دەریـان بڕن ، بـەم جۆرە دەنگەكانی زمانە زاڵەكە دەخزێنە نێو زمانە بەزیوەكەوە ، وەكو خزینی دەنگی(ح، ع، ق.....) ی زمانی عەرەبی بۆ ناو زمانی كوردی بە بەڵگەی ئەوەی ئەم دەنگانە لە زمانە هیندۆ ئەورووپەكاندا نیین .**(هەمان سەرچاوە:4)**و كوردیش یەكێكە لە و زمانانە و سەرەتا ئەو دەنگانەی نەبووە بەلاٚم بەكاریگری زمانی عەرەبی ئەو دەنگانە هاتوونەتە ناوزمانەكەیەوە ، لێرەشدا كاریگەری ڕادەی تێكەڵی وای كردووە شێوەزاری گـەرمیان باشتر لە شێوەزارەكانی باكور دەتوانن هـەردوو دەنگی (ح)(ع) گۆبكـەن و لـە یـەكیان جیا بكەنەوە ، بەلاٚم ئەو دوو دەنگە لە شێوەزاری خۆشناوەتی تێكەڵ دەكرێن و نابنە هۆی واتاگۆڕین ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە كە شێوەزاری گـەرمیان زیاتر لەگەڵ زمانی عەرەبی تێكەڵە.**(عبدولاٚ حسین رسول:2002: 5)



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

## یاسا مۆرفۆلۆژیەکان:

ڕێبازی باوی لێکۆڵینەوەی (یاسا مۆرفۆلۆژیەکان) لێکۆڵینەوەیە لە بەشەکانی ئاخاوتن وەك(ناو،کار، ئاوەڵناو......) و تێبینی کردنی ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر شێوەی ئەمانە دادێت لە ڕستە جۆراوجۆرەکانداو ریزکردنیان لەناو ڕستەدا بەپێی واتای ڕستەکان .

واباوە کە هەریەك لە بەشەکانی ئاخاوتن ئەرکی تایبەتیان هەیە ، بۆ نموونە دەبێت ناو نیشانە بێت بۆ(کەس،شت،..) کار نیشانە بێت بۆ (روداو)، ئاوەڵناو نیشانە بێت بۆ(وەسف) بەم شێوەیە.

یاسا پەیوەندیەکی بە تینی بە مۆرفۆلۆژیاوە هەیە چونکە پێکهاتە مۆرفۆلۆژیەکانی زمانێکی دیاری کراو ڕێکخستن و یاساکان بەڕێوەی دەبات ، واتا ئەو ڕێکخستنانەی کە یاسا زمانیەکان پشتی پێ دەبەستن ، چونکە ئەو یەکانەی کە ڕستە پێکهاتەکانی پێ دروست دەکات وشەکانن ئەمانیش دەبێت ڕێکخرێن ئەمانەش لە ڕێگای مۆرفۆلۆژیاو یاساکانیەوە دەبێت .

لەم ئاستەدا زمانەوان لێکۆڵینەوە لە ئاستی ڕۆنان لە ئاستی وشەدا دەکات بۆ ئەم مەبەستە سەرەتا هەوڵ دەدات بچوکترین دانەی ئەم ئاستە دیاری بکات و پاشان ئەو یاسایانە دیاری بکات کە ئەم مۆرفیمانە لە تەك یەکتیردا ریز کرێن (عبد الاسلام نجم الدین : 2007: 61)لێکۆڵینەوە لە یاساکانی ڕۆنان دەچێتە ناو یاسا مۆرفۆلۆژیەکانەوە بۆ نموونە لە هەموو زمانێك کۆمەڵە یاسایەك هەیە کە بە هۆیانەوە وشەکانی ئەم زمانە دروست دەبن. (علی عبدالواحد واڤ: 1967: 8)

لە یاسا مۆرفۆلۆژیەکان دەبێت ئاگاداری پێکهاتەی ناوەوەی وشەکان بین لە ناو ڕستەدا ، چونکە پێکهاتەی ناوەوەی وشە کار لە وشەکانی دەوروبەری دەکات بۆ نموونە ئەگەر وشەی(کوشتی) مان لە کۆتایی ڕستە دیت ئەوا دەبێت بزانین کە لە سەرەتاوە بکەرێك هەیە کە(بکوژ) ە ، پاشانیش بەرکارێك هەیە کە (کوژراو) ەکەیە ، هەروەها ئەگەر کارەکە (کوژرا) بوو ئەوا دەبێت بزانین کە ڕستەکە بکەری تێدا نییە .

پەیوەندی گونجانی وشەکان لە نێوان خۆیاندا دەبێت بە پێی یاسا بێت چونکە ڕێگامان پێ دەدات بڵێین( مارەکە دای بە منداڵەکەوە) بەڵام ڕێگامان نادات بڵێین



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

( منداڵەکە دای بە مارەکەوە).(محمد معروف فتاح: 1987: 35)

هەر لەگەڵ ئەو گۆڕان و پەرەسەندنانەی کە لە ژیانی کۆمەڵایەتی دا ڕوو دەدات وا دەکات کە چەندین وشە بێتە بوون کە پێشتر لەو زمانەدا نەبووە یانیش هەندێك وشە لە کار دەکەوێت بە هۆی بەکار نەهێنانیەوە ، گرنگترین هۆکاریش بۆ دروست بوونی وشەی نویٚ پێویستیە ، وەك پێویستی وشە بۆ باری کۆمەڵایەتی یا ن ئابووری یان تیۆرێکی زانستی بێت یان فەلسەفی بێت یان داهێنانێکی ماددی .... هتد.

گرنگترین هۆش بۆ لەناوچوونی وشە بەکارنەهێنانیەتی لە ژیانی کۆمەڵایەتی دا ئەمەش جل و بەرگ و کەل و پەل و هۆیەکانی گواستنەوە و ئامێرەکان و چالاکیە کۆمەڵایەتیەکان دەگرێتەوە کە ئێستا کاری پیٚ ناکرێت لەگەڵیشیاندا وشەکانیش لە کار کەوتوونە. (علی عبد الواحد وافی: 1970 :23)

هەر لەگەڵ ئەو لێکخشاندنانەی کە لە نێوان زمانی کوردی و نەتەوەکانی تردا ڕوویان داوە وای کردووە گەلێك وشەی بێگانە بێتە ناو زمانی کوردیەوە، ئەمەش بە هۆی ئەو لێکخشاندنە ماددی و کەلتوریانە وە بووە کە لەگەڵ ئەو زمانانەدا هەی بووە هەر چەند ئەم پەیوەندیە زیاتر بووبێت ئەم کاریگەریە زیاتر بووە .

ئینجا هاتنی ئەم کەرەستە نوێیانە بە دوو ڕێگا دەبێت یان بێگانەکان خۆیان دەیان هێنن دایان دەسەپێنن یانیش خانە خوێکان خۆیان کەرەستەکان دەهێننە ناو زمانەکەیان ، بەڵام لێك جیا کردنەوەی کەرەستە بێگانەکان کە بە هۆی کام ڕێگەوە هاتوون کارێکی ئاسان نییە بە گشتی ئەمانە هەندێك لەو ڕێگانەن کە وشەی عەرەبی پێدا هاتۆتە ناو زمانی کوردی.( عەبدوڵا حسین رسول: 2002: 7)

هاتنی وشەی عەرەبی لە مەیدانی رۆشنبیری( شیعر– شاعیر ئەدەب – کتاب– قەڵەم –دەفتەر.....)

یان تێکەڵی زۆرەکی وهێرشی سەربازی و داگیرکردنەوە وەك هاتنی دەیان وشەی عەرەبی لەم مەیدانەوەوەك( عەسکەر– عەریف– رەبیە– پۆستاڵ....)



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

ڕێگەی ئایین ( ئیسلام- حەج- زەکات – کافر- ڕەحمان- غەزەب- لەعنەت- شەرع- تەلاق....)چەندین ڕێگەی تری کۆمەلأیەتی .( عەبدولأ حسین رسول: 2002: 7)

## 3- یاسا سینتاکسیەکان:

زۆر کەس پێیان وایە سینتاکس دلّی سیستمی زمانیە ، لەبەر ئەوەی ئامرازی بەیەکەوە بەستنی وشەو زاراوەکانە بۆ دروست کردنی ڕستەی خاوەن واتای تەواو ، چونکە دەنگ و وشەکان بەیەکەوە واتای تەواو نادەن ، زۆر کەس بە خودی زمانی دادەنێن.

زمانەکان لە یاسا سینتاکسیەکانیاندا جیاوازن ، لەگەلّ ئەوەی ئاڕاستەیەك هەیە دەیەوێت ڕێزمانێکی گشتی بۆ زمانەکان دانێت کە لە سەر زۆربەی زمانەکانی جیهان جێبەجێکرێت ، بەلأم ئەمە ڕێ بەبوونی ڕێزمانی تایبەت بەزمانەکان ناگرێت. ( روی–سی–هجمان: 1988 : 19) هەر کەسێك زمانێکی دیاری کراو بزانێت ڕێزمانەکەشی دەزانێت دەزانێت بەپێی یاساکان وشەکان لە فرێز و ڕستەکاندا ڕێز بکات و لە تواناشی دا هەیە ژمارەیەکی بێ سنور ڕستە لەو زمانە دروست کات و لە ژمارەیەکی بێ سنووری ڕستەش بگات ، دەشزانێت چۆن ئەو ڕستانە لە دەوروبەری گونجاودا بەکار بهێنێت.(هەمان سەرچاوە : 19)

ڕستەش یەکەی سیستمی سینتاکسیە کە لە فرێزەکان پێك دێت ، فرێزیش لە دوو وشە یان زیاتر پێك دێت بە پێی دەستەیەك یاسای تایبەت بە زمانەکەوە وشەکان لێك دەدرێن بۆ داڕشتنی فرێزەکان بە هۆی دەستەیەك یاسای ترەوە فرێزەکان لێك دەدرێن بۆ داڕشتنی ڕستە.(عبد السلام نجم الدين: 2007: 65)

بەم شێوەیە لێکۆلێنەوە لەم ئاستەدا دوو بەش بە خۆیەوە دەبینێت ، یەکەمیان یاساکانی داڕشتنی فرێزە و دووەمیان دیاری کردنی ئەو یاسایانەیە کە ڕستەی کوردی لە سەر دادەمەزرێت.

1- **فرێز**: فرێز وەك یەکەیەکی زمانی –کاتیگۆری سینتاکسی لە ڕووی ڕۆنانەوە لە ڕستە بچوکترە (( بەوەی شوێنی ڕۆنانێکی بالأتر لە وشە دەگرێت ، بەمەش فرێز پێکهێنێکی ناوەندیە دەکەوێتە نێوان وشەو ڕستەوە ، لێرەدا دیارە کە فرێزی ناوی



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

ئەو پێكهێنەرەی ڕستەیە كە لە سادەترین ڕۆناندا لە ناوێك پێكدێت و بۆ گەورەترین ڕۆنـانیش كۆتاییـەكی كـراوەی هەیـە بـەڵام لـە ڕوی كارەكیـەوە هـەموو فرێزێـك كۆتاییەكی داخراوی هەیە چونكە سنور داری تواناى تێگەیشتنی گوێگریش ڕێگە لە بێ كۆتایی بوونی درێژی فرێز دەگرن.( دیار كەمال عەلی:2002 :2)

هەرچـی فرێـزی كاریـە بـە پێـی پێناسـە ڕۆنانیەكـەی ڕێزمـانی بەرهـەم هێنـان و گواستنەوە ، فرێزی كاری پێكهێنەكەی تری ڕستەیە وەك ڕۆنانێكی بنجی چەسپاو (اجباری) لە ناو چوارچێوەی ڕستەدا تەماشا دەكرێت.(طالب حسين علي : 1998: 21)

2-**ڕستە**: لـە بەشـی ڕستـەدا باسـی ڕێزبـوونی كەرەستـەكان دەكرێـت ، ئـەو بنـەما سـەرەكیانەی كـە ریزبـوونی كەرەسـتەكان لەزمانێكـدا پابەنـدی دەبـن ، قسـەكەر كـە زمانێك بە كار دەهێنێت لە دانە بچووكەكانی زمانەوە دەست پێدەكات بۆ دروست كردنـی دانـەی گـەورەتر تـا دەگاتـە ڕسـتە .....هتـد. پرۆسـەی پێكهێنـانی دانـە گەورەكان بە ڕێگەی ریزبوون و ڕێكخستنی كەرەستەكان ئەنجام دەدرێت هـەروەها بـە پێـی ڕەگـەزەكانی ڕستـە – ئـەركی ڕێزمـانی كەرەسـتەكان– وەك بكـەر ،بـەركار، كار.... هتـد ڕیز دەكرێن . ریزبوونی بنجی لـە كوردیدا ، بە(ب–بە–ك) دادەنرێت هـەروەك هەنـدێك لـە زمانـەوانان ئاماژەیـان بـۆ كـردووە ، چونكە زۆربەی ڕستەكانی زمـانی كـوردی ڕۆنـانێكی وایـان هەیـە كـە بـە (بكـەر) دەسـت پێـدەكات و بـە (كـار) كۆتایی دێت .(هەمان سەرچاوە: 9)

دوو جۆر ریزبوو هەیە لە زمانی كوردیدا(هەمان سەرچاوە: 10) :

1– ڕیزبوونی چەسپاو:

مەبەست لەو ڕیز بوونەیە كە هەر گۆڕانێك لـە ڕیز بوونی كەرەستەكان لـە سنووری گرێكـان ڕوو بـدات دەبێتـە هـۆی گـۆڕانی ئـەركی سینتاكسـی ڕسـتەكە هـەروەها لێكدانـەوەی واتـایی كەرەسـتەكان دەگۆڕێـت واتـا لـەم جۆرەدا دەبێـت كەرەسـتەكان پابەندی ڕیز بوونەكە بن.

***ئەو منی نارد.***

***من ئەوم نارد.***



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

- ڕیز بوونی ئازاد:

**وەك سیستمێكی ریز بوون بیریتیە لە( ڕیزبوونی وشەكان لە ناو ڕستەدا بە چەند شێوەیەكی جیاواز بیٚ ئەوەی كار لە واتای ڕستەكە بكات)**

***پیاوەكە منداڵەكەی نارد.***

***منداڵەكە پیاوەكە ناردی.***

**ئەمەش بۆ ئەوەیە كە قسەكەر پتر جەخت لە سەر چ شتێك بكات دەیهێنێتە پێشەوە.**

**لە ئاستی سینتاكسدا گۆڕان كەمتر ڕوو دەدات لە چاو ئاستەكانی تر بەڵام دیسانەوە لێرەشدا گۆڕان شتێكی ئاساییەو زۆر بەدی دەكرێت ، گۆڕان لەم شێوەیەشدا بە چەند شێوەیەك بەدی دەكرێت وەك گۆڕان لە ڕێككەوتنی بكەر و كاردا ، گۆڕان لە شێوەی ڕیزبوونی كەرەستەكانی ڕستەداو لە ناو چوون یان پەیدا بوونی ئامراز.** (محمد معروف فتاح: 1987: 99)

**بۆ نموونە لە كوردی پێشتردا ناوی كۆ بە دوای ژمارەدا لە یەك زیاتر دێت و كارەكەش دەكات بە كۆ :**

***سەد كەسان مردن.***

**كەچی لە كوردی ئێستادا ناوی دوای ژمارە و كارەكەش بە تاكی دەمێنێتەوە :**

***سەد كەس مرد.***

**هەروها لە كوردی ئەمڕۆ دا كەمتر ڕێگە دەدرێت یاری بە شوێنی كار بكرێت لە ڕستەدا:**

***نورێكی عەزیز داخلی بوو دڵم.***

**لە كوردی ئێستادا نا پەسەندەو بە ناڕێزمانی دادەنرێت .** ( هەمان سەرچاوە: 100)

**هەر لە ئەنجامی ململانێی زامانەكان و لێكخشاندنیان لە یەكتری ڕستەكانیش دەگۆڕێت، لەم قۆناغەشدا زمانە زاڵەكە ڕێزمان و دەستور و یاساكانی دەسەپێنێتە سەر زمانە بەزیوەكە و چۆنیەتی داڕشتنی وشەو ڕستەكانی پیٚ دەگۆڕێت.** ( عەبدوڵا حسين رسول: 2002: 5)



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

له شێوەزاری گەرمیان وەکو عەرەبی یەك دەستە ڕاناوی کەسی لکاو بۆ کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ بەکاردێت کەچی لە شێوەزارەکانی تری ناوەڕاست دا ڕاناوە لکاوەکانی تێپەڕو تێنەپەڕ جیان

| زمانی عەرەبی | شێوەزاری گەرمیان | شێوەزارەکانی تر |
|---|---|---|
| تێپەڕ (اکل ) + نا | خوارد+ مان | خوارد+ مان |
| تێنەپەڕ (ذهب) + نا | چوو+ مان | چوو+ ین |

( عەبدولا حسین رسول: 2002: 5)

هەروەها لە زاری گەرمیاندا (ی)ی ئیزافە دەرناکەوێت ، کەچی لە شێوە زارەکانی تردا دەردەکەوێت :

| زمانی عەرەبی | شێوەزاری گەرمیان | شێوەزارەکانی تر |
|---|---|---|
| ادب القديم | ئەدەب کۆن | ئەدەبی کۆن |

## یاسا سیمانتیکیەکان :

یاسا سیمانتیکیەکان ئەو یاسایانەن کە بە هۆیانەوە ڕستە پەسەندەکان دروست دەکرێن کە پابەندی واتای فەرهەنگی و ڕێزمانێکی دروست بێت و ڕەچاوی ئەو بارە کۆمەلاّیەتیەش بکات کە ڕستەکەی تێدا دەوترێت .

واتای سیمانتیکی ئەو واتایەیە کە پەیوەستە بەواتای هۆشەکی وشەوە کە لە ئەنجامی کۆبوونەوەی سیمای واتاییە وە دروست بووە وەك:

ئامۆزا + نەوەی(3)+ نێر+ئاسۆیی ( عبدالواحد مشیردزەیی:2004: 24)

واتای سیمانتیکی بریتیە لە پەیوەندی نێوان شێوەی ڕێزمانی و زمانی و ڕووەکانیان، بە واتایەکی تر وشەکان بە چ ڕێگایەك بە شێوەی حەرفی بە شتەکانەوە دەبەسترێتەوە. ( سازان رضا معين :2005 :32)

بەپێی ئەم پێناسەیە سیمانتیك بە کردەی شیکردنەوە هەڵدەستێت و هەوڵ دەدات پەیوەندی نێوان پەسەندی گوزارەکراو و بارودۆخی شتەکان لە جیهاندا بە



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

شێوەیەکی پوخت و ڕاست یان بە پێچەوانە لێك بداتەوە ، بەبێ ئەوەی ئەو کەسە بەرچاو بگیرێت کە پەسەندەکە بەرهەم دەهێنێت.( سازان رضا معين :2005 :32)

بە واتا سیمانتیك پەیوەندی بە لایەنی ئاسایی واتاوە هەیە.(عبد الواحد مشير دزەيی: 2004 :24) بۆ نموونە لە نوسراوێکی ڕەسمی دا ناکرێت بڵێی ( ***بڕیارماندا ئەم شێرانە دامەزرێنین.)*** چونکە واتاکەی ئاسایی نییە بەڵکو دەبێت بوترێت ( بڕیارمان دا ئەم فەرمانبەرانە دامەزرێنین.) ئەو کاتە ڕستەکە واتایەکی ئاسایی دەبێت. سیمانتیك پابەندی یاسایە ( هەمان سەرچاوە:24) ئەگەر بڵێی (***دوێنی باوکم مرد)*** دروست نییە ، چونکە لە وکاتانەدا دەبێت بڵێیت ( ***باوکم ئەمری خوای کرد)*** لەبەر ئەوەی بارە کۆمەلأیەتیەکە ڕێگات پێنادات.

بەپێی یاسا سیمانتیکیەکان ڕستەیەك بۆ ئەوەی دروست بێت پێویستی بەمانە هەیە:

1- یاسای مۆرفۆلۆژی کە هەر یەکێك لە مۆرفیمەکان جیا بکرێتەوە و مۆرفیمێکی تەواوبێت.

2- یاسای سینتاکسی کە وشەکان بەیەکەوە گرێ بدات و پەیوەندی نێوانیشیان دیاری بکات.

3- یاسا دەنگیەکانی بەشێوەیەك وشەکان بدرکێنێ کە دروست بێت و بەتەواوی دەربڕدرێت.

4- چەند یاسایەکی مەعنەوی کە پشت بە وشە و واتاکانیان ببەستێت بە شێوەیەك واتای ڕستەکەمان بە تەواوی بداتێ.(نايف خرما:1978 :323)

جا بۆ ڕیز بوونی کەرەستەکان و سنوری دەرکەوتنیان لەگەڵ یەکتردا ، دەبێت دوو جۆر پەیوەندی ڕەچاو بکرێت:

1- پەیوەندی ئاسۆیی: بریتیە لە پەیوەندی سینتاکسی نێوان وشەکان و دەرکەوتن وگونجانیان لەگەڵ یەکتری لە ناو چوارچێوەی ڕستەکەدا، بە شێوەیەکی ئاسۆیی واتا کام وشە لەگەڵ کام وشەدا دەچنە پاڵ یەکتری (طالب حسين:1998: 33) لە ڕستەدا کۆتی هەڵبژاردن و هاوڕێیەتی لە دەست وشە بە دەسەلأتەکەیە کە(کار) ە،



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

واتە پەیوەندی (بکەر–کار) و(بەرکار– کار) وشەیەك هەڵ دەبژێرێت کە لەگەڵی دا گونجاو و تەبا بێت .

لەم پەیوەندیەدا هەموو ئەو هێمایانە پەیڕەوێك دروست دەکەن بەهای هەر هێمایەك لەپەیوەندی نێوان هێماکاندا هاتووە. (عبدالواحد مشیر دزەیی: 2006 :3)

بەزاندنی پەیوەندی ئاسۆیی لە سنووری ڕستەدا ئەوا( واتای نائاسایی ) دێنێتە کایەوە کە لە ڕوی واتاوە پەسەند نییە ، چونکە وشەکان مەرجی ڕێککەوتنیان تێدا نییە بە مەش شیکردنەوەی واتاکەی پابەند دەبێت بە واتای دەربراوی قسەکەر نەك واتای ڕوتی وشەکان و شیکردنەوی دەکەوێتە ئەستۆی (پراگماتیك) واتای نائاساییش دوو جۆرە.( عبدالواحد مشیر دزەیی : 2006 : 4)

1–هەڵئاوسانی واتایی:

لە ئەنجامی ئەوە دروست دەبێت کە کەرەستەکان واتای دووبارەیان تێدا بێت ، بەو واتایانە دەوترێت کەزانیاریەزیادەکان هەڵئاوسان دروست دەکەن (Hartman:1897:58) وەك:

– چاوەکانی لێکناو خەوت.

ئەم وشەیە واتای زیادەو هەڵئاوسانی واتایی تێدایە ، ئەگەر کەسێك بخەوێت چاوی لێك دەنێت.

– پیرە بە تەمەنەکان هاتن.

ئەگەر کەسێك پیر بێت هەر بەتەمەنە ، لێرەدا وشەی (بە تەمەن )واتای هەڵئاوسانی دروست کردووە .

2–پێکدادانی واتایی:

هێنانەوەی دوو وشەیە کە لە هەندێ سیمادا بۆ واتایەکی تر دژیەك دەوەستن دەکرێت بەسێ جۆرەوە :عبدالواحد مشیر دزەی : 2006 : 4)

ا– ناتەبایی:

هەڵبژاردنێکی هەڵەی وشە هاوواتاکانە کە هاوڕێیەتی و بەیەکەوە هاتنی یەکیان زیاترە لە وەی تریان بۆ نموونە وشەی (قۆز)(جوان)هاوواتان لە واتای هۆشەکی دا، بەڵام ناتەبان و هەریەکیان لەگەڵ ناوێك دەگونجێت بۆ نموونە (قۆز) بەیەکەوە هاتنی



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

لەگەڵ (کوڕە) لەگەڵ (کچ) ناتەبایە بەڵام جوان لەگەڵ کچ دێت و لەگەڵ کوڕ ناتەبایە وەك:

- کچێکی بەنازە
- کوڕێکی بەنازە !

ب- دژیەك:

لەپلەی ناتە بایی زیاترە و لەئەنجامی بە یەکەوە هاتنیان دژ یەك دروست دەبێت وەك:

تازیەیەکی خۆش بوو.

پ- نەگونجان بە رزترین پلەی بەیەکدادانی واتاییە چونکە زۆر بە زەحمەت وەرگر پەیوەندی واتایی بۆ دەدۆزرێتەوەوەك:

- بێوەژنەکە و پیاوەکەی هاتن. !

هەر لەم پەیوەندیەدا لە ئەنجامی بەیەکەوە هاتنی زۆرەوەو دووبارە بوونەوە واتایەك پەیدا دەکات پێی دەوترێت واتای هاوڕێیەتی. بۆ نموونە هەردوو وشەی (چاك ، باش) لە هاوواتا دەچن بەڵام لە هاوڕێییەتی دا لەیەکتری جیانوەك:

1- بەیانیت باش

2- بەیانیت چاك

لێرەدا دەبینین ڕستەی دووەم نائاسایی واتایی دروست کردووە ، چونکە بەکار نایەت. بەیانی هاوڕێیەتی لەگەڵ(باش) زیاترە نەك(چاك) .

ئەم جۆرە واتایە لە سنووری فرێز و ڕستەدا هەستی پێ دەکرێت بنچینەیەکی زانستیانەی هەیە چونکە دوورە لە دابو ڕەوشتی کۆمەڵگاو باری دەروونی کەسی.(طالب حسين: 1998: 34)

2- پەیوەندی ستوونی: بریتیە لە پەیوەندی فەرهەنگی(مۆرفۆلۆژی) نێوان وشەکان وگۆڕینی وشەیەك بە وشەیەکی تر لە هەمان بیئەدا لە باری ستوونی بێ ئەوەی کار لە ڕستەکە بکات وبیشێوێنێت. واتاچ وشەیەك دەکرێت لە



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

شوێنی بکەر یان هەر بەشێکی تری ئاخاوتن دەرکەوێت.( طالب حسین: 1998: 34)

بۆ نموونە پەیوەندی وشەی (ڕووخا) لەگەڵ وشەی (سووتا) پەیوەندیەکی گۆڕینەوە لە نێوانیاندا هەیە چونکە هەردوکیان سەر بە یەك بەشی ئاخاوتنن دەکرێت لە ڕوی ڕێزمانەوە هەریەکیان لە شوێنی ئەوەیتریان بەکار بهێنرێت.

مالەکە ——— ڕووخا

سووتا

کەواتە پەیوەندی نێوان وشەکان لە ناو چوارچێوەی ڕستەدا بە ڕێگای واتای ڕستەکەوە لێك دەدرێتەوە.( هەمان سەرچاوە: 34)

بۆ نموونە ئەم ڕستەیە لە ڕوی مۆرفۆلۆژی و سیناتکسەوە بێخەوشە بەلاّم لە ڕوی واتاوە ناتەواوە :

**من بۆنت بە خۆمدا ئەدەم و وێنەی بۆنت ئەکێشم و قوم قوم بۆنت ئەخۆمەوە**.(شێرکۆ بێکەس: 1998: 13)

هەر یەك لە وشەکان واتای خۆیان هەیەبەلاّم لە کاتی ڕێك خستنیان بیٚ واتا بوونە ئەمەش واتای ئەوە نییە کە لە ڕوی مۆرفۆلۆژی و فۆنۆلۆژی یەوە ڕێکخستنی تەواو نییە وەك:

بەخۆمدا من بۆنت ئەدەم .

یان

دامخ تنب مەدە مۆ....

بەڵکو هەموو وشەکانی ڕستەکە لە زمانەکەماندا هەیە، کەواتە عیلەتەکە لە ڕستەکە دا نییە بەڵکو لە واتاکەیەتی چونکە ڕێککەوتن لە نێوان وشەکانادا نییە نە بوونی ڕێککەوتن لە نێوان وشەکانی ڕستەکە واتا ئەو ڕستەیە پەسەند نییە. مەبەست لە پەسەند نەبوون چی یە؟ واتا لە کۆمەڵگادا وەك ڕستەیەکی ئاسایی مامەڵەی لەگەڵدا ناکرێت ، وتنی هەر ڕستەیەکی لە وجۆرە پرسیار دروست دەکات .



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

کەواتەبۆئەوەی لە قسەکردنی ئاساییدا لە نێو کۆمەڵگادا سەرکەوتوو بین پێویستیمان بە رێککەوتن هەیە لە نێو وشەکانی ڕستەکانمان دا ، لەگەڵ ئەوەی نەبوونی رێککەوتن لە نێو ڕستەکاندا سودی لێ وەرگیراوە بۆ یاری کردن بە وشە هەروەك شاعیر و نوسەرەکان ئەمەیان قۆستۆتەوە بۆ سەرنج ڕاکێشانی خوێنەر وداڕشتنی دەقی ئەدەبی.

## یاسا پراگماتکییەکان :

ئەگەر بە پێی سیمانتیك ڕستە تەنیا لە خودی زمانەوە شی بکرێتەوە و چاو پۆشی بکات لەوسیاق و دەوروبەرەی کە ڕستەکەی تیا وتراوە ئەوا بەپێی پڕاگماتیك یەکە زمانیەکان بە تەنیا نەدەدرکێن و نە لێشیان تێدەگەین بەڵکو بۆ تێگەیشتنیان پێویستیمان بەو دەوروبەرە دەبێت کە ڕستەکەی تیا وتڕاوە .

**دەوروبەری کۆمەڵایەتی:**

قوتابخانەی کۆمەڵایەتی لەندەن بە سەرۆکایەتی فێرث پشتیان بە ڕایەکانی زانای ئەنترپۆلۆژی پۆلەندی( مالینۆفسکی) دەبەست کەکاریگەریەکی زۆری بەسەر هەردوو قوتابخانەی ئەنترۆپۆلۆژیاو زمانی ئینگلیزی یەوە هەبوو.(محمود سعران:1962 : 310)بیرو بۆچونەکانی مالینۆفسکی دەربارەی ئەم بابەتە بریتیە لەوەی کەواتای ڕستە لە دەوروبەرێکی دیاری کراودا کە لێوەی دێت دیاری دەکرێت، ئەو دەوروبەرەی کە مالینۆفسکی مەبەستێتی بریتیە لە ژینگەیەکی سروشتی یان واقیعی رۆشنبیری کۆمەڵگا ( ساجدە عبداللە فرهادی: 2003: 11)

فێرث ئەم بیرۆکەیەی، واتا بیرۆکەی گرنگی لێکۆڵینەوەی زمان لە چوارچێوەی سیاقێکی تایبەتیدا لە مالینۆفیسکی وەرگرت ، ڕەهەندێکی قوڵتری پێبەخشی لەگەڵ ئەوەشدا وەك چالاکیەکی کۆمەڵایەتی دەیڕوانیە زمان واتا تیۆرەکەی فێرپ سەبارەت بە زمان لە سەر بنچینەی پێکبەستنەوەی تاکە کەس بە کۆمەڵگاوە بونیاد نڕاوە لە بەر ئەوەی بیرۆکەی (سیاقی دۆخ) لای فێرث وەك ئامڕازێکی کۆمەڵایەتی سەیر دەکرا واتا وەك ئامرازێك لە ناو کۆمەڵگادا تاکەکانی کۆمەڵ بەکاری دەهێنن بە مەبەستی جێبەجێ کردنی ئامانج و ویستی تایبەتی خۆیان.( طالب حسین:2005: 108)



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

جۆرەکانی سیاقیش لەمانە پێك دێت:

1- سیاقی زمانی: بۆ نموونە ئەگەر وشەی (باش ) لەگەڵناوی کەسێك هات ئەوا واتای باشی رەوشتی دەگەیەنێت ئە گەر لەگەڵ وشەی(درۆ) هات ئەوا واتای خراپی دەگەیەنێت ، ئەگەریش لەگەڵ ناوی (دکتۆر) هات ئەوا واتای سەرکەوتنی لە کارەکەیدا دەگەیەنێت.

2-سیاقی سۆزداری: ئەو وشانەی کە کاریگەری جیاوازیان هەیە بۆنموونە وشەی ( ڕقم لێیەتی) لەگەڵ وشەی(**حەزم لێینیە**) پلەی جیاوازیان هەیە لە ڕوی کاریگەریەوە.

3-سیاقی هەڵوێست: پێویستە وشە بە پێی بارودۆخی قسەکردن بەکار بهێنرێت بۆ نموونە ئەگەر وشەی ( **خوالێت خۆش بێت**) بۆ زیندوو بەکار بهێنرێت ئەوا واتای نارەزایی دەگەیەنێت بەڵام ئەگەر بۆ مردوو بەکار هات ئەوا واتای دوعا کردن دەگەیەنێت.

4-سیاقی کەلتوور: ئەو کەلتورەیە کەوشەکەی تیا دەوترێت وشەی ڕەگ لای مامۆستای بیرکاری واتای( **رەگی دووجا، سێجا**) دەگەیەنێت کەچی لە لای جوتیارێك واتای ڕەگی گژو گیا دەگەیەنێت.

بەڕای فێرث هەر سیاقێکی زمانی پشت بە مانەی خوارەوە دەبەستێت:

1-کەسایەتی قسەکەر و گوێگر هەروەها پلەی ڕۆشنبیری ئەو کەسە چیە؟

2-فاکتەرو دیاردە کۆمەڵایەتیەکان و ئەوبارودۆخەی کە قسەکەی تیا دەوترێت ( بارودۆخی سیاسی، پێگەی قسەکەر، شوێنی قسەکردن.....)

3- شێوازی قسەکردنەکە ، ئایا بۆ قەناعەت پێکردنە ، سەرنج ڕاکێشانە، پێکەنینە، ناخۆشیە......)

پێویستە ئەنجامی قسەکردنەکە دیاری کرێت ( بڕوا پێکردن، پێکەنین، گاڵتەپێکردن....)

لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی بۆ واتا دوانەی باو (وشەو ناوەرۆك) دور دەخاتەوەو قسەکردن بە شێوەیەك لە ڕەوشتی کۆمەڵایەتی دا دەنێت کە پەیوەندی بە یەکە نازمانیەکانی ترەوە هەیە ، هەر قوتابخانەی کۆمەڵایەتی لەندەن ئەم جۆرە



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

لێکۆڵینەوانە یان بۆ واتادەکرد.( محمود سعران: 313:1962) کەواتە بۆ شیکدنەوەی واتای یەکەزمانیەکان پشت بە زانستەکۆمەڵایەتیەکان دەبەستن کە (دەروونناسی کۆمەڵایەتی، زانستی کۆمەڵایەتی، ئەنترۆپۆلۆژیا) لە خۆ دەگرێت.(جۆن لاینز: 1987: 24)

لە بەر ئەوەی واتای وشەیەك لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر دەگۆڕێت ئەمە وا دەکات بە پێی کەلتووری کۆمەڵگا واتاکان کەڵەکەبن ، ڕەنگە هەمان وشە لە بارودۆخێکەوە بۆ بارودۆخێکی تر لە هەمان کۆمەڵگاشدا بگۆڕێت.

واتا بە هەموو ڕەهەندەکانیەوە بۆ گەیاندنی پەیامێکە ، ئەم پەیامەش بۆ تاکەکانی کۆمەڵگایە واتایان بەستۆتەوە بەو ڕێو شوێنەی کە قسەکەی تیا وتراوە بۆ ئەو پێگەو بۆنەی کە قسەکەی تیا دەوترێت زمانەوانەکان ئەمەیان ناونا (مقام) ، ئەم مەقامە بۆ قسەکەر و گوێگرە ، ئایا کەسەکە نێرە یان مێ یە؟ لە تەمەندا گەورەیە یان بچووکە؟ یەك کەسە یان دووانن یان چەند کەسێکن؟ چ ئاینێکە؟ شێوەی چۆنە؟ ئاوازی دەنگی، پێگەی کۆمەڵایەتی....هتد. هەموو ئەمانە کەسێك لە کەسێکی تر جودا دەکاتەوە . هەروەها بەسەر گوێگریشدا دەچەسپێت ئایا پەیوەندی بە قسەکەرەوە چۆنە خزمیەتی یان هاوڕێیەتی یان هەر ناسینێکی سەر پێییە یان دوژمنیەتی؟ پێگەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری چۆنە؟ هەر ئەم مەقامە بابەتی قسەکردنیش دەگرێتەوە لە چ کەشێکدا قسەکە دەکرێت لە چ کات وشوێنێکدا ؟ چۆن دەوترێت بۆ وتراوە ؟ هەروەها چەندان توخمی تریش بە شێوەیکی ڕاستەو خۆ و ناڕاستەوخۆ کار لە قشەکردن دەکات.(نایف خرما: 1978: 123)

واتا، لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر دەگۆڕێت بۆ نموونە ئەگە هەر ڕستەکەی (ماڵەکە سووتا) بۆ نموونە بێنینەوە کە لە چەند کۆمەڵگایەکی جیاواز بوترێت دەبینین هەر کۆمەڵگایەك کاردانەوەی جیاوازی بۆ ئەم ڕستەیە دەبێت بۆ نموونە ئەگەر لە کۆمەڵگایەکی شارستانیدا ئەم ڕستەیە بوترێت ئەوا گوێگر تەلەفۆنێك دەکات بۆ تیمی ئاگرکوژێنەوە بۆ ئەوەی ئاگرەکە بکوژێننەوە .بەلأم ئەگەر لە دێیەکی دورە شار ئەم ڕستەیە بوترێت ئایا هەمان کاردانەوەی کەسە



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

**شارستانی یەکەی دەبێت ؟ بێگومان نا، ئەو کەسە ماڵ بە ماڵ لە دەرگاکان دەدات و هاوار دەکات وئەوانی تریش دێنە هاواریەوە و هەموویان پێکەوە ئاگرەکە دەکوژێننەوە . ئەی ئەگەر لە کۆمەڵگایەکی سەرەتاییدا بوترێت بۆ نموونە بڕوایان بەوەهەبێت کە ئاگرکەوتنەوە جۆرە سزایەکە لە خواوەندەوە بۆ ئەو کەسەی کە ئەرکەکان جێبەجێ ناکات ، ئەبێت کارانەوەی ئەمانە چۆن بێت؟ بێگومان ئەستەمە ئەم جۆرە کارداناوانە بزانرێت دەبێت پشت بە زانستانە ببەسترێت کە ڕەوشتی ئەم جۆرە کۆمەڵگایانە دیاری دەکات. ڕەنگە سوجدەی بۆ ببەن وهەندێ وێردیشی بۆ بڵێن، ڕەنگیشە هەر دەستی لێ نەدەن ، بەوەی ئەو کەسە خواوەند لێی توڕەیەو دەبێت سزای خۆی وەرگرێت.**

**ئەمە ڕەوشتی زمانییە کە بەتەواوی لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ یەکی تر دەگۆڕێت کە بە شێوە جیا جیا دەردەبڕدرێت و بە شێوەی جیاجیاش لێك دەدرێتەوە.(نایف خرما : 1978: 87)**

**هەروەها هەندێك وشە نیشان کراوەو هەندێکیش نیشان نەکراوە لە کۆمەڵگاکاندا و لە ڕێگایانەوە دەتوانی پێشبینی واتای ڕستەکان بکرێت . بۆ نموونە ئەم وشانە لە کۆمەڵگای کوردیدا بەم شێوەیەن:**

- **سایەق تەکسیەکە سەیارەکەی وەرگەڕا .**

**دەزانی ئەو کەسە پیاوە چونکە ( سایەق تەکسی ) بۆ پیاو نیشان کراوە لە کۆمەڵگای کوردیدا بۆ ئافرەتیش نیشان نەکراوە.**

- **چێشتەکەی سوێر بوو.**

**دەزانی ئەو کەسەئافرەتە چونکە کاری( چێشت لێنان) بۆ ئافرەت نیشان کراوە لە کۆمەڵگای کوردیدا.**

**– گۆزەکەی هەڵگرت، شیری دا بە منداڵەکە ، مەڕەکەی دۆشی،نانی کرد ، شینی کرد ، ڕەشی پۆشی.**

**بۆ ئافرەت نیشان کراوە .**

**– فیتەرێکی چاکە.پاسەوانە، پۆلیسی هاتوچۆیە، بەقاڵە، قەسابە.**

**بۆ پیاو نیشان کراوە**



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

**– سوڵحی خوێن دەکات.**

**بۆ پیاوێکی بەتەمەن نیشان کراوە.**

## یاسا کۆمەڵایەتیەکان:

**غەریزەی کۆمەڵایەتی غەریزەیەکی خۆرسکییەو لە مرۆڤدا هەیە ، پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێت کە لە کۆمەڵگادا بژیت ، مەیلی پەیوەست بوونی مرۆڤ لە کۆمەڵگادا تەنیا بە بوونی لەوکۆمەڵگایەدا کورت نابێتەوە ، بەڵکو ئەگەر ئەو لە وکۆمەڵگایە بوو لەگەڵ ئەو یاسایانەش دەڕوات کە لە کۆمەڵگاکەیدا پەیڕەودەکرێت .بۆ ئاگایانەش لە کاتی قسە کردندا یاساکانی کۆمەڵگاکەی پەیڕەو دەکات. (richards, jackc.1983 :66) کەواتە بۆ ئەوەی کەسێك ببێتە تاکێك لەو کۆمەڵگایە دەبێت بە پێی ئەو یاسایانەی کە کۆمەڵگاکەی دیاری کردووە ڕفتار بکات . چونکە ئەو یاسایانە ژیانی کۆمەڵگا ڕێك دەخەن و کارلێك کردنی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایە لەگەڵ یەکتریدا سانا دەکات ، کۆمەڵگا لە حاڵەتیکی چەسپاودا دەهێڵێتەوەو دەبێتەکۆسپێك لە بەردەم ئەو گۆڕانکاری و هەژاندنە لە ناکاوانەی کەکیانەکەی دەخاتە مەترسی نەمانەوە ئەم یاسایانە پێیان دەوترێت ( یاسا کۆمەڵایەتیەکان) . بەڵام لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە ئایا دەکرێت ڕەوشتی کۆمەڵایەتی و داب و نەریتی کۆمەڵگا یاسا بێت ، لە وەڵامدا دەتوانین بڵێین کە ڕەوشتی کۆمەڵایەتی و داب ونەریتەکان لە کۆمەڵگادا هەمیشە تووشی لادان دەبنەوە ئەگەر یاسایەك نەبێت چواردەوری بگرێت و چاودێری بکات لە شێوان و تێك چون.** ( محمد عبد المنعم نور: 1970: 41)

**ئەگەر کۆمەڵگای مرۆیی مەملەکەتێکی بچوك بێت لە مەملەکەتی گەردوونی فراوان ، ئەم گەردوونەش لە ژێرچەندان یاسای چەسپاو دابێت ئەوا بە ناچاری کۆمەڵگای مرۆیی دەچێتە ژێر ڕکێفی چەندان یاسای کۆمەڵایەتیەوە کە لە سەر شێوەی دیاردەی کۆمەڵایەتی خۆی دەنوێنێت. تاکیش بە هەموو شێوەیەك دەچێتە ژێر رکێفی ئەم یاسایانەوە هیچ توانایەکی گۆڕینی ئەم یاسایانەی نییە و ئەو**



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

**یاسایانە ئیرادەی خۆی بەسەر تاکەکاندا سەپاندوەو دەبێت بە پێی ئەحکامەکانی بجولێتەوە**.(چارلس ماچ: 1990: 228)

**زانایان جەخت لە سەربوونی ئەو یاسا کۆمەڵایەتیانە دەکەنەوە لەوانە:**

**(ئیبن خەلدون) دەڵێت (( دیاردە کۆمەڵایەتیەکان بە پێی حەز و ڕێکەوت ناڕوات، بەڵکو چەندان یاسای چەسپاو بەڕێوەی دەبات وەك هەر دیاردەیەکی تری سروشتی)) . لێرەدا ئیبن خەلدون جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هەموو دیاردەکانی گەردوون جا کۆمەڵایەتی بن یان سروشتی لە ژێر رکێفی چەند یاسایەکی چەسپاو دان ئەم یاسایانەشبەیەکەوە بەستراون و هەر یەکەیان کار لەوەی تریان دەکات** .( زیدان عبد الباقی: 1972: 201)

**( دۆرکایم)پێیوایە تاك هەر لەگەڵ لەدایك بوونیەوە خۆی لە نێو چوارچێوەی چەند یاساو ئەحکامێك دا دەبینێتەوە کە نە دەتوانێت بیگۆڕێت و نەش دەتوانێت لە گرنگی کەم بکاتەوە ، هەروەها ناتوانێت ڕەخنەی لێ بگرێت و هێرش بکاتەسەری و لێی ڕا بکات ، تاکە شتێك کە تاك دەتوانێت بیکات جێبەجێکردنی ئەو یاسایانەو تەسلیم بوونیەتی بە فەرمانەکانی دەنا ئەو تاکە لە کۆمەڵەکەی قبوڵ ناکرێت**.(احسان محمد حسن:1991: 230 ) **ئەو پێیوایە کۆمەڵگا چاکەی بە سەر تاکەوە هەیە چونکە ئەو دابونەریت و زانست و هونەر و زمان و.....هتد پێ دەبەخشێت کە لە ئاژەڵی جیا دەکاتەوە، بۆیە تاك لە ناخی خۆیدا هەست بە چاکەکانی کۆمەڵگا دەکات لە سەری چونکە ئەو بۆتە هۆی ئەوەی کە پێشکەوتووترین بونەوەری گەردوون بێت ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە جۆرە خۆشەویستیەکی بۆ هەبێت و بچێتە ژێر رکێفی یاساکانیەوە** ( زیدان عبد الباقی: 1974: 307)

**ئۆگست کۆنت** (1798–1857) **پێیوایە کە دیاردە کۆمەڵایەتیەکان بەشێکن لە سروشتی گشتی ، سروشتی گشتیش لە ژێر رکێفی چەند یاسایەك دایە ، کەواتە دیاردە کۆمەڵایەتیەکانیش بەپێی چەند یاسایە ك بە ڕێوە دەچن**.( هەمان سەرچاوە: 308)



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

**یاسا کۆمەڵایەتیەکان لەبیری تاکەکانەوە دروست نابێت بەڵکو سەرچاوەی بیرکردنەوەی تاکەکان دیاردە کۆمەڵایەتیەکانە ، هەر لەگەڵ لە دایك بوونیانەوە تاکو مردنیان.**( احسان محمد حسن: 1991: 227)

**منداڵ شتە باش و خراپەکانی لە ژینگەی دەوروبەریەوە وەر دەگرێت و لە نەستی ( لاشعور) ی جێگیر دەبێت و ئەمەش دەبێتە هۆی پەرەسەندنی (منی باڵا) لەلای تاك کە دەبێتە دەنگێك لە ناوەوە و پێی دەڵێت چ شتێك باشە بیکات و چ شتێکیش خراپە نەیکات . ئەم دەنگە بۆ ڕێڕەوی کۆمەڵگا زۆر گرنگە ، فرۆید پێیوایە ئەمە بنچینەی ئەخلاقە لەکۆمەڵگا ، دەبێتە گەورەیەك کە پارێزگاری داب و نەریتەکان دەکات و بەر پەرچی هەر شتێك دەداتەوە کە دژی داب ونەریتە کۆمەڵایەتیەکان بوەستێتەوە .**

**(بارسنز) زاراوەی ( تێخستن)ی بۆ ئەم کردەیە بەکار هێنا ، ئەم پێیوایە کە تاك هەموو یەکە کەلتووریەکانی ژینگەکەی لەگەڵ لە دایك بوونیەوە وەر دەگرێت هەر شتێ کە لە ژینگەکەیەوە وەری دەگرێت ، وەرگرتنێکی کۆمەڵایەتیە ، ئەم لە وەدا لەگەڵ (فرۆید) یەکناگرێتەوە کە (فرۆید) پێی وایە تاك تەنیا پێوەرە ئەخلاقیەکان لە کۆمەڵگاکەی وەر دەگرێت و دەیخاتە نەستییەوە بارسنز) پێیوایە کە تاك هەموو دیاردە کۆمەڵایەتیەکان لە کۆمەڵگا وەردەگرێت و لە نەستی دا جێگیری دەکات.**(چارلس ماچ: 1990: 100)

**لە بەشەکانی پێشوودا ئەوەمان دەرخست کە مرۆڤ ئەو زمانەی وەری دەگرێت ئەو زمانەیە کەلە کۆمەڵگاکەی بەکار دێت ، هەروەك ڕوونمان کردەوە کە زمان تەنیا دیاردەیەکی سروشتی نییە بەڵکو دیاردەیەکی (کۆمەڵایەتی و کەلتوور و دەروونی ......هتد) یشە هەروەها دەرکەوت کە بیرکردنەوەی تاکیش هەر لە کۆمەڵگاوە سەرچاوە دەگرێت ، بۆ ئەوەی کەسێك ببێتە تاکێك لە کۆمەڵگاکەی دەبێت بەپێی ئەو یاسایانە ڕفتار بکات کە کۆمەڵگاکەی بۆی داناوە ، کەواتە تاك دەبێت بە پێی کۆمەڵگاکەی زمانەکەی بە کار بهێنێت دەنا وەکو تاکێکی ئاسایی لە کۆمەڵگاکەی مامەڵەی لەگەڵدا ناکرێت ئاشکرایە کە زمان بە هۆی چەند سیستمێك بەڕێوە دەچێت مرۆڤ ئەو سیستمانە لە کۆمەڵگاکەی وەردەگرێت و لە نەستی دا جێگیر**



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

دەبێت بە بێ ئەوەی هەست بکات دەبن بەچەند یاسایەك لە لای و لێیان لا نادات ، کەواتە کۆمەڵگاو یاساکانی حوکمی سیستمی زمانی مرۆڤ دەکەن دەنا زمان نەدەبووە ئەو سیستمە ڕێکەی کە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگایەکی دیاری کراو پەیوەستن پێیەوە.

یاسا کۆمەلأیەتیەکانی کۆمەڵگای کوردییش لە سەر کەلتور و داب و نەریت و بیرکردنەوەی کۆمەڵگای کوردی بونیاد دەنرێت و تاکی کوردیش لە ڕەوشت و قسەکانیدا پەیوەستە پێیانەوە. وا لێرەدا هەندێك لەو یاسایانە دیاری دەکەین:

## 1- یاسای ڕێزگرتن:

ڕێزگرتن دیاردەیەکی هەست دەربڕینە به باشی بەرامبەر کەسانێك بە پێی کەلتور لە گۆڕاندایە، لە کەلتوور کوردەواریش بەچەند شێوە دێتە بەرچاو کە هەندێکیان نازمانین وەك مەڕ لەبەرپێ سەربڕینی میوان یان هەستانەوە لەبەر کەس و دانان لە ڕێزی پێشەوە و پێشخستن و شوێن پێدان بە ئافرەت لە ناو پاس.....، ( عبد الواحد مشیر دزەیی:؟: 6) ئەم دیاردەیە بەچەند ڕێگایەك دەردەکەون:

***ا- قسە پێ نەبڕین:***

لە کۆمەڵگای ئێمەدا تەنیا یەك کەس بۆی هەیە قسەبکات ئەوانی تر دەبێت گوێی لێ بگرن ئەگەر قسەکانیشیان بڕی ئەوا دەڵێن( قسەی خۆت لە بیر بێت، قسەکەت بەشەکر دەبڕم، شەکرت لە دەم دابێت) یان لە قسەکردنی ڕەسمی دا بە تایبەتی لە ڕاگەیاندندا دەڵێن( قەوسێکم بدەرێ).

***ب - ڕەچاو کردنی پلەی پەیوەندی:***

دەبێت ڕەچاوی ئەم خاڵە بکرێت لەگەڵ کەسەکان ئەگەر تێکەڵیەکە زۆر بێت و تەمەنەکان لە یەك نزیك بێت ئەوا دەتوانێت ناوی کسەکان بڵێت ، بەلأم ئەگەر تێکەڵیەکە کەم بێت و تەمەنەکان لێك دوور بن ئەوا دەبێت بۆ ڕێزگرتن شێوازێکی لێکسیکی باو هەیە دەبێت قسەکە لەگەڵ ناوەکاندا بەکاری بهێنێت (کاك، بەڕێز، خاڵە ، پورێ، مامۆستا، دکتۆر، ئامۆزا، مام، حاجی، جەنابتان، سەیدی.....).



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

***پ –  گەورەو بچوك زانين:***

**پێشتر بۆمان دەركەوت كە كۆمەڵگای كوردی  كۆمەڵگایەكی باوكسالارییە ، لە كاتی قسەكردندا پیاو دەسەلاٌتی گشتی لە دەستە دەبێت بچووكەكانیش ڕەچاوی یاسای گەورەو بچوك زانین بكەن.ئەم شێوە ڕێزلێنانە زۆر جار دەچێتە قالٌبی ترسەوە، ئەگەر ڕەچاوی ئەمە نەكەن پیاوەكە هەست دەكات لە پلەی پیاوەتیەكەی كەم دەكەنەوە.**

***ت– دەنگ بەرز نەكردنەوە:***

**بە پێی كەلتووری كۆمەڵگای كوردی دەبێت قسەكەر ڕێز لە بەرامبەرەكەی بگرێت هەروەها پابەندبێت بە داب و نەریتەكانی كۆمەڵگاوپێویستە قسەكەر لەكاتی قسەكردندا ڕەچاوی ئاوازی قسەكردنەكەی بكات، دەنگ بەرزكردنەوە بە دیاردەیەكی ناپەسەند دادەنرێت ، ئەمەش پەیوەندی بە باری دەروونی و دەسەلاٌت و پلە و پایەی كۆمەلاٌیەتی و تەمەن و ڕەگەز و بۆنەی  ئاخاوتنەوە هەیە، چونكە ئەوانەی خاوەن دەسەلاٌت و پلەو پایەی كۆمەلاٌیەتی بەرزن دەتوانن دەنگ بەسەر ئەوانی تردا بەرز كەنەوە بەلاٌم هەر بە دیاردەیەكی ناپەسەند دادەنرێت .**

***ج– ڕێزگرتن لە میوان:***

**لە كەلتووری كوردیدا (میوان) ڕێزێكی تایبەتی هەیە ، بۆ قسەكردن لەگەڵ میوان دەبێت ڕەچاوی ئەو یاسایانە بكرێت كە لە كۆمەڵگادا باوە.  بۆ نموونە دەبێت زیاتر لە جارێك پێی بوترێت ( بەخێر بێیت) جگە لەوەی چەند زاراوەیەكی تری وەك (سەرچاومان هاتی، ماڵەكەتان ڕوناك كردەوە، دڵم كرایەوە، گەورەتان كردین، یاخوا بەخێربێن، بۆ دیارنین...) خاڵێكی تر كە دەبێت لە كاتی قسەكردنی لەگەڵ میواندا دەبێت ڕەچاوی بكات ئەوەیە دەبێت قسەكەر ئەمر بەسەر میواندا نەكات بەڵكو زیاتر لە سەر شێوی پرسیار دەوترێت وەك ئەمانەی خوارەوە:**

**– ئەگەر بیەوێت بڵێ نان بخۆ دەوترێت( نافرموون؟)**

**– ئەگەر بیەوێت بڵێ چایەكەت بخۆوە ، دەوترێت ( بۆ چایەكەت سارد دەكەیەوە؟)**

**– ئەگەر بیەوێت بڵێ دانیشە دەوترێت،( فەرموو؟)**

**– ئەگەر بیەوێت بڵێ لێرە بمێنەوە دەوترێت،( با لە خزمەتتان دابین؟)**



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

## 2 – یاسای ڕەچاوکردنی بیروباوەڕی ئایینی:

قسەکەر دەبێت بە هەموو شێوەیەك ڕەچاوی بیروباوەڕی ئایینی( ئیسلام) بکات لەکۆمـەڵگای کوردیـدا بـە و ڕێزێکـی تایبـەتیش بـۆ کەسـایەتیە ئایینیـەکان دانێت.هـەروەها لـە بـەر ئـەوەی هەنـدێ ئـایینی تـریش لـە کۆمـەڵگای ئێمـە هەیـە (یەزیدی، مەسیحی) قسـەکەر لـە کـاتی قسـەکردن لەگـەڵیانادا ڕەچاوی بیروباوەڕی ئەوان دەکات.

## 3 – یاسای ڕەچاو کردنی بۆنەی کۆمەڵایەتی:

دەبێت قسەکەر قسەکانی بە پێی بۆنە کۆمەڵایەتیەکان بە کار بێنێت، بۆنموونە لە پرسـەدا دەبێت ئـەم وشانەبەکار بێنێـت( خۆتـان خـۆش بـن، خـوا عـافوی کـات، دوا ناخۆشیە، بەشداری خـەمتانین، یـان لـەزمانی ڕاگـەیاندندا ( خـوا لـیٚ خـۆش بـوو بـە بەهەشـتی بـەرین شـاد بێـت .......) ئەگـەر ژن خـوازی بێـت( پـیرۆزە، پـیرو خـەڕۆبن پێکـەوە، هـەتا سـەربێت....) ئەگـەر جـەژن بێـت( جـەژنتان پیرۆزبێـت) . لـەم جـۆرە قسـەکردنە قسـەکردن بـەڕێگای (جوتـە گوتنـەوە) بـەڕێوە دەچێت کـە بریتیـە لـە دوو گـوتن کـە هەریـەکیان لـە لایـەن قسـەکەرێکەوە دەگـوترێـت. جـا بـۆ ئـەو گوتنانـەی سـەرەوە بەرامبەرەکـەش وەڵامـی هەیـە بـۆ نموونـە بـۆ وەڵامـی گوتنـەکانی پرسە(سوپاس، تۆخۆش بیت،.....) بۆ وەڵامی جەژنە پرۆزە( لێت موبارەك بێت) و بۆ وەڵامی ژن خوازیش( سوپاس، نەخەشە لە ئێوە بێت، نەخشە لە کوڕ و کچەکانت بێت...)

## 4– یاسای ڕەچاوکردنی تەمەن:

زمـان لەگـەڵ گـەورە بـوونی تەمـەن دا دەگـۆڕێت.هـەر یـەك لـەو تەمەنانـەی کـە تـاك پێیدا تێپـەڕ دەبێت سیفەتی زمـانی خـۆی هەیـە ، تاکـەکانی گۆمـەڵگا ئـەو یاسـایانە دەزانن کە لەهەر تەمەنێك دا بە کار دێت.لـە کۆمـەڵگای کوردیدا قسـەرکەر لـە کـاتی قسەکردندا دەبێت بەگوێرەی تەمەنی خۆی قسە بکات .



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

## 5- یاسای ڕەچاو کردنی ڕەگەز:

بەشێوەیەیەکی گشتی قسەکردنی نێر و مێ جیاوازە.لە ڕووی بایەلۆژیەوە ئافرەت و پیاو دەنگیان لێك جیاوازە،دەنگی ئافرەت تیژترە وئاستەکانی دەنگی لە هە پیاو بەرزترە و ئاوازی دەنگیشی لە هی پیاو ناسکترە. هەندێ وشە هەیە تایبەتە بە ئافرەت و لای پیاو بەکار نایەت یان زۆر دەگمەنە وەك (ئەیەڕۆ ، دەك کوێر بم، بە قوربانت بی، دایکت بمرێ،دەستم بشکێ، وەیش،لاڵ بم) .

## 6- یاسای ڕەچاوکردنی توێژی کۆمەلآیەتی:

هەر توێژێکی کۆمەلآیەتی بگری یاسای قسەکردن و کەلتوور خۆی هەیە کە تاکەکانی توێژەکە پەیوەستن پێیەوە بۆموونە لە ناو توێژی خوێندەواردا جۆرێك قسەکردن هەیە هەروەها بەبەتەکانیشیان لە هی خەڵکی نەخوێندەوار جوادیە هەروەها قسەکردنی خەڵکی لادێ لەهی شار جیاوازە بابەتی قسەکردنەکانیشیان جودایە.

## 7- یاسای ڕەچاوکردنی تابووەکان:

قسەکەر دەبێت ئاگاداری ئەو وشانە بێت کە تابوون لەکۆمەڵگای کوردیدا ئەگەر بە ناچاری ناویشی هێنان ئەوادەبێت ئەم زاراوانە بە کار بێنێت ( عەیب نەبێت، حاشاحازری، دوورلەڕووتان، شەرع شەرمی نییە، ئێوەش وەك خوشکمن، ئێوەش وەك برامن....)

## 8 – یاسای دەوروبەری قسەکردن و کاتی واتایی :

دەبێت قسەکەر ڕەچاوی ئەو شوێنەی قسەکەی تیا دەکات و ئەو کاتەی قسەکەی تیا دەکات و ئەو دەوروبەرەی قسەکەی تیا دەکات بکات، چونکە قسەکان بە پێی ئەم دەوروبەڕانە واتای جیا جیا دەدەن.

## 9- یاسای ڕەچاو کردنی مەرجی کردە قسەییەکان :

کردەی قسەیی تیۆرێکە هەموو قسەیەك بە ئەنجامدانی کارێك دادەنێت (ئۆستن) لەو باوەڕەدایە زمان کردەیە ئەگەر لە هەرگوتنێك وردبینەوە ئەوا چەندین کردە لەخۆ دەگرێت وەك( فەرماندان، پەیماندان، بڕیاردان، پرسیار کردن.....) ( عبد الواحد



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

مشير دزەیی:ب.م:7) بێگومان بۆ ئەنجام دانی هەر کردەیەك دەبێت زەمینەیەکی لە بارو گونجاو بۆ کردەکە دروست بێت چەند خاڵ و مەرجێك گەلاڵە بن ، چونکە پێویستی بە چوارچیوەو دەوروبەرێکی لە بار هەیە بۆ ئەوەی کردەکە ئەنجام بدرێت.(قیس کاکل: 1995: 65) بۆنموونە لە فەرمانادانداندا دەبێت پلەو پایەی گوێگر لە هی قسەکە نزم تربێ، لە پەیماندانداندا دەبێت قسەکەر پەیمانەکەی بە جێ بهێنێت، لە بڕیاردانـدا دەبێـت بڕیارەکـان جێبـەجێ بکرێـت بـە تایبـەتی ئەگـەر بڕیارەکـە عەشایەری یان یاسایی بێت.

## جێبەجێ کردن و جێبەجێ نەکردنی یاساکان:

لێرەدا مەبەست لە یاسا زمانی و کۆمەڵایەتیەکانە ، کەتاك پابەندە پێیانەوە لە ناو کۆمەڵگا کەیدا :

### یەکەم: جێبەجێ کردنی یاساکان:

کاتێك تاك لە قسەکرنیدا یاسا زمانی و کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگاکەی جێبەجێ کرد، وەکو تاکێکی ئاسایی لەکۆمەڵگاکەیدا قبول دەکرێت وگوێی لێ دەگیرێت و توشی سزاکانی کۆمەڵگا نابێتەوە ، بگرە کۆمەڵگا پاداشتیشی دەکات بەوەی ڕێزی لێدەگیرێت و هاوڕێیەتی دەکرێت و پیایدا هەڵدەدرێت و ناوبانگی باشیی دەبێت .

بۆنموونە کەسێك کە لە نێو کۆمەڵێکدا بەباشی قسە بکات ئاوا پاداشت دەکرێت:

وایە

ڕاست دەکەی

قسەکەت جوانە

ڕاست ئەفەرمویت

ئەلحەقی وایە

قسەتە

دەم خۆش

ئەگەر لەویّ نەبێت بەم شێوەی پیایدا هەڵدەدرێت:

قسە زانە



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

شیرین زمانه

قسه خۆشه

قسەکانی ئەبێت لە زێڕبگیرێت

## دووەم: جێبەجی نەکردنی یاساکان

### 1- ئەو کەسانەی کە کوردن و هیچ نەخۆشیەکی گوتن یان گرفتی دەروونیان نییە:

ئەگەر کەسێك لە کاتی قسەکردندا یاسا کۆمەڵایەتی و زمانیەکانی جێبەجیٚ نەکرد، قسەکانی وەکو تاکێکی ئاسایی مامەڵەی لەگەڵدا ناکرێت و توشی سزاکانی کۆمەڵگاکەی دەبێتەوە ،سزاکانیش بە پێی جێبەجێنەکردنی یاساکان پلەیان هەیە .

### آ- ئەگەر یاسا کۆمەلأیەتیەکان جێبەجیٚ نەکات:

1- ئەگەر یاساکانی ڕێزگرتن جێبەجیٚ نەکات ئەوا بە بێڕێز دادەنرێت و هاوڕێیەتی ناکرێت ، خزمایەتی ناکرێت ، ئەگەر لە سنوری خێزان دابێت ئەوا سزاکانی قورسترە و ڕەنگە توشی لێدان و دەرکردنیش بێتەوە.

2-جێبەجێنەکردنی یاسای بیروباوەڕی ئایینی( ئیسلامی) سزاکەی زۆر قورسە ڕەنگە بە لێدان وکوشتنی قسەکەر کۆتایی بێت.

3-ئەگەر یاساکانی بۆنە کۆمەلأیەتیەکانیش جێبەجیٚ نەکات هەر بە بێڕێز دادەنرێت.

4-ئەگەر قسەکەر لەکاتی قسەکردندا ڕەچاوی تەمەنی خۆی نەکات بۆ نموونە چل ساڵیەك وەك هەرزەکارێك قسە بکات ئەوا لە کۆمەڵگادا توشی (ڕەخنە گرتن وگاڵتە پێکردن و پلار لێدا ن) دەبێتەوە، بۆ نموونە پێی دەوترێت (مندالأنەیە).

5-ئەگەر قسەکەر ڕەچاوی ڕەگەزی خۆی نەکات لە کاتی قسەکردندا ( بەتایبەتی پیاو)و ئەو وشانە بەکار بێنێت  کە تایبەتن بە ئافرەت یان شێوەی دەنگی وەك هی ئافرەت لێبکات، ئەوا لە کۆمەڵگادا توشی (ڕەخنەگرتن و پێکەنین و پلار لێدان) دەبێتەوە، بۆ نموونە پێی دەوترێت(ژنانی یە) .



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

6- ئەگەر قسەکەر ڕەچاوی توێژە کۆمەڵایەتیەکەی نەکات بۆ نموونە لە ناو توێژی خوێنـــدەوار دا توشـــی ڕەخنـــە گـــرتن و پـــلار لێـــدان دەبێتـــەوە( جاهلـــە، نەزانە،دواکەوتووە، عەشایەرە) یان لە نێو خەڵکی شاردا پێی دەوترێت( کرمانجە، دەشتەکی یە) . بە هەمان شێوەش لە نێو خەڵکی عەشایەر و گوند دا ئەگەر قسەکەر بە پێی توێژەکەی قسە نەکات ئەوا توشی (ڕەخنەگرتن، پێکەنین، گاڵتەپێکردن، پلارلێدان ) دەبێتەوە، بۆ نموونە پێی دەوترێت( مسەقەفە، فەلسەفەی لێدەدات).

7-ئەگەرقسەکەر ڕەچاوی تابۆکان نەکات لە کۆمەڵگاکەیدا و زاراوە پێویسەکانی بەکار نەهێنا ئەوا لەکۆمەڵگا بە ( بیٚ ئەدەب) دادەنرێت، ئەگەر زیاتر بشکێنرێت ئەوا سزاکەی قورس ترە بۆنموونە لە ڕاگەیاندن و شوێنە گشتییەکاندا بەئاشکرایی باس بکرێت ئەوا سزاکانی قورسە و ڕەنگە توشی زیندانی کردن بێت .

8-ئەگەرقسەکەر باری قسەکردن ڕەچاو نەکات ئەوا هەندێجار توشی گاڵتە پێکردن و پێکەنین و ڕەخنەگرتن هەندێجاریش توشی کێشەی دەکات.

9- ئەگەر قسەکەر پەیمانێکی داو جێبەجیٚ نەکرد ئەوا لە کۆمەڵگادا بەبیٚ پەیمان ناوی دەبەن ،چونکە لە کۆمەڵگای کوردیدا ئەگەر پەیمانێکت داو لێی پەشیمان بویتەوە بە تایبەتی پیاو بە شتێکی نەشیاو دادەنرێت بۆ نموونە دەڵێن ( **پیا وعەیبە لە قسەی خۆی پەشیما نبێتەوە**) ئەگەر بڕیار بێت ئەوا قورس ترە بەتایبەتی ئەگەر بڕیارەکە عەشایەری یان یاسایی بێت.

## ب-ئەگەر یاسا زمانیەکان جێبەجیٚ نەکات:

زۆر جار کەسی ئاسایی کە کوردەو بەزمانی کوردی قسە دەکات لە کاتی قسەکردندا یاسا زمانیەکان جێبەجیٚ ناکات و توشی تەتەڵەی زمانی( زلات لسان) دەبێتەوە، کە هەڵەیەکی زۆر بلاٚوە و زیاتر لەو کەسانەدا بەدی دەکرێت کە ڕایان کردووە، ترساون، هیلاکن، سەرخۆشن، نیگەرانن یان شەرم دەکەن...هتد.

هەندیٚ جار دەنگەکان تێکەڵدەکرێت بۆنمونە:

ئاسایش / ئاشایس/

شەست/شەشت/

لیبیاو سوریا/لوبیاو سوریا



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

ڕزگار/ڕژگار/
هەندێ جاریش هەڵە لە ڕیز بوونی وشەكان دەكرێت:
چوی بۆ بازاڕسێوم بۆ بێنە. / چوی بۆ سێو بازاڕم بۆ بێنە/
چەكوشەكە لە بزمارەكە بدە/ بزمارەكە لەچەكوشەكە بدە/
یان دایك و باوك كە دەیانەوێت ناوی یەكێك لەمنداڵەكان بڵێن ناوی یەكی تریان دەڵێن .
بە گشتی سزاكانی كۆمەڵگا بۆ ئەم جۆرە هەلأنە سووكە(بۆ نموونە پێكەنین و هەندێ جار بۆی چاك دەكەنەوە و هەندێ جاریش پلاری لێ دەدرێت پێیدەوترێت (تێكەڵی دەكات).

## 2- ئەو كەسانەی كە زمانی كوردی زمانی دووەمیانە:

كاتێك كەسێك بەزمانی دووەم قسە دەكات توشی هەڵە دەبێت لە بەر ئەوەی شارەزایی تەواوی لە یاسا زمانی و كۆمەلأیەتیەكانی ئەو زمانە نییە. لەم بارەیەوە (ولفسن )ئاماژە بۆ ئەو كێشانە دەكات كە لە كاتی بەكار هێنانی زمانی دووەم دێتە كایەوە و تیشك دەخاتە سەر ئەو ڕاستیەی كە جیاوازی یاساكان دەبێتە هۆی پێكەنین و لێكدانەوەی نادروست ،چونكە مرۆڤی بیانی یاساكانی زمانی خۆی و زمانەكەی تر بە یەك دەزانێت . بە م بۆنەیەوە ولفسن بەم جۆرە لە بارەی خۆیەوە دەدوێت( وەك بیانیەك بۆ ماوەی چەند مانگێك لە ولأتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا دەژیام ، لە كاتی تەلەفۆن كردنمدا تێبینی چەند جیاوازیەكی ڕفتاری تەلەفۆنیم كرد وە ك ئەوەی هەندێ جار ریسوا دەكرام و هەندێ جاریش سەرسام دەبووم، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت من ئەندامێك نیم لەو كۆمەڵەی كە لە ناوی دەژیم) ( عبدالواحد مشیر دزەیی: 1999: 13)
لەدەقی ژ/3 دا دەردەكەوێت كە قسەكەر بە زمانی كوردی قسە دەكات بەلأم لە قسەكردنەكەدا ئاشكرایە كە زمانی كوردی زمانی دووەمیەتی ، یاسا زمانی و كۆمەلأیەتیەكانی زمانی كوردی دەشكێنێت :



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

### 1- لایەنی فۆنۆلۆژی:

بە شێوەیەکی گشتی ناتوانێت فۆنیمەکانی زمانی کوردی بدرکێنێت لەبەر ئەوەی هەروەك ئاماژەمان پێدا ئەندامەکانی درکاندن لە ڕووی پێکهاتن و پەرەسەندنەوە بەپێی نەتەوەکان و جیاوازی سروشتیان دەگۆڕێت.

(وێ) ی کردووەبە (ۆ)(گۆبگرن، لەگۆمە) بە کوردی دەوترێت( گوێ بگرن، لە گوێمە) .

(ل)ی کردۆتە (ڵ) (لەمڵتن) بە کوردی دەوترێت ( لەملتن).

(گ)ی کردۆتە (ك) (خۆزکە ) بە کوردی دەوترێت ( خۆزگە).

### 2-لایەنی مۆرفۆلۆژی:

- ژیانێکی زۆر زەحمەتت (برد). (لە ڕوی ڕۆنانەوە وشەکە ناتەواوە، لە ئەنجام دا واتای ڕستەکەی گۆڕیوە).

- بە کوردی دەوترێت ژیانێکی زۆر زەحمەتت (بەسەر برد).

### 3- لایەنی سینتاکسی:

- هەموو ساڵ عەشیرەتی...... ئاوەدانی کوردستان دەکەن.

هەموو ساڵ عەشیرەتی..... کوردستان ئاوەدان دەکەنەوە.

### 4= لایەنی واتایی:

لە لایەنی واتاییەوە لە پەیوەندی ئاسۆیی دا ئەم هەڵانە کراوە:

- ئێستا ئەوانی لە ملتن. (مەبەستی وەچەیە تەنیا دبێت بوترێت لە پشتتن.)

- مەکینەکەت چکەچکەی لە چاومە. ( نەگونجانە) چکە چکە لە گوێدایە.

- بەقوربانی باڵادرێژت بم.(ناتەباییە) بۆ باڵا (بەرز) دەوترێت.

- چاوەکانت لەژێر چاومە.( نەگونجانە) چاو ناخرێتە ژێر چاوەوە .

- خۆزگە ئەوەندە زوو نەچووبای.( نەگونجانە).( لە دەقە کەدا دیارە کە قسەکەر ستایشی کەسێك دەکات کە مردووە، بۆ مردووش چوون ناوترێت لەبەر ئەوەی چوون گەڕانەوەی تێدایە و دیارە مردووش ناگەڕێتەوە بۆیە لە زمانی کوردیدا بۆمردوو (ڕۆیشت) دەوترێت.



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

– !كاك حاجی. ئەو دوو وشەیە هاوڕێیەتیان بە یەکەوە نییە ، بەڵکو هەر دوو وشەی (مام حاجی) هاوڕێیەتیان بەیەکەوە هەیە.

– !ژیانت برد. ئەگەر مەبەستی کەسێك بێت ئەوا دەگونجێت، بەلاّم لێرەدا مەبەستی (ژیان بەسەر بردنە) بۆیە ناگونجێت چونکە( ژیان نابرێت).

– کوردستان یان ئاوەدان .ئەم دوو وشەیە هاوڕێیەتیان پێکەوە نییە لە ئەنجامی دووبارە بوونەوە لە زمانی کوردیدا ( کوردستان یان نەمان) هاوڕێیەتیان پێکەوە دروست کردووە.

### 5– لایەنی کۆمەلاّیەتی:

– چاوجوان. (بۆحاجی ......)بەکاری هێناوە ، کە پیاوە، لەکۆمەڵگای کوردی دا ئەم وشەیە بۆ ئافرەت نیشان کراوە، جگە لەمەش لە کۆمەڵگای ئێمە پیاو بە ئازایەتی ، نەترسی ، ... ستایش دەکرێت.

– هەستە چاوت لێم زەق کە. ( لە دەقەکە دا دیارە ستایشی مردوویەك دەکات ، لە کۆمەڵگای کوردیدا ئەم وشەیە بۆ ستایش بەکار نایەت.

– شەوانی بەغدا پێکەوە ڕاماندەبوارد. لەدەقە کەدا دیارە کە مەبەستی خۆی و هاوڕێکەیەتی و ( هەردووکیان پیاون)، لەکۆمەڵگای ئێمەدا (تابۆ) یە دوو پیاو پێکەوە ڕابوێرن.

– چوار کوڕی وەکی پڵنگت بە جێهێشت.( لە هەڵبژاردنی وشەکەدا هەڵەی کردووە، لە کۆمەڵگای کوردیدا دەوترێت چوار کوڕی وەکو شێرت بە جێهێشت.)

لە ئەنجام دا دەتوانین بڵێین لە ناو ئەو کۆمەڵگایەی کەکۆمەڵگای خۆی نییە ئەم جۆرە قسەکردنە دەبێتە هۆی پێکەنین و بوون بە نوکتەی خەڵك .

## 3– ئەو کەسانەی کە نەخۆشی گوتن یان گرفتی دەروونیان هەیە:

ئەو کەسانەی بەهۆی گرفتێکی جەستەییەوە یان گرفتێکی دەروونیەوە ناتوانن یاساکانی زمان و کۆمەڵگاکەیان جێبەجێ کەن ، لە کۆمەڵگادا بە کەسێکی ئاسایی



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

دانـانرێن و مامەڵەیـەکی ئاسـایی یـان لەگەڵـدا ناکرێـت. وەنـەبێت ئـەو کەسـانە لـە سزاکانی کۆمەڵگا بە دووربن هەروەك لە خوارەوە دا دەردەکەوێت:

### ا- ئەو کەسانەی کە نەخۆشی گووتنیان هەیە:

ئەو کەسانەن کە دەربڕینیان تەواو نییە جا هۆکارەکەی ئەندامەکانی گوتن بێت یان مێشك بەکەسێکی ئاسایی دانانرێن لە بەر ئەوەی کۆمەڵگا ناوی بۆ داناون زۆر جار ناوەکـان دەچـنە قـاڵبی پـلار لێدانـەوە( کـەڕولاڵ، فسـە زمـان، لاڵ، گـن، زمـانی دەگیرێت..)

### ب- ئەوکەسانەی کە گرفتی دەروونیان هەیە:

لە زانستی نوێدا دەرکەوتووە کە مێشك بنچینەی هەموو کردەکانی مرۆڤە (بە کـردە سایکۆلۆژیەکانیشـەوە) هـەروها ڕەوشـت و قسـەکردن ودەرك کـردن و بیرکردنەوەو بیرکەوتنەوەو....هتد) لە ڕیگای دوانزە ملیار خانەی دەماریەوە ئەنجام دەدرێت کە هـەموویان پێیان دەوترێت (مێشکی مرۆڤ).( جمعه سيد يوسف: 1990: 162)

هەندێ کێشە لەو بەشانەی مێشك ڕەنگە ببێتە هۆی ئەوەی ئەو کەسە توشی گرفتی دەروونی بێت، لە ئەنجامدا لە کۆمەڵگادا وەکو کەسێکی ئاسایی نامێنێتەوە و ڕەوشتی وەکو کەسەکانی تر نابێت وپەیوەندیشی لەگەڵ کەسەکانی دەوروبەری ئاسایی نابێت و ناتوانێت یاسا زمانی وکۆمەلأیەتیەکان جێبەجێ بکات لە ئەنجامدا توشـی سـزاکانی کۆمـەڵگا دەبێتـەوە، کـە سـووکترینیان ناوبردنیـەتی بـە (شـێت)، کەواتە لەڕێگای ڕەوشت و قسەکردنەوە دەزانرێت ئەو کەسە گرفتی دەروونی هەیە بۆ نموونە لە کاتی قسەکردندا ( زۆرجار ناتوانێت دەنگەکان بە تـەواوی دەربڕێت، ناتوانێت وشەکان بەکاربێنێت و ڕستەکان ڕێك بخات و وشەکان بەرامبەر واتاکانیان دابنێت .

ئەوکەسانە نەخشەیان نییە بۆ قسـەکردن. ( نەخشـەی قسـەکردن) بریتیـە لـەوەی مرۆڤ پـێش ئـەوەی قسـە بکـات واتـای ئـەو قسـانە دەزانێـت کـە دەیـەوێت هـەروەها مەبەسـتی قسـەکردنەکە دەزانێـت ، بۆنموونـە دەزانێـت وەسـفی شـتێك بکـات یـان فەرمانێك دەربکات یان شتێ شی بکاتەوە .( داود عبده: 1984: 42)



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

لە دەقی ژ$2/$ دا دەردەکەوێت قسەکەر نەخشەی بۆ قسەکردنەکەی نییە . لەگەڵ ئەوەی ناوەکان بە ڕاستی دەڵێت ( کۆشکی سپی، ئەنجوومەنی ئاسایش،خافیار سۆلانا، ئەناپۆلیس.....) و زۆربەی ڕستەکانیشی لە ڕووی سینتاکسیەوە تەواوە، بەلاّم کێشەی لەگەڵ واتای ڕستەکان هەیە چونکە ئەو ڕستانە ئەگەر بۆ دەوروبەریان بگێڕینەوە بێ واتا دەبن:

– ئەمن حەساری ئەنجوومەنی ئاسایشم لە سەر بوو.

–حکومەتەکی فەڵەستینی دامەزرا ، ڕەئیس حکومەتەکە ئەمن بووم.

–ئاشتی خۆرهەلاّتی ناوەڕاست ئەمن دەمکرد.

ئەگەر ئەم ڕستانە وابن ئەوا ئەو کەسانەی ئەم ڕووداوانەیان بەسەر دێن دیاری کراون بەسەر هەموو کەسێك دا نایەت:

–حەساری ئەنجومەنی ئاسایش لە سەر کەس نییە لە سەر(دەوڵەتە).

– رەئیس حکومەتی فەڵەستینی نیشان کراوە ( یاسر عەرەفات ، مەحمود عەباس، ئیسماعیل هەنیە، سلام فياض).

–ئاشتی خۆر هەلاّتی ناوەڕاست هەندێ کەس دەیکەن کە نیشان کراوە وەك( بیل کلنتۆن، جۆرج بۆش، سارکۆزی، مەلیك عەبدولاّ، حوسنی موبارەك.....)

لە ئەنجامی ئەم جۆرە قسەکردنە ئەو کەسە لە کۆمەڵگادا بە (شێت) ناو دەبرێت.

هەروەها هەندێ ڕستەی بە تەواوی بێ واتان:

دوای ئەوەی لێبوردنی گشتی هاتووەو ئەمن بەر لێبوردنەکەی، لێبوردنی گشتی جیهان یەعنی ئەنجوومەنی ئاسایش.

کۆمەڵگای نێودەوڵەتی زۆر یاریان بە قەل و قاز و کۆتر و مراوی دەکرد مودیری ئاوێیان گۆڕی ئەوهەیان کردە ئەوها .

هەروەها لە دەقی ژ$1/$ دا قسەکەر ناتوانێت ڕستەکان لەگەڵ یاسا کۆمەلاّیەتیەکەی بە کار بێنێت :

بە مردوو دەلێت: ئینشائەلاّ پێنج شەش لە گچکەکان شەش حەفت لە گەورەکان.

بە گوێ درێژ دەڵێت: خوا عافوت بکات و ڕەحمت پێ بکات و بت باتە بەهەشتێ.

بە کەسێك دەڵێت : چەغە.



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

ئەگەر قسەكەر قسەكانی بەگوێرەی دەرورو بەرە ڕاستەكان بە كار هێنا بوایە توشی ئەو گرفتانە نەدەبوو، دیارە ئەگەر لەلای(ماسیگر)ەكە بیگوتبایە (ئینشائەلاّ پێنج شەش لە گچكەكان شەش حەفت لە گەورەكان) و لای (مردوو)ەكە بیگوتبایە(خوا عافوت بكات و رەحمت پیێ بكات و بت باتە بەهەشتیێ)و لای(سەگەكانی دەوری كەرە تۆپیوەكە) بیگوتبایە(چەغە) لە دەوروبەری ڕاست بە كاری دەهێنا، بەلاّم لە بەر ئەوەی گرفتی دەروونی هەیە ناتوانێت بە گوێرەی دەوروبەرە ڕاستەكە بەكاریان بێنێت.

هەروەك لە دەقەكەدا دەردەكەوێت سزاكان هەر بە ناو بردن بە شێت ناوەستیت بەڵكو (قسەی پی دەوترێت و لێشی دەدرێت ) زۆر جاریش ئەو كەسانە بەردیان تیێ دەگیرێت و رەنگە زیندانیش بكرێن.



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

# ئه نجامه‌كان

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

1- زمان بە پێی کۆمەڵگا کار دەکات، کۆمەڵگا ئەو هێزە گەورەیە کە لە هەموو لایەکەوە دەوری زمانی داوە.

2- بیرکردنەوەش هەر لە کۆمەڵگاوە سەرچاوە دەگرێت و دەستکردی تاك نییە بەڵکو تاك بیرکردنەوەی خۆی لەو کۆمەڵگایەی کە تیایدا دەژیت دەستی دەکەوێت.

3- کۆمەڵگای کوردی وەك هەموو کۆمەڵگایەکی تر بەرێژەی جیاواز جۆرەکانی بیرکردنەوە(ئەفسانەیی- ئاینی-فەلسەفی-زانستی) تێدایە بەلاّم تاڕادەیەك بیرکردنەوەی ئاینی بەسەر تێڕوانینی کۆمەڵگای کوردیدا زاڵە . لە ڕێگای ئەم بیر کردنەوانەدا دەتوانین یاسا کۆمەلاّیەتیەکانی کۆمەڵگای کوردی دیاری بکەین.

4- زمان پابەندی یاسایە دەنا نابێت بەو سیستمە ڕێکەی کە قسەکەرانی کۆمەڵگایەکی دیاری کراو پەیوەستن پێیەوە .

5- یاسا کۆمەلاّیەتیەکان ئەو یاسایانەن کە مرۆڤ لە کۆمەڵگاکەی وەری دەگرێت و لە ( نەست) ی دا جێگیریان دەکات دەبێتە دەنگێك لە ناوەوەی وای لێدەکات لەکاتی قسە کردندا پابەند بێت پێیانەوە. قسەکەر تەنها ڕەوشتە زمانیەکانی بەپێی یاسا کۆمەلاّیەتیەکان نییە بەڵکو یاسا کۆمەلاّیەتیەکان کاریگەریان لە سەر یاسا زمانیەکانیش هەیە.

6- کاتێك قسەکەر یاسا زمانی و کۆمەلاّیەتیەکانی کۆمەڵگاکەی جێبەجێ کرد قسە کانی بە ئاسایی لە نێو کۆمەڵگا وەر دەگیرێت و کۆمەڵگا پاداشتی دەکات.

7- کاتێك قسەکەر یاسا زمانی و کۆمەلاّیەتیەکانی کۆمەڵگاکەی جێبەجێ نەکرد قسەکانی بە ئاسایی لێ وەرناگیرێت و توشی سزاکانی کۆمەڵگا دەبێتەوە.



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

# پاشکۆی گوتنەکان



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

**دەقی (1)**

**– ماسیگر: ئایش ...ئایش ...ئاه لەو بەختەی ، ڕۆژێ هەتا ئێوارێ بەرهەمم کەونە گۆسکەکە ، تووه لەو بەختەی.**

**ڕەجەب: ماش ماش**

**ماسی گر: چ چ هەستە لێرە ..لاکەوە لێرە( دەست دەکات بەلێدانی ڕەجەب) ماسیەکانمت هەموو بلاۆ کردەوە ، تۆران..**

**رەجەب بە گریانەوە: خالە خالە .، ئەتو خۆت تورە کرد و لێت دام و لە بیرت بردمەوە.**

**ماسیگر: دیارە کوڕم ئەتوو گەلە ك نەزان و هێری ، دوعا بکە هەتا ماسیان زۆر بگرم بلێ ئینشائەلاً پێنج شەش لە گچکەکان شەش حەفت لە گەورەکان بەلکی خودا ڕەحمەکمان پێ بکات.**

**رەجەب: خالە خالە دیسان لە بیرم چۆوە**

**ماسیگر کوڕم بلی ئینشا ئەلاً پێنج شەش لە گچکەکان شەش حەفت لە گەورەکان بەلکی خودا ڕەحمەکمان پێ بکات.**

**رەجەب بەدەم وتنەوەی ئەم قسەیەوە دەڕوات .**

**لەولاوە کۆمەلێك خەلك بە دەم وتنەوەی لا ئیلاهە ئیلەلاًوە دێن و دارە مەیتێکیان لە سەر شانە.**

**رەجەب: ئینشائەلاً پێنج شەش لە گچکەکان شەش حەفت لە گەورەکان .**

**کابریەك دەست دەکات بە لێدانی و دەلێت:**

**کوڕە ئەوە ئەتوو چ دەرێی کوڕە ئەوە ئەتو شەرمێ ناکەی لە خودای ناترسێی بەس نییە ئەو مردیە ، هەتا هاوار بکەی پێنج شەش لە گەورەکان شەش حەفت لە گچکەکان ، بزانە بزانە توشی چ بوینە لا حەولە ولا ئیلا بیلا .**

**رەجەب بە دەم گریانەوە: ئەتۆ ناتەوێ بلێم پێنج شەش لە گچکەکان شەش حەفت لە گەورەکان ئەدی چ بلێم.**

**کابر ئەتو دیارە نەزان و هێری ئێستا فێرت دەکەم چ دەلێی و چ نالێی.باشە بابە دەلێی : خواد عافوت بکات ڕەحمت پێبکات بتباتە بەهەشتێ.**



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

ڕەجەب دەچێتەسەر کەلاکی گوێ درێژێك هاوار دەکات خودا عافوت بکات ڕەحمت پێبکات بتباتە بەهەشتیٚ.

کابریەك دێتە سەر سەری ودەست دەکات بە لێدانی.

کابر:هەی هێرو گێژ ، ئاخر ئەوە کەرە تۆپیە بەرامبەری ڕادەوەستی و دەڵێ خواد عافوت بکات ڕەحمت پێبکات بتباتە بەهەشتیٚ.کافری لە خودا نەترسە

رەجەب: نازانم ، هیچ نازانم کەس فێرم ناکات.

کابر: دەبینم دەگریەی... هەستە هەستە بابم..پیاو بە چویە هەر جێیەکی هیچ نەگریەی باشە ، ئێستا فێرت دەکەم هەتا نەڵێی کەس فێری نەکردووم. ئەگەر کەرەك تۆپی بوو ئەوا هیچ مەڵێ ئەگەر سەگێکیش تۆپی بوو ئەوا دەڵێی چەغە.

ڕەجەب بە دەم وتنەوەی چەغەچەغە دەڕوات و لە بەردەم کوتاڵ فرۆشێکدا ڕادەوەستێت و بەردەوام دووبارەی دەکاتەوە.

کابرا: ئەوە لە گەر منیەتی .

دەست دەکا ت بە لێدانی .

هەتیو بێشەرم، هەی نارەسەن ، هەی ناپەسەند، عەیب ناکەی بە من دەڵێ چەغە ، چما ئەمن سەگم، ئەوەندە چەغەی هەتا ملی خۆت و باو باپیرت دەشکا .

دەقی(2)

بۆ کەس بوون و شتی وا براو شتی وام هەنە بەلاّم برا بیٚ ئیسفادەیە ، بڕا ڕۆژەك دووڕۆ ئیسفادەی هەیە ...

ئەمن حەساری ئەنجوومەنی ئاساشم لە سەر بوو هەتا 2008. لە 2008 لە کۆنگرەی ئەناپۆلیس کە لە کۆشکی سپی کڕا چەندان ولاّتی رەئیسی جیهان لە ویٚ بوون دەبوایە حکوومەتەکی فەڵەستینی دامەزرێت، ڕەئیس حکوومەتەکە ئەمن بووم، ئیدی کە لە 2008 هاتینەوە وەپاش گوێیانیان خستەوە ، دوای ئەوەی لێبوردنی گشتی هاتووەو ئەمن وەبەر لێبوردنەکەی کەوتووم لێبوردنی گشتی جیهان یەعنی ئەنجوومەنی ئاسایشی جیهان لە 20008....

حکومەتی عێراق، یەك شتت با پیٚ بڵێم، حکومەتی عێڕاق ئێوارە بڕیارەکی دەدات بەیانی سەعات 6 بڕیارەکەی لە بیر دەچێتەوە و وە پاش گوێیانی دێخی، ئەگەر



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

شلّپ و هۆڕی سەواریخان هات ،غار دەداتە حکومەتەکان وەرن باڵیوزی خۆ بکەنەوە، ئەتۆ لۆ کێشەی خۆت چارەسەر ناکەی چ ئیشت بەباڵیوز وماڵیۆزانە ، ئەمن بە ڕاستیت پێ بڵێم سیاسەتی هەر ئەوەندەی تێ دەگات .

یاسای نێو دەوڵەتی ، لەوانەیە ئێوە هێشتا تێنەگەن لە بەر چش تێنەگەن، هەموو جار خافیار سۆلانە کە دەیگوت سوریا ، سوریا بە چشی دەگوت بەکوردستانی عێراق، دەیگوت سوریا با تەداخولی دادگای نێودەوڵەتی نەکات ، لە بەر ئەوەی هێشتا نازانن ئەو مەسەلانە چییە ئیحتیمالە بەوشێوەیەی نەزانن.

ئاشتی خۆرهەلاٌتی ناوەڕاست ئەمن دەم کرد.

قانوونی یاسای نێودەوڵەتی ، پێموایە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ، زۆر یاریان بە قەل و قاز و کۆترومڕاوی دەکرد ،مودیری ئاوێیان گۆڕی ، ئەویان کردە ئەوها، قانوونی یاسای ئەڵمانیا وەلاٌ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بە دەرەجە یەك ئەڵمانیا.

## دەقی (3)

لوتفەن گۆ بگرن، دانیشن هەندێ قسە هەیە دەمانوێ بکەین.بەخێربێن حەموو لایەك...بە بۆنەی فیستەفاڵی یەکەمی عەشیرەتی ..... بە خێر بێن...لە فیستەفاڵی یەکەمی عەشیرەتی.....بە خێر بێن.هەستە مام .....، کوتە گۆپاڵ...هەستە وەرە، ساڵی 1863 لە .... هاتیە ......، بە خێر بێی. ئێستا ئەوانەی لە مڵتن لە پشتتن، دوو هەزار و پێنج سەد کەسن.حاجی ...... بە خێر بێی، خۆت و کوتە گۆپاڵت بەخێر بێی.پاش هەزار و سەد و پەنجا ساڵ ئێستا ئەمە لێرە یادت دەکەین.چاو جوان حاجی ..... خەیات، ئێستا مەکینەکەت چکە چکەی لە چاومە..لە گۆمە..حاجی .......چاوەکانت ئێستا لە ژێر چاومە، هەستە ببینە حاجی ..... چت بە جێ هێشتووە. کاکە ...کاکە هەستە چاوت لێم زەق کە ، کاکە هەستە بمبینە، منداڵەکانت ببینە ، ئێستا لە ....سەرقافڵەنە...سەرقافلەنە...سەرقافڵەنە. کوردستان ئاوەدان ،کوردستان ئاوەدان، هەولێر سەرقافڵەی کوردایەتی لە هەولێر، چاو جوانتین، ئێمە هەموو لە هەولێر ...حاجی ...ئاخ چ بکەم حاجی ..... ژان و ئازارت لە ژین ئێستە هەموو بەختیارییە. کاکە حاجی...ئارامیت، یشیت، هەمووت. ئێمەت فێر کرد چۆن بژین ، چۆن چالاکی بکەین. ئاخ مام حاجی ......، ئاخ مام



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

حاجی .... به قوربانی جەمەدانیەکەت بم ، به قوربانی بالاّ درێژت بم ...ئاخ مام حاجی...ئاخ حاجی رەحمان...ئاخ چ بکەم. شەوانی بەغدا پێکەوە ڕاماندەبوارد، پێکەوە دەژییان . ئەوانی دیکە. زۆر زۆر بڕادەرمن. مام .....زۆر زۆر چووی ، خۆزکە ئەوەندە زوو نە چووبای . ئاخ ئەوی پاش قافلاّن ...مام..مام ..... ژیانێکی زۆر سەخت و ژیانت برد...بەز ئەلحەمدولیلا چوار کوڕی وەکی پڵنگت بە جیّ هێشت. مەمنون، مەمنون لە حەموو ئەو کەسانەی کە هاتن لۆ فیستەفاڵی عایلەی ....ئیشەللاّ هەموو ساڵ عەشیرەتی ..... ئاوەدانی کوردستان دەکەن، کوردستان یان ئاوەدان. سوپاس.



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

# سەرچاوەکان



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

## سەرچاوە کوردیەکان

### کتێبەکان :


1- حەمید عەزیز ، ***بنەماکانی فەلسەفەی شیکردنەوەی مەنتیقی*** ، موکریانی ، هەولێر 2005.

2- دیڤید کلۆفێر و سیلاخ سترۆبێرگ، **سۆسیۆلۆژیای مەعریفە**،و: بەختیار عەبدولرەحمان،دەزگای وەرگێڕان، هەولێر، ب .م.

3- شکور مستەفا ، ***ئەندێشە و هونەر لە پێشکەوتنی کۆمەلایەتیدا***،بە هاوکاری سەرۆ قادر، چابخانەی زانکۆی سەلاحەدین ،2003 .

4- شوکر مستەفا ، ***سەرچاوەکانی بیروباوەڕی کوردەواری*** ،بەڕێوبەرایەتی چاپ و پەخشی ڕامان ،هەولێر ،2006 .

5- وریا عومەر ئەمین ، ***چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی*** ، ئاراس ، هەولێر،2004.

6- عەبدولڕەحمان قاسملو : ***کوردستان و کورد*** ، و:عەبدولاٌ حەسەن زادە ، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەلاٌت ،2007 .

7- عزەدین مستەفا ڕەسول ، **ئەدەبی لێکۆڵینەوە فۆلکلۆری کوردی**، دارالجاحڤ بەغداد،1970 .

8- مەسعود موحەمەد ، ***مرۆڤ و دەوروبەر*** ، لەلایەن کتێبێکی ئەرزان، سوێد، 1969.

9- مەولود ئیبراهیم حەسەن ، **پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی** ، چاپخانەی رەنج، سلێمانی،2007 .

10- محەمەد مەعروف فەتاح ، ***زمانەوانی*** ، لە سەر ئەرکی زانکۆی سەلاحەدین ، چاپ دراوە،1987.


### نامە زانکۆییەکان :


11- دانا تەحسین محەممەد،**نەخۆشی زمان گرتن لە نێو منداڵانی کورد دا**، ماستەر،زانکۆی سەلاحەددین،کۆلێژی زمان،هەولێر،2008.




Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

12- دیار علی کەمال، ***ڕێزمانی کوردی- ڕوانگەیەکی بەرهەم هێنان وگوێزانەوە***، ماستەر،کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، 2002.

13- ساجیدە عەبدولاّ فەرهادی، ***ڕستەو پاش ڕستە*** ، دکتۆرا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر،2003 .

14- سازان رضا معین، ***واتاو دەوروبەر*** ، ماستەر، کۆلێژی پەروەردە،زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، 2005 .

15- طالب حسین علی، ***هەندێ لایەن لە پەیوەندی نێوان واتاو ڕستە لە کوردیدا،*** دکتۆرا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین ، هەولێر،1998 .

16- عەبدوسەلام نەجمەدین عەبدولاّ، ***شیکردنەوەی دەقی شیعری لە ڕووی زامانەوانیەوە***، ماستر،کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر،2007.

17- عەبدولاّ عەزیز محەمەد، ***گۆڕانی واتای وشە لە زمانی کوردی دا***، کۆلێژی ئاداب-زانکۆی سەلاحەدین،ماستەر، هەولێر،1990.

18- عەبدولواحد مشیر مەحمود دزەیی ، ***ڕەهەندی دەروونی لە بواری ڕاگەیاندندا***، دکتۆرا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر،2004.

19- عەبدولواحد مشیر مەحمود دزەیی، ***پێکهاتنی ئاخاوتن لە زاری هەولێر دا***، ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، 1999 .

20- قەیس کاکل توفیق، ***تیۆری کردە قسەییەکان***، ماستەر، کۆلێژی ئاداب زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر ،2002 .

21- هۆگر مەحمود فەرەج ، ***پراگماتیك و واتای نیشانەکان***، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، 2000 .

22- هێمن عەبدول حەمید شەمس، ***شێواز ودەربڕین لە بۆنە کۆمەلاّیەتیەکاندا***، ماستەر، زانکۆی پەروەردە ، زانکۆی کۆیە، کۆیە، 2006.



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

### گۆڤارەکان:

23- طالب حسين علي، ***تیۆری سیاقی وشیکردنەوەی واتا لە زمانی کوردی دا*** ، گۆڤاری زانکۆ،گۆڤاری زانستە مرۆڤایەتییەکان/زانکۆی سەلاحەدین، ژمارە :25، 2005.

23- عەبدول واحید موشیر دزەیی ، ***واتای هاورێیەتی لە بواری ڕاگەیاندن***، گۆڤارا زانکۆیا دهۆك، مرۆڤایەتی ئەکادیمی ، بەربەندا (15) هژمارا (4) ، .2007.

24- عەبدولڵا حسێن رەسولٚ،**مێژووی شێوەزاری گەرمیان**، گۆڤارا زانکۆیا دهوك(مرۆڤایەتی- ئەکادیمی)، بەربەندا (5) هەژمارا (1)،2002.

25- محەمەد مەعروف فەتاح ، ***سنور و بنەما و ئەرکەکانی کۆزمانەوانی*** ، ڕۆشنبیری نویٚ ، ژ112، بەغدا ، 1986 .

26- هیمداد حوسێن ،**پەندی پێشینانی کوردی بە شێوازی ئەردەڵانی**، ئاسۆی فۆلکلۆر،ژمارە(6)،.2004.

27- عبدالواحد مشیر دزەیی،**ڕێزگرتن لە دیدی پراگماتیکدا**، باسێکی بڵاو نەکراوە،(ب.م)

### سەرچاوەی نموونەکان:

28- شێرکۆ بێکەس ، ***بۆننامە***، لەبڵاوکراوەکانی ئەدەبی و ڕوناکبیری گەلاوێژ،چاپی یەکەمی، سلێمانی ، 1998.

29- عەباس چنارانی ، ***پەندی پێشینان*** ، هەولێر ، چاپخانەی ڕۆشنبیری هەولێر،.2007

30- چیرۆکی تەمسیلی هەبوو نەبوو، دەرهێنانی سەعدون یونس .

31- ڤیستڤاڵی خێزانێکی تورکمان.

32- تەلەڤزیۆنی ئاسمانی کوردستان، بەرنامەی زووم ئین، 2008 .

### کتێبە عەرەبیەکان :

33-ئوتو كينبرغ ،**علم النفس الاجتماعي**، ت:حافظ الجمالي، دار المكتبة الحياة بيروت، ب.ت.

34-ابراهيم السامرائي، **التطور اللغوي التاريخي**، مكتبة الاندلس، بغداد، .1981




Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

35-ابراهيم انيس،**اللغة بين قومية والعالمية**،دار المعارف بالمصر، القاهرة، 1970.
36-احسان محمد حسن، **رواد الفكر الاجتماعي**، وزارة تعليم العالي والبحث العلمي، بغداد ،.191
37-احمد عبد الطيف وحيد ، علم النفس الاجتماعي،دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة،بغداد ، 2001 .
38-احمد مختار العمر ،،**علم الدلالة** ، مكتبة الدار العروبة لنشر والتوزيع، ط/1، الكويت ،1982 .
39-بختيار ابراهيم فتاح، **طروحات علي وردي وفرضياته الاجتماعية و مدى انطباعها على مجتمع الكوردي**،كلية اداب، جاحعة صلاح الدين،اربيل،.2007
40- بدرخان سندي، **المجتمع الكوردي في منضور الاستشراقي**،دار اراس للطباعة والنشر،اربيل،.2002
41- تيرينس موور و كرستين كارلنغ، **فهم اللغة : نحو علم اللغة ما بعد جومسكى**،ت: دكتور
42- حامد حسين حاج، دكتور سلمان داود واسطي ، دار الشؤن الثقافة العامة، بغداد،1998 .
43- جمعة سيد يوسف ، **سايكولوجية اللغة والمرض ( العقلي )** عالم ( المعرفة ) سلسلة كتاب الثقافية شهرية ، يصدرها المجلس الوطني للثقافة والفنون والاداب ، الكويت ، 1990 .
44- جون لاينز ، **علم الدلالة** ،ت، مجيد حليم مشاطة ، حليبم حسين فالح ، كاظم حسين باقر ، بصرة ،.1968
45- حاتم صالح الضامن ، **علم اللغة** ، طبع بمطبعة التعليم العالي بالموصل ، 1989 .
46- داود عبده ، **دراسات في علم اللغة النفس** ، ط/1 ،الكويت ، 1984 .
47- روي ، سي ، هجمان ، **اللغة والحياة والطبيعة البشرية** ، ت، د.داود حلمي احمد السيد ، الطبعة الاولى ، طبع على نفقة جامعة الكويت ، 1989 .
48- زواوي بغورة، **الفلسفة واللغة**،نقد المنعطف اللغوي في الفلسفة المعاصرة، دار الطباعة والنشر، بيروت لبنان، 2005.
49- زيدان عبد الباقي،**التفكير الاجتماعي**،**نشاته وتطوره**، مكتبة الغريب، القاهرة، 1970.
50- سليم بركات ، **تطور الفكر الاجتماعي العربي**، مطبعة ابن حيان،دمشق،.1988



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

51- چارلس ماض ، **المجتمع في الاعقل**، عناصر الفكر الاجتماعي،ت:د. احسان محمد حسن، ار شؤن ثقافية عامة، بغداد .،1990

52- عبد الرحمن بن خلدون،**مقدمة ابن خلدون**،دار الكتب العلمية، بيروت.،2006

53- عبد الصبور شاهين، **في علم اللغة العام**، مؤسسة الرسالة ، بيروت،

55- عبد الله محمد الغذامي، **المراة واللغة**، مركز الثقافي العربي،بيروت.،1997

56- عبدالرحمن عيسوي، **سايكولوجية الخرافة و تفكير العلمي**، منشاة المعارف، اسكندرية ، 1982-.1983

57- عزمى اسلام ، 1985 ، **مفهوم المعنى دراسة التعليمية** ، حوليات كلية الاداب اعولية السادسة ، الكويت .

58- علي عبد الواحد وافي ، 1951، **اللغة والمجتمع** ، قاهرة ، مطبعة نهضة بمصر .

59- علي عبدالواحد وافي ، **علم اللغة**، دار النهضة للطبع والنشر، لقاهرة،1972.

60- فؤاد زكريا، التفكير العلمي ، عالم المعرفة ، الكويت .،1987

61- قيس نوري، **الاحضارة والشخصية**، دار الكتب للطباعة والنشر، بغداد ، .1981

62- مجيد حميد عارف، **الاثنولوجيا والفولكلور**، ( علم التراث الشعيي- النطقي والمادي)، مطابع التعليم العالي، بغداد، 1990.

63- محمد انطاكي ، **الوجيز في فقه اللغة**،منشورات دار الشرق،حلب، 1969.

64- محمد حافظ دياب، درس اللغة والتقليد انثروبولوجي،ب.ت
http://www.nizwa.com/volme43/p73-91htm

65- محمد عبد المنعم نور، **المجتمع الانساني**، مكتبة قاهرة الحديثة، القاهرة، 1970

66- محمود السعران ، **علم اللغة مقدمة للقارىء العربى** ، دار المعارف بمصر .،1962

67- محمود سعران ، **اللغة والمجتمع** ،رأى وامنهج ، بنغازى، 1958 .

68- محي الدين عبد الرحمن وتوق،**المدخل الى علم النفس**، دار الفكر، عمان.،1998

69- مصطفى لطفي ، **اللغة العربية في اطارها الاجتماعى** ، معهد الانماء العربي (ب.ت)

70- موفق الحمدانى ، **اللغة والعلم والنفس** ، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي ، طبع بمطابع دار الكتب للطباعة والنشر ، جامعة الموصل ، 1982 0

71- ميشال زكريا، **السنية علم اللغة الحديث**، المبادي والاعلام، بيروت،1980.



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

72- نادية رمضان نجار، **اللغة وانضمتها بين قدماء والمحدثين**، دار الوفاء لدنيا طباعة والنشر، الاسكندرية، 2004.

73- نايف خرما ، **اضواء على دراسات اللغوية معاصرة** ، ( عـالم المعرفـة ) سلسـلة كتـب الثقافية، يصدرها المجلس الوطني للثقافة والفنون والاداب ، الكويت ، 1978 ،

74- نبيل عبد الحميد عبد الجبار، **تاريخ الفكر الاجتماعي**، مطبعة وزارة التربية، اربيل، 2005.

75- بيل عبدالحميد عبد الجبار، **الفلسفة لمن يريد**، مطبعة حاج الهاشم، اربيل،.2003

76- نعوم جومسكي ، **جوانب من نظرية النحو** ، ت: مرتضى جواد باقر، بصرة ،1985 .

77- هادي نهر ، **علم اللغة الاجماعي عند العرب** ، دار الفنون، بيروت ، 1988 .

78- هاشـم طـه عقـراوي، **الاسـس نفسـية والاجتماعيـة للقبائـل الكرديـة**، وزارة الثقافـة والاعلام،بغداد ،1971.

79- هدسن ، **علم اللغة الاجتماعي** ، ت : محمود عبد الغـني عيـاد ، مراجعـة، د. عبـدالامير الاعسم ، **دار الشؤن الثقافية العامة** ، سلسلة مأة كتب ، بغداد ، 1987 .

80- وليم شانر ، **الطريق الى تفكير المنطقي**، ترجمـة: د.عطيـة محمـود هنـا، اشـراف و تقـديم: عبدالعزيز القوصي، مكتبة النهضة المصرية مع مؤسسة فرانكلين للطباعة و النشـر، القـاهرة– نيويورك، 1961.

## كتێبه فارسيه‌كان

82- ارنست كاسيرر، **افسانه‌ى دولت** ، ت: نجف دريابندرى، انتشارات خوارزمى، 1362 (1983)، تهران.

83– گئورگى پلخانوف ، **منتخب اثار فلسفي**، انتشارات ما،چاپ اول، تهران،1361 (1982)

84– جل وار برتون ، **الفباي فلسفة**، ت:مسعود عليا، انتشارات قنقوس، 1385 (1996).



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

### کتێبە ئینگلیزییەکان:

85- richards, jack c. &schmitd,richard w. **language and communication**,Longman,London,1983.

86- hart man r. r. k,srork f.c,**dictionary of language and linguistics** appplid science publishers,1987.



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

حكومة اقليم كردستان
وزارة التعليم العالي و البحث العلمي
جامعة صلاح الدين/ اربيل

# اللغة و القوانين الاجتماعية

## (دراسة لغوية الاجتماعية)

رسالة تقدم بها الي مجلس كلية اللغات – جامعة صلاح الدين /اربيل
و هي جزء من متطلبات نيل درجة ماجستير في اللغة الكوردية

من قبل
**بەهار زاير محمد**
بكالوريوس في اللغة والادب الكوردي جامعة صلاح الدين 2001 -2002

باشراف
**د.عبدالواحد مشير دزەيى**



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

# ملخص البحث

ان علم اللغة اجتماعي هو العلم الذي يحدد العلاقة بين اللغة والمجتمع، و بالاعتماد على هذا العلم يحاول البحث ان يحدد تأثيرات المجتمع في اللغة عن طريق القيود التي يفرضها على الفرد اثناء الكلام، وفي وقت نفسه يضع تفكير الفرد ايضا تحت تصرف المجتمع ،لأن الفرد لا يصنع تفكيره ، و إنمَا يحصل عليه من خلال المجتمع الذي يعيش فيه. وتتخذ القيود التي يفرضها المجتمع على الفرد أثناء الكلام شكل مجموعة قوانين ، بحيث اذا أخل الالتزام بها يتعرض لعقوبات المجتمع.

يتألف هذا البحث من مقدمة وثلاثة فصول ونتائج وملحق للأقوال .يتحدث الفصل الأول من البحث عن علم اللغة الاجتماعي، كما انه ينظر الى اللغة كظاهرة اجتماعية ، ويحدد تأثيرات المجتمع في اللغة، وفي ختام الفصل تمّ التطرق الى الاخلاق الاجتماعي ، وكيف انَ الفرد بامكانه ان يصبح فرداً من المجتمع عن طريق الاتزام به.

وتمّ في الفصل الثاني الحديث عن علاقة اللغة بالفكر، ففصل القول في علاقتهما بعضهما ببعض ، اذ لا تنجح عملية لتفكير والكلام إلا بوجودهما ، كما تحدث عن التفكير الاجتماعي، وكيف انّ التفكير الفرد يتشكل من مجتمعه ، وتطرق هذا الفصل ايضاً الى المجتمع الكوردي ، ومن أجل الامثلة (النماذج) تم الاعتماد على الامثلة الكردية ،و عن طريقها تناول البحث تفكير المجتمع الكردي تجاه بعض المفاهيم .كما حدَد انواع التفكير : كالتفكير الأسطوري ، و الديني والفلسفي و العلمي .

و تناول الفصل الثالث الحديث عن علاقة اللغة بالقانون ، ثم حدَد القانون (الصوتي، والصرفي ، والنحوي ،و الدلالي ، و البراغماتيكى)، و بعد ذلك القى البحث الضوء علي القوانين الاجتماعية التي تدير عملية التخاطب،وفي الختام تم الحديث عن تطبيق و عدم تطبيق القوانين والذي بسببة نتعرض الى الثواب والعقاب.



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

**Kurdistan Regional Government / Iraq**
**Ministry of Higher Education and Scientific Research**
**Salahaddin University / Hawler**

# LANGUAGE AND SOCIAL RULES

A Study in Sociolinguistics

A Thesis
Submitted to the Council of the College of Languages /
Salahaddin University / Hawler
In Partial Fulfilment of the Requirements for the Degree of
Master of Arts in Kurdish Language

By
**Bahar Zayr Muhammad**
B.A. / Salahaddin University / **2001-2002**

Supervised by
**Dr. Abdulwahid m. dizayi**



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

# Abstract

Sociolinguistics is the science which deals with the relation ship between language and society. The researcher tries to specify the effects of the society on language by indicating the constraints it imposes on individuals while speaking. At the same time, it poses the thinking of the individual under the effect of the society because thinking is not man's creation as he obtains it from the society in which he lives. The constraints imposed by the society will take the shape of some rules and any deviation from them will lead tosocial consequences.

This thesis is composed of an introduction and three chapters, in addition to an appendix.

The first chapter dials with field of Sociolinguistics. In this chapter language is regarded as a social phenomenon and also the effects of the society on language are identified. The last section of this chapter clarifies the way of attaining social abehavior; it explains how an individual through such behavior can become a member of his society and deal with others.

The link between language and thought, their interconnected relation, comprises the core of the second chapter. Without language or thought the processes of thinking and speaking will not be successful. Besides, in this chapter the researcher sheds light on social thinking, on how every individual's thinking sources from his society. Meanwhile, the thinking of Kurdish society has been spotlighted and the Kurdish proverbs have been used as examples. How Kurdish society thinks of certain concepts is highlighted via explanation of these proverbs. Also the types of thinking are specified, namely, the mythical, religious, philosophical, and scientific thinking.

The third chapter points out the relation between language and the rules of. The phonological, morphological, syntactic, semantic, and pragmatic rules and. Also the social rules which direct speech are discussed. Finally the researcher sheds light on complying with these rules or disobeying them; on how these situations consequently lead to the individual's reward or punishment in the society.



Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)